# ڕووداو

RÛDAW

ژمارە (530) دووشەممە 2018/11/19 - 28ی گەلاڕێزان 2718 (750) دینار


## حەکیم کاکەوەیس، نووسەر و وەرگێڕی کورد کۆچی دوایی کرد

**ڕووداو - هەولێر**

نووسەر و وەرگێڕی ناسراوی کورد حەکیم کاکەوەیس، دوێنێ یەکشەممە 18-11-2018 لە شاری بەغدا ماڵئاوایی یەکجاری کرد. کاکەوەیس کە ساڵانێک بوو لە سوید نیشتەجێ بوو، بەم دواییە گەڕابووەوە گوندی حەسار لە نزیک کەرکووک.



حەکیم کاکەوەیس، ساڵی 1949 لە گوندی حەساری گەورەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کەرکووک لەدایکبووە. باوکی چوار کوڕ و کچێکە. خوێندنی سەرەتایی و قۆناغی ئامادەیی لە کەرکووک تەواو کردووە و ساڵی 1973 بەشی بیرکاری لە کۆلیژی زانست لە زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە.

لە دوای زانکۆش تاوەکو نسکۆی شۆڕشی ئەیلول پێشمەرگە بووە. هاوینی 1975 لە بەغدا وەکو فەرمانبەری پرۆگرامسازی لە وەزارەتی پلاندادان دامەزراوە و تاکو ساڵی 1980 بەردەوام بووە. ساڵی 1984 چووەتە سوێد و لە ساڵی 2000 بەهۆی نەخۆشیی دڵ خانەنشین کراوە. پاشان سوێد جێدەهێڵێت و دەگەڕێتەوە بۆ زیدی خۆی لە گوندی حەسار و خۆی بۆ خوێندنەوە و نووسین و وەرگێڕان تەرخان دەکات.

جگە لە بەرهەمە ئەدەبی و سیاسیەکانی خۆی، چەندین بەرهەمی لە عەرەبی و سوێدییەوە بۆ کوردی وەرگێڕاوە و زۆربەی بەرهەمەکانی بیرمەندی کورد مەسعود محەممەد ی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی وەرگێڕاوەتەوە.

## پەرلەمانتارانی خولی پێنجەم تا سێ مانگی دیکە مووچە وەرناگرن

4

## قاسم سولەیمانی.. لە کرێکارییەوە بۆ ناودارترین فەرماندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

7

## "عادل عەبدولمەهدی بەڵێنی پشکی کورد لە بودجەدا زیاد بکات"

3

## یەکێک لە جێگرەکانی سەرۆکی پەرلەمان دەدرێتە تورکمان

# سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پەرلەمان دوو جێگریان دەبێت



3

## ڕاپۆرتە هەواڵ 2

### لە هەولێر کچێک لەسەر مۆبایل دەکوژرێ



## ئابووری 8

### شەش هوتێلی پێنج ئەستێرەیی لە کوردستان داخراون

## ئەدەب 4

### بارزانی لە ئینسایکلۆپیدیای بەریتانی دەربهێنن




## کۆمەڵایەتی 13

### هەشت کەس دەستدرێژی دەکەنە سەر کچێکی 12 ساڵان



ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (530) - دووشەممە 2018/11/19



## پۆلیسی سلێمانی دوو ساختەکار دەستگیردەکات

**ڕووداو– هەولێر**

پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند، دوو تۆمەتبار دەستگیرکراون کە تۆماری زەوی و زاریان ساختە کردووە. لە ڕاگەیێندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند، هێزەکانی بنکەی پۆلیسی هەواری شار بە هاوئاهەنگی بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان، دوو تۆمەتباریان دەستگیرکرد، "کە تۆماری زەوی و زاریان ساختەکردبوو، زەوییەکانیان بە هاووڵاتیان فرۆشتبوو". پۆلیسی سلێمانی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، هەریەک لە تۆمەتباران (ع،ر،ح) دانیشتووی شاری کەرکووک و (ک،ع،ش) دانیشتووی شاری هەولێر بە فەرمانی دادوەر و بەپێی ماددەی 456 لەیاسای سزادانی عیراقی ڕاگیراون ، ڕەنگە فەرمانی دەستگیرکردن بۆ کەسانی دیکەش دەربچێت کە دەستیان لەم تاوانەدا هەیە.

## برایەکی دەستگیرکراوە و یەکێکیشیان هەڵاتووە

# لە هەولێر کچێک لەسەر مۆبایل دەکوژرێ

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو– هەولێر**

لە گەڕەکی ڕۆشنبیرانی شاری هەولێر کچێکی 17 ساڵان بەناوی (شەیما ک) بەدەستی برایەکی دەکوژرێ. برا بچووکی کچەکە کە خۆی ڕادەستی پۆلیس کردووە، هۆکاری کوشتنەکەی بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە ماوەی دوو ڕۆژ نەگەڕاوەتەوە ماڵەوە، بەڵام شایەتحاڵێک دەڵێت کچەکە مۆبایلی لەدەست بینراوە، بۆیە کوژراوە.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێوارەی 2018/10/30 پۆلیس ئاگادارکرایەوە کە کچێک لە گەڕەکی ڕۆشنبیرانی شاری هەولێر لە ماڵەکەی خۆیاندا خۆی کوشتووە، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە کچەکە کوژراوە".

گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەشڵێت: "یەکێک لە براکانی کچەکە بەناوی (م) کە تەمەنی 20 ساڵە، دەستگیرکراوە و دانی بەوەدا ناوە کە خوشکەکەی بە چەکی کلاشینکۆف کوشتووە، 7 گوللەی پێوەناوە، چونکە دەڵێت شەیما چووەتە دەرەوە و دوو ڕۆژ نەگەڕاوەتەوە ماڵەوە، بۆیە کوشتوویەتی".

شایەتحاڵێکی ڕووداوەکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "نزیکەی کاژێر چواری ئێوارە بوو گوێمان لە دەنگی تەقە بوو لە ماڵی شەیما، چووینە بەردەرگاکەیان و پرسیمان چی بووە، دایکی شەیما هاتە دەرەوە و گوتی ئێوە حەقتان نەبێت و پەیوەندی بە کەسەوە نییە. دوای ئەوەی هێزە ئەمنییەکان گەیشتنە شوێنەکە، زانیمان کە کچەکەیان بە دەستی براکەی کوژراوە".

> **شەیما دەستی بە دەموچاوییەوە گرتووە پێش ئەوەی بیکوژن**
> پۆلیسی هەولێر

سەرەتا خێزانەکەی گوتوویانە کە کچەکەیان خۆی کوشتووە، بەڵام دوای لێکۆڵینەوەی پۆلیس دەرکەوتووە شەیما بەدەستی یەکێک لە براکانی کوژراوە. یەکێک لە کەسە نزیکەکانی خێزانەکە باس لەوە دەکات کە برا گەورەکەی شەیمای بینیوە بە چەکەوە هاتووەتە دەرەوە و گوتوویەتی پرسەی بۆ دامەنێن.

هەرچەندە برا بچووکەکەی لەلای پۆلیس دانی بەوەدا ناوە کە ئەو کوشتوویەتی، بەڵام شایەتحاڵەکان دەڵێن ئەوەی شەیمای کوشتووە برا گەورەکەی بووە. شایەتحاڵێکی ڕووداوەکە دەڵێت: "نزیکەی هەفتەیەک بوو ئەم خێزانە بەردەوام دەنگەدەنگیان بوو، ڕۆژی ڕووداوەکەش شەیما لەگەڵ دایک و باوکی لە ماڵەوە بوون، دەڵێن دایکی مۆبایلی بەدەستی کچەکەیەوە بینیوە و بانگی کوڕە گەورەکەی کردووە کە دراوسێی خۆیانە، ئەویش هاتووە و کوشتوویەتی".

یەکێک لە کەسە نزیکەکانی شەیما دەڵێت: "کچێکی ڕێکوپێک و هێمن و لەسەرخۆ بوو، هەموو هەڵسوکەوتەکانی جوان و باش بوون، بەڵام زۆربەی کات بێتاقەت و خەمبار بوو، چونکە خۆی باسی ئەوەی دەکرد کە دایکی زۆر توند و خراپ بووە لەگەڵی و نەیدەهێشت بچێتە دەرەوە لە ماڵەوە. تەنانەت دەیگوت قسەکانی دایکم وەکو گوللە وان کە پێمەوە دەنێت".

شەیما بە ڕۆیشتنی براکەشی بێتاقەت دەبوو، ئەو کەسە نزیکەی دەڵێت: "شەیما خەمی لە (م)ی براشی دەخوارد، چونکە ئەویش بەهۆی بێزاری لە ماڵەوە چەند جارێک هەڵاتووە و ڕۆیشتووە بۆ تورکیا، ئەمەش زۆر بێتاقەتی دەکرد".

شەیما ئەمساڵ وازی لە خوێندن هێنابوو، ئەو کەسە نزیکەی ماڵی شەیما دەڵێت: "خێزانەکەی دڵیان پیس بوو، بۆیە دوای ئەوەی لە قوتابخانە دەرچووە و بووەتە پۆلی 11ـی ئامادەیی، دایکی نەیهێشتووە بەردەوام بێت و بچێتەوە قوتابخانە".

شەیما بە هیوایەکی زۆرەوە دەژیا، بەڵام ئێستا لەنێو گۆڕێکی نارێکدا نێژراوە. تەنانەت خێزانەکەی پرسەشیان بۆ دانەنا. کەسە نزیکەکەی خێزانەکە دەڵێت: "ئەوانە کێشەی خێزانییان هەبوو، غەدرێکی گەورەیان لەو کچە کرد، بە کوشتنی شەیما تاوانێکی گەورەیان کرد و خۆشیان لەکەدار کرد، پێم سەیرە ئافرەت تەنیا لەبەرئەوەی مۆبایلی بەدەستەوە ببینرێت لەلایەن کەسوکارییەوە بکوژرێت، تەنانەت پرسەشیان بۆ دانەنا، یەکێک لە براکانی گوتبووی ئێمە لەسەر وەسیەتی خۆی پرسەی بۆ دانانێین".

گوتیشی: "ئەگەرچی برا گەورەکەی تۆمەتبار دەکرێت بەوەی کە شەیمای کوشتووە، بەڵام لە کاتی ناشتنی تەرمەکە دوور لە خەڵکەکە بینیم وەستابوو، ئێستا دەڵێن هەڵاتووە و نازانن لەکوێیە".

بەگوتەی هۆگر عەزیز، چەند گوللەیەک بەر دەست و سەر و سنگی شەیما کەوتووە، وا دیارە کچەکە لە ترسان دەستی بە دەموچاوییەوە گرتووە لەوکاتەدا.

گوتیشی: "پۆلیس بەدوای ئەو کەسانەدا دەگەڕێت کە هاوکار و بکەری ئەو تاوانەن".



خێزانەکەی پرسەیان بۆ شەیما دانەنا

# پیاوێک بازرگانی بە تەرمی کۆچبەرانەوە دەکات

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

پیاوێکی کورد لە یۆنان و تورکیا بازرگانی بە تەرمی ئەو کۆچبەرانەوە دەکات کە لە ڕێگای گەیشتن بە ئەورووپا دەخنکێن، یان بە نەخۆشی یا هەر هۆکارێکی دیکە دەمرن. کەسوکاری یەکێک لەو منداڵانەی کە پیاوەکە پارەی لێوەرگرتوون، سکاڵایان لەسەر تۆمار کردووە.

ساڵی ڕابردوو خێزانێکی پێنج کەسی دانیشتووی ڕانیە کە دەیانویست لەڕێگەی قاچاخەوە بگەنە ئەورووپا، لە یۆنان کوڕێکی نەخۆشیان دەمرێ. شوکریە حەمەد، 66 ساڵ کە خاوەنی 6 کوڕ و 3 کچە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "یەکێک لە کوڕەکانم لەگەڵ ژنەکەی و سێ منداڵەکەی ویستیان بچنە ئەورووپا، کچەکەی کە 12 ساڵە و یەکێک لە کوڕەکانی تەمەنی 9 ساڵە شەلەل دەماغ بوون، ئەوی دیکەشیان تەمەنی پێنج ساڵە و کەڕولاڵە، منیش پێم بەخێو نەدەکران، ناردمن بۆ ئەورووپا تاوەکو لەوێ حکومەت یارمەتییان بدات و بەخێویان بکات، چارەسەری نەخۆشی منداڵەکانیشی بکرێت، زیاتر لە 12 هەزار دۆلارمان خەرج کرد تاوەکو گەیشتنە یۆنان".

دوای ئەوەی دەگەنە یۆنان، یەکێک لە منداڵە نەخۆشەکان دەمرێت، ئەمیر زرار، باوکی منداڵەکان دەڵێت: "کەیوان شەلەل دەماغ بوو، بردمانە نەخۆشخانەیەکی ئەسینا و چارەسەری وەردەگرت، بەڵام دواتر مرد، نەخۆشخانەکەش تەرمی کوڕەکەمی ڕادەستی شارەوانی کرد و لە گۆڕستانێکی مەسیحییەکاندا ناشتیان".

دوای مردنی کەیوان، کەسێک فێڵ لە خێزانەکە دەکات و بەناوی هێنانەوەی تەرمەکەی پارەیان لێوەردەگرێت، شوکریە حەمەد گوتی: "کوڕەکەم خۆی کەمێک ناتەواوە و فەقیرحاڵە، کەسێک بەناوی (ڕزگار. م) کە خەڵکی دهۆکە، بە کوڕەکەمی گوتووە ئێمە دەسەڵاتمان هەیە و تەرمی کوڕەکەت بۆ وەردەگرمەوە و دەیگەڕێنمەوە بۆ کوردستان، کوڕەکەشم متمانەی پێکردووە و 1400 دۆلاری داوەتێ بۆ ئەوەی تەرمەکەی بۆ بهێنێتەوە کوردستان، بەڵام دوای ئەوەی پارەکەی وەرگرتبوو، خوی لێ ون کردبوو".

ماڵی باوکی ڕزگار لە دهۆکە، کەسوکاری ئەمیر لە کوردستان بەدوایدا دەگەڕێن، بۆ ئەوەی پارەکەی لێوەربگرنەوە، شوکریە حەمەد گوتی: "زۆر گەڕاین و پرسیارمان کرد تاوەکو توانیمان ماڵی باوکی لە دهۆک بدۆزینەوە، بەڵام کە چووین باوکی گوتی ئێوە تەنیا کەس نین کە کوڕەکەم فێڵی لێکردوون، چەندین کەسی دیکەشی هەڵخەڵەتاندووە و پارەی لێوەرگرتوون، قەرزداری زۆر کەسە، بڕۆن بیدۆزنەوە و پارەکە لە خۆی وەربگرنەوە".

دوای ئەوەی کەسوکاری منداڵەکە بێهیوا دەبن لە وەرگرتنەوەی پارەکە، سکاڵای لەسەر تۆمار دەکەن، نەنکی منداڵەکە دەڵێت: "ڕۆژی 2018/11/5 چوومە بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەران و سکاڵام لەسەر ئەو کەسە تۆمار کرد کە پارەی لە کوڕەکەم وەرگرتووە".

لەبارەی ئەو کەیسە، شادان عەبدولکەریم، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەرانی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو) گوت: "کەسوکاری منداڵەکە هاتنە لای ئێمە و سکاڵایان کرد. ئێمەش لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤمان لە وەزارەتی ناوخۆ ئاگادار کردووەتەوە".

ئەمیر و خێزانەکەی دەیانەوێت تەرمی کوڕەکەیان بگەڕێننەوە کوردستان، بەڵام ڕێگەیان پێنادرێت، خالس ئیبراهیم ئەحمەد، بەرپرسی یەکێتی فیدراسیۆنی پەنابەران و ڕەوەندی کوردی لە ئەورووپا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای هەفتەیەک لە ڕووداوەکە ئێمەیان ئاگادارکردەوە، پەیوەندیم بە نەخۆشخانەکەوە کرد، گوتیان شارەوانی لە گۆڕستانێک بەخاکیان سپاردووە، باوکی منداڵەکە داوای کرد تەرمەکەی بیەینەوە کوردستان، ئێمەش پارێزەرێکمان گرت و داوامان کرد دادوەر فەرمانی گەڕاندنەوەی تەرمەکە بدات، بەڵام دادوەرەکە گوتی بەپێی یاسا ناتوانم ڕێگە بدەم تەرمەکە دەربهێنرێتەوە، بەڵکو دوای 3 ساڵ دەتوانین فەرمانی دەرهێنانەوەی تەرمەکە بدەین".

لەبارەی گەڕاندنەوەی ئەو پارەیەی کە بە ڕزگار دراوە، خالس ئیبراهیم گوتی: "باوکی منداڵەکە گوتی، کابرایەک بەناوی هێنانەوەی تەرمی کوڕەکەم بۆ کوردستان 1400 دۆلاری لێوەرگرتووم، بەڵام قسەمان لەگەڵ ڕزگار کرد، ئەو دەڵێت ئەمیر قەرزداری هاوڕێیەکی من بووە و پارەکەم لێوەرگرتووەتەوە، بەڵام ئەو قسەیەی ڕزگار وانییە، چونکە خێزانەکە پێشتر ڕزگار و ئەو کەسەشیان نەناسیوە کە گوایە قەرزداری بووە، بۆیە فێڵیان لێکراوە و پێویستە لەڕێگەی یاسا و پۆلیسی ئینتەرپولەوە کەسەکە دەستگیر بکرێت و پارەکەی لێوەربگیرێتەوە".

> **1400 دۆلاری بەناوی هێنانەوەی تەرمی منداڵەکەم لێوەرگرتین**
> کۆچبەرێک

ئەمیر و خێزانەکەی شەش مانگە لە یۆنانن، پارەیان نییە پێی بچنە وڵاتێکی دیکە، یان بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان، هەروەها ناشیانەوێت تەرمی کوڕەکەیان لەوێ بەجێبهێڵن، بۆیە یەکێتی فیدراسیۆنی پەنابەران و ڕەوەندی کوردی لە ئەورووپا شوێنیان بۆ دابینکردوون، خالس ئیبراهیم دەڵێت: "لەسەر داوای ئێمە ڕێکخراوێکی یۆنانی هاوکاری خێزانەکەی کردووە و شوقەیەکی داونەتێ، مانگانەش 500 دۆلارێکیان دەدرێتێ".

## لەکاتی کۆڕەوەکەدا لە سەردەشت جێهێڵراوە

# گەنجێک 15 ساڵە بەدوای خێزانەکەیدا دەگەڕێت

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

غەریب لە کۆڕەوەکەی ساڵی 1991 لە شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەرماوێکدا بەجێدەهێڵرێت و لە کەسوکارەکەی دادەبڕێت، ئێستا باوکی سێ منداڵە، ئەو دەیەوێ جارێکی دیکە بە خێزانەکەی شادببێتەوە.

ئاوارە ڕەسوڵ پوور (غەریب)، کەسوکارەکەی 27 ساڵ لەمەوبەر و لە تەمەنی 6 مانگی و لە ئاوارەییدا بەجێیانهێشتووە. ئەو چیرۆکی ژیانی بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "ساڵی 1991 لە کۆڕەوەکەی خەڵکی باشووری کوردستان لە خێزانەکەم دابڕاوم و لە ماڵێکی شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەورە کراوم".

ئەو پیاوەی غەریبی وەرگرتووە ناوی ڕەسوڵ سەلیم بووە، پێیگوتووە لە بەردەم گەرماوی سەردەشت بەجێهڵدراوە. ئەو پیاوە دواتر بە غەریبی گوتووە "ژنێک هاتە بەردەمم کە خەڵکی باشووری کوردستان بوو، جلوبەرگی کوردی لەبەردابوو، پێیگوتم ئەو منداڵەم بۆ بگرە تا دەچمە گەرماوەکە و دێمەوە. ژنەکە چووە ژوورەوە، بەڵام نەهاتە دەرەوە، منیش چوومە ناو گەرماوەکە و پرسیاری ژنەکەم کرد، بەڵام گوتیان ئەو ژنە دەمێکە ڕۆیشتووە".

ئەو پیاوە منداڵەکە دەباتە لای خزمێکیان و بەخێوی دەکەن. غەریب دەڵێت: "کاک ڕەسوڵ خزمێکی لە سەردەشت هەیە بەناوی کەماڵی حاجی عەوڵا، نزیکەی دوو مانگ لەلای ئەوان دەبم، بەڵام کاک کەمال دەمرێت، بۆیە دراوسێیەکیان بەناوی عەلی ڕەسوڵ داوایان لێدەکەن منیان پێبدەن و ئەوان بەخێوم دەکەن"

عەلی ڕەسوڵ و گوڵناز ڕەسوڵی هاوژینەکەی کە ئێستا لە ژیاندا نەماون، دوو کوڕیان هەبووە، یەکێک لە کوڕەکانیان لەسەر سنوور کوژراوە. غەریب گوتی: "منیان لەشوێنی ئەو کوڕەی خۆیان دانا، لەسەر ناوی خێزانەکەیان نازنامەیەکیان بەناوی ئاوارە ڕەسوڵپوور بۆ دەرکردووم. باجی گوڵناز شیری پێداوم، بەڵام من شیرەخۆرە بووم کە ئەویش مردووە و کە تەمەنیشم گەیشتووەتە شەش ساڵان کاک عەلیش مرد، دوای ئەوان من لەلای غەفووری کوڕیان بووم، تەمەنم 11 ساڵان بوو کە ژنی هێنا، بەڵام هەر لەلای ئەو مامەوە تا بووم بە 18 ساڵ".



غەریب تەمەنی تەنیا شەش مانگ بووە لە خێزانەکەی دابڕاوە

### دووبارە بێکەس دەبێتەوە

کاتێک غەریب تەمەنی دەبێتە 18 ساڵ، غەفوور و هاوژینەکەی چیدی نایانەوێت لەلای ئەوان بمێنێتەوە. غەریب دەڵێت: "لەبەرئەوەی بە منداڵی شیری باجی گوڵنازم خواردبوو و وەکو منداڵی خۆیان بەخێویان کردبووم میراتم بەردەکەوت، بەڵام غەفوور پێی خۆش نەبوو کە بەشداری میراتەکەیان بم، بۆیە پێیگوتم دەبێت بڕۆی و خۆت ژیانی خۆت دابین بکەی، بۆیە منیش ماڵێکم بۆ خۆم دانا و دەستم بە ئیشکردن کرد، سەربازیشم تەواوکرد".

هەشت ساڵ لەمەوبەر غەریب بڕیار دەدات هاوسەرگیری بکات. دەڵێت: "کۆڵبەری سەر سنوور بووم. هەشت ساڵ پێش ئێستا بڕیارمدا لەگەڵ کچی یەکێک لە دراوسێکانم بەناوی بەناز قادر هاوسەرگیری بکەم، بەڵام ماڵی باوکی پێیان خۆش نەبوو، چونکە دەیانگوت کوڕەکە بێکەسە و کۆڵبەری دەکات و لەو ڕێگایە شتێکی بەسەر بێت کچەکەمان بێوەژن دەبێت و بەدبەختی ناکەین، بەڵام ئێمە پێداگریمان کرد و بەوەکالەتی مێردی پووری، بەنازیان لێ مارەکردم و ئێستاش سێ کچمان هەیە".

غەریب تەمەنی شەش ساڵان بووە زانیویەتی کوڕی ڕاستەقینەی عەلی و گوڵناز نییە "دراوسێکان و هاوپۆلەکانم دەیانگوت تۆ منداڵی ئەو خێزانەنیت و هەڵگیراویتەوە، زۆر بێتاقەت دەبووم. هەر لەبەرئەوەش بوو نازناوی غەریبیان لێناوم و هەموو کەسێک هەر بەو ناوە دەمناسێتەوە کە پرسیاریشم لە باوک و براکەم دەکرد دەیانگوت بە منداڵی هەر ناوێک کە بە گوێماندا چرپاندووی وەڵامت نەداوەتەوە، بۆیە بەناچاری ئەو ناوەمان لێناوی".

غەریب هیچ یادگارییەکی لە خێزانەکەیەوە بۆ بەجێنەماوە. ئەو دەڵێت "ئەوکاتەی ئافرەتەکە منی بەجێهێشتووە، هیچ ناسنامە و شتێکم پێنەبووە، بەڵام نیشانەم هەیە، کە مەمە شیرێکم پێبووە و بازنێکم لەدەستدا بووە، جلوبەرگێکی خەت خەتم لەبەربووە کە بەداخەوە ئەوانیشم لێ ونبوون و هیچ یادەوەرییەکی خێزانە ڕاستەقینەکەم لەلا نەماوە".

وەک ئەوەی گومانی نەبێت کە خەڵکی باشووری کوردستانە و ڕۆژێک بە خانەوادەکەی شاد دەبێتەوە، هەمیشە بە کچە گەورەکەی دەڵێت ڕۆژێک دەچینەوە لایان. ئەو گوتی: "ئێستا کچە گەورەکەم زۆر پرسیارم لێدەکات کە دایک و باوکم لەکوێن و بۆچی سەردانمان ناکەن، منیش دەڵێم لە کوردستانن و ڕۆژێک ئێمە دەچینە لایان. ماوەی 15 ساڵە بەدوای خێزانەکەمدا دەگەڕێم. ئێستاش نازانم خەڵکی کوێم، خوشک و برام هەیە یان نا، دایک و باوکم کێن و ئێستا لە ژیاندا ماون یان نا، لەو ماوەیەدا چووم بۆ سلێمانی، هەولێر، هەڵەبجە، کەرکووک، قەڵادزێ و ڕانیە، چوارقوڕنە، ژاراوە و زۆر شوێنی دیکەش تەنانەت بەغداش بۆ ئەوەی کەسوکارەکەم بدۆزمەوە، بەڵام بێسوود بوو".

## یەکێتی کۆنگرە دەبەستێت

**ڕووداو- هەولێر**

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوای پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆنگرە دەبەستێت، جێگری سکرتێری ئەنجوومەنی ناوەندی ئەو حیزبەش دەڵێت، هەموو ئامادەکارییەکان تەواوبووە. زوبێر عوسمان، جێگری سکرتێری ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، حیزبەکەی دوای پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چوارەمین کۆنگرەی خۆی دەبەستێت و دەڵێت: "هەموو ئامادەکارییەکان بۆ بەستنی کۆنگرە تەواوکراوە، تەنیا ئەوە ماوە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی لە کۆبوونەوەیەکدا ڕۆژی بەستنی کۆنگرە دیاریبکات". دەبووایە لە ئاداری 2013دا یەکێتی چوارەمین کۆنگرەی خۆی ببەستێ، بەڵام لەبری کۆنگرە 2013/10/10 پلینیۆمی کرد، دواتر بڕیاربوو لە 2018/3/7 کۆنگرەکەی ببستێ، بەڵام بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانی، نەیتوانی.

### یەکێک لە جێگرەکانی سەرۆکی پەرلەمان دەدرێتە تورکمان

# سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پەرلەمان دوو جێگریان دەبێت

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

دوای چەند پەیوەندییەکی تەلەفۆنی، سەردانی شاندی پارتی بۆ سلێمانی و کۆبوونەوە لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان، گفتوگۆی فەرمی ئەو حیزبە لەگەڵ لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن دەستیپێکرد. هەرچەندە هەندێک لە سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی و گۆڕان دەڵێن هێشتا کۆبوونەوەکە بازنەی بیروڕا ئاڵوگۆڕکردنی تێنەپەڕاندووە، بەڵام بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ گۆڕان بە پارتی گوتووە لە حاڵەتی بەشداریکردندا، پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەتمان دەوێ و بەبێ ئەو پۆستە ئاسان نییە چاوەڕێی بەشداری گۆڕان بکرێ. سەرکردەیەکی یەکێتیش دەڵێت ئەگەر پارتی سووربێت لەسەر دانانی دوو جێگر بۆ سەرۆکی حکومەت "یەکێتی قوباد تاڵەبانی ناکاتەوە بە جێگری سەرۆکی حکومەت".

ڕۆژی 2018/11/17، شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی سلێمانییان کرد و وەک چاوەڕوان دەکرا، سەرەتا لەگەڵ شاندی یەکێتی دەرگای وتووێژەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێیان کردەوە. دواتریش سەردانی گردی زەرگەتەیان کرد و لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕانیش کۆبوونەوە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕەتیدەکاتەوە کە گفتوگۆ لەسەر پۆستەکانی حکومەت و پەرلەمان کرابێت و دەڵێ: "سەرەتا باسی بەرنامەی حکومەت کرا، یەکێتی و پارتی جەختیان لەوە کردووەتەوە کە وەک هێزی یەکەم و دووەم دەبێت کارنامەیەکی پەسەند بۆ حکومەتی نوێ دابنێن و دواتریش یەکێتی بە شاندی پارتی گوتووە، یەکێتی بە مافی خۆی دەزانێ سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی حکومەت و دوو وەزارەتی سیادی لەدەست بێ".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نییە کە ئەو پۆستانەی داوای دەکەن، بۆ ئەوە بێ وا لە گۆڕان بکەن بەشداری لە حکومەتی نوێدا نەکات: "ئەوە داواکاریی یەکێتین، گۆڕانیش دەتوانێ لە وتووێژەکانیدا داخوازی خۆی هەبێت، بەڵام گۆڕان دەبێ ئەوەش بزانێ کە جیاوازیی کورسییەکانی لەگەڵ یەکێتی نیوەیە و هێشتا گفتوگۆی دیکە ماون بکرێن".

سەعدی ئەحمەد پیرە، گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێ، لەکۆبوونەوەکەدا لەگەڵ پارتی جەختیان کردووەتەوە کە چۆن بتوانن لە هەڵەکانی ڕابردوو سوود وەربگرن و لە کابینەی نوێدا لەسەر بنەمای کاری هاوبەش خزمەتی هاووڵاتیان بکەن "وەکو یەکێتی ڤیتۆمان لەسەر هیچ کەس و لایەنێک نییە و ئەوانەی دەیانەوێت بەشداریی لە کابینەی نۆیەم بکەن، بەخێربێن".

گوتەبێژی یەکێتی هەروەها گوتی لەگەڵ پارتی لەسەر پۆستەکان کێشەی گەورەیان نەبووە "دەبێ بزانن کە ئێمە لەسەر بنەمای هاوبەشی دەچینە نێو حکومەت نەک بەشدارکردنمان".

بەڵام وردەکارییەکان قسەی دیکە دەکەن و وا دەردەکەوێ کە پێکهێنانی کابینەی نوێ وا ئاسان نابێت کە هەندێک لە بەرپرسانی پارتی لە سەرەتاوە بە پشتبەستن بە 45 کورسییەکەیان پێشبینییان کردبوو.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە چەند سەرچاوەیەکی یەکێتییەوە دەستکەوتوون، ئەو حیزبە لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی پێشوودا لەگەڵ پارتی، چەند جارێک جگە لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی حکومەت، ناوی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و ناوخۆیان بردووە، بەڵام پارتی پێیگوتوون کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لای خۆی دەمێنێتەوە و لە بەرامبەر وەزارەتی ناوخۆشدا، ئامادەیە وەزارەتی پێشمەرگە بداتە یەکێتی، بەڵام ئەو وردەکارییانە هێڵراونەتەوە بۆ گەڕی دووەمی دانوستاندنەکان. بەرپرسێکی یەکێتی وردەکاری زیاتری ئاشکرا کرد و گوتی: "یەکێتی، قوباد تاڵەبانی بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت و ڕێواز فایەقی بۆ سەرۆکی پەرلەمان دیاری کردووە، بەڵام ئەگەر پارتی سوور بێت لەسەر ئەوەی حکومەت دوو جێگری هەبێت، قوباد تاڵەبانی لەو شوێنە دانانێ".

بەڵام (ڕووداو) زانیویەتی، باڵەکانی یەکێتی ناکۆکن لەسەر دانانی جێگری سەرۆکی حکومەت. بنەماڵەی تاڵەبانی پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەن کە قوباد تاڵەبانی لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە. هەرچی باڵی کۆسرەت ڕەسوڵە کە ئێستا لەگەڵ لاهور تاڵەبانی لە هەندێک مەسەلەدا هاوهەڵوێستن، دەیانەوێ کوڕی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی ببێتە جێگری سەرۆکوەزیران.

ڕۆژی شەشی ئەم مانگە، خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان یەکەمین دانیشتنی خۆی ساز کرد. لەبەر ئەوەی هێشتا لایەنەکان نەیانتوانیبوو بە ڕێککەوتنێک بگەن بۆ دیاریکردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، پەرلەمانتاران لەو کۆبوونەوەیەدا تەنیا سوێندی یاساییان خوارد و کۆبوونەوەکە بەکراوەیی ماوەتەوە تاوەکو لایەنە براوەکان ڕێکدەکەون.

شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دانیشتنەکەیان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان، بە بەرپرسانی گۆڕانیان گوتووە، بەشداریکردنی گۆڕان لە کابینەی نوێدا بۆ خۆی هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێیە لە پەیوەندییەکان "پێمانخۆشە ئەم قۆناغە پێکەوە تێپەڕێنین". ئەندامێکی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان هەروەها دەڵێ: لەدوای کۆبوونەوەکە لەگەڵ پارتی، بزووتنەوەکەیان دەستیپێکردووە بە وەرگرتنی بیروڕای ڕایەڵە و بازنەکان و بۆیان ڕووندەکاتەوە کە بۆچی دەیانەوێ بەشداریی حکومەت بکەن "بە پارتیمان گوتووە پێویستە پێش ئەوەی کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانی ڕێکبخرێ، پێمان بڵێن گۆڕان چی لە حکومەتدا پێدەدرێ، بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەی جڤاتدا بڵێین ئەگەر بەشداریی لە حکومەت بکەین، ئەوە وەردەگرین".

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی کە هێشتا نازانێ کەی کۆبوونەوەی جڤات ڕێکدەخرێ، دەڵێ گرێکوێرەی بەردەم بڕیاری کۆتایی گۆڕان جڤاتی نیشتمانییە "ئەگەر جڤاتی نیشتمانی بڕیار بدات بەشداریی بکەین، ئەوکات ڕەنگە بە وەرگرتنی 3 وەزارەت، ئەگەر جێگری سەرۆکی حکومەتیشمان پێنەدرێ، بەشداریی بکەین".

شۆڕش حاجی، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان ڕایگەیاند "دانیشتنێکی تێروتەسەلمان کرد، برایانی پارتی ویستی خۆیان دەربڕی کە ئەوان پێیانخۆشە بزووتنەوەی گۆڕان بەشداربێت لە حکومەت. هەردوولامان بیروڕامان گۆڕییەوە و لەباری سەرنج و تێبینییەکانی یەکدی تێگەیشتین. ئەم کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەی دیکەی بەدوادا دێت بۆ ئەوەی بە ئەنجامێک بگەین لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بێت".

هەر لەوبارەوە نووری حەمەعەلی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی گوتی، یەکێتی لەڕێی گوتەبێژی حیزبەکەیەوە بەشێوەیەک قسە دەکات کە یەکێتی چاوی لە 50 بە 50 بێت لە دابەشکردنی پۆستەکاندا: "بەڵام دەنگدەری پارتی ئەوە قبوڵ ناکەن".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی پارتی بەدووری زانی کە پێداگیریی یەکێتی و گۆڕان بۆ وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت، پێکهێنانی کابینەی نوێ ئاڵۆز بکات و گوتیشی: "سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پەرلەمان دوو جێگریان دەبێت، لەم کابینەیەدا پارتی تورکمان و مەسیحییەکانیش ڕازی دەکات و جێگرێکی سەرۆکی پەرلەمان دەدرێتە تورکمان و یەکێتیش ڕازی دەبێت بە دوو جێگر بۆ سەرۆکایەتییەکان".

بەرپرسانی پارتی ئەو سەردانەی سلێمانی ناودەنێن بیروڕا گۆڕینەوە. وەک ئەوان بۆ (ڕووداو) یان باسکردووە، لە ڕۆژانی دادێ سەرکردایەتی پارتی کۆدەبێتەوە و شاندی پارتی وردەکاریی گفتوگۆکانیان دەخەنەڕوو. دواتر بۆچوونی فەرمی و کۆتایی پارتی ئامادە دەکرێت و شاندێک بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی بۆ دانوستاندن جارێکی دیکە دێنەوە سلێمانی. پلانی پارتی ئەوەیە کە تاوەکو کۆتایی ئەم مانگە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێردرێت و بەر لە ساڵی تازەش حکومەت پێکبهێنرێ.



کۆبوونەوەی شاندی پارتی لەگەڵ یەکێتی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە سلێمانی

> ئەگەر سەرۆکی حکومەت دوو جێگری هەبێ یەکێتی قوباد تاڵەبانی ناکاتەوە بە جێگر

### کورد لە پشکی 17% پاشەکشە ناکات

# "عادل عەبدولمەهدی بەڵێنی داوە پشکی کورد لە بودجەدا زیاد بکات"

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

بڕیاری ئەمڕۆ دووشەممە لیژنە تایبەتەکەی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بۆ تاوتوێکردنی پڕۆژەیاسای بودجەی 2019 سەردانی پەرلەمانی عێراق بکات و لەگەڵ لیژنەی دارایی کۆببێتەوە. ئەندامێکی لیژنەکە دەڵێت 47 خاڵ بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت دانراون، مەرجی کوردیش گەڕاندنەوەی پشکی 17%ی هەرێمی کوردستانە، پەرلەمانتارێکیش ڕایدەگەیەنێت کە سەرۆکوەزیران بەڵێنی داوە گۆڕانکاری لە بودجەدا بکرێت و پشکی کورد زیاد بکات.

> پەرلەمانی عێراق 47 خاڵی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت داناوە
> ئەحمەد حاجی ڕەشید

> ئەستەمە پشکی کورد لە بودجە بکرێتەوە بە 17%
> پەرلەمانتارێکی سوننە

#### کورد لە پشکی 17% پاشەکشە ناکات

لەماوەی ڕابردوودا لەسەر فەرمانی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی لەگەڵ شارەزایانی ئابووری کۆبووەوە و پلانێکیان بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی بودجەی 2019ی عێراق داناوە.

د.فازڵ نەبی، بریکاری پێشووی وەزارەتی دارایی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت: "لەسەر فەرمانی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، لەگەڵ وەزارەتی دارایی و کۆمەڵێک شارەزای ئابووری کە منیش تێیدا ئامادەبووم کۆبووینەوە، لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا لەسەر پرسی بودجەی 2019 گفتوگۆمان کرد".

د.فازڵ نەبی، ئاماژە بە ئەنجامی گفتوگۆی لیژنەکە دەکات و دەڵێت "دوا بڕیار ئەوە بوو کە دەبێت کورد پێداگری لەسەر گەڕانەوەی پشکی 17% هەرێمی کوردستان لە بودجەی 2019ـی عێراق بکات، هەروەها چاککردنی خەرجی سیادی کە هەندێکی بە نایاسایی دانراوە و دیاریکردنی پشکی هەرێمی کوردستان تێیدا".

د. فازڵ نەبی گوتیشی "بڕیارەکە دراوە بە نوێنەرانی کورد لە بەغدا تاوەکو لە کۆبوونەوەکاندا پێداگری لەسەر بکەن، هەروەها قسە لەگەڵ وەزیری داراییش کراوە لە بەغدا، بۆ ئەوەی ئەویش لە ئەنجوومەنی وەزیران پێداگری لەسەر بڕیارەکە بکات، بڕیاریش دراوە هیچ پاشەکشەیەک لە بڕیارەکە نەکرێت، چونکە هەر پاشەکشەیەک بە زەرەری کورد دەشکێتەوە".

چاوەڕێ دەکرێت لە کۆبوونەوەی سبەی کە لەنێوان لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق و ئەو لیژنە تایبەتەی کە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق پێکهێنراوە و فوئاد حوسێن، جێگری سەرۆکوەزیران بۆ کاروباری دارایی سەرۆکایەتی دەکات، گفتوگۆی ئەو بابەتە بکرێت و تێبینییەکان بنووسرێنەوە، پاشان دەبردرێتەوە ئەنجوومەنی وەزیران، لەوێ بەسەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، داخوازییەکانی تاوتوێ بکرێت و پاشانیش دوایین بڕیار لەسەر پڕۆژەیاسای بودجەی ساڵی 2019 دەدرێت.

#### 47 خاڵ بۆ گفتوگۆ

ئەحمەد حاجی ڕەشید، ئەندامی لیژنەی دارایی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت: "لیژنەی دارایی 47 خاڵی دیاری کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ لیژنەکەی ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆی لەبارەوە بکات".

سەبارەت بە تێبینی و گلەییەکانی کوردیش ئەحمەد حاجی ڕەشید دەڵێت: "وەکو کورد لەسەر 6 بابەتی بودجە گلەییمان هەیە ئەوانیش ڕێژەکەی، فەرمانبەران، پێشمەرگە، گەنمی جووتیاران، پشکی کۆمپانیا نەوتییەکان و ئەو قەرزەی بۆ وەبەرهێنان دانراوە، ئەمانە لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی لیژنەی دارایی لەگەڵ لیژنەکەی ئەنجوومەنی وەزیران بە داتا دەیخەینەڕوو".

هەروەها د.ئەحمەد سەفاڕ، ئەندامی لیژنەی دارایی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت: "پێش کۆبوونەوەکە لەگەڵ شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان گفتوگۆمان کردووە، ئەو خاڵانەی لە کۆبوونەوەکەش پێداگری لەسەر دەکەین 12 خاڵن، کە هەموویان لە دەستووری عێراقی 2005 هاتوون و مافی خەڵکی هەرێمی کوردستانن، لەسەرووی هەمووشیانەوە دەبێت ناوی هەرێمی کوردستان لە پڕۆژەیاسای بودجەی 2019 بهێندرێت نەک پارێزگاکانی هەولێر، دهۆک و سلێمانی".

د. ئەحمەد سەفاڕ گوتیشی "خاڵی دووەم ئەوەیە دەبێت 17%ی بودجە بۆ کورد بگەڕێنینەوە تاوەکو سەرژمێری دانیشتووان دەکرێت، بەهیچ شێوەیەک قبوڵی ناکەین ڕێژەی 12.67% بمێنێتەوە، دواتریش بەپێی سەرژمێرییە تازەکە پشکی کورد لە بودجەی عێراق دادەنرێت".

ئەو ئەندامەی لیژنەی دارایی دەشڵێت: "هەروەها پێداگری لە دانانی پشکی 17%ی ئەو قەرزانەی حکومەتی عێراق وەرگرتوون، دابینکردنی بودجە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، مەشقپێکردن و پڕچەککردنیان، دابینکردنی بودجەی فریاکەوتن، وەک قەیران و ڕووداوە سرووشتییەکان لە هەرێمی کوردستان...."

لەبارەی ئەوەش کە هیچ ڕێککەوتنێک لەسەر پرسی نەوت لەگەڵ حکومەتی عێراق کراوە، د.ئەحمەد سەفاڕ گوتی: "تاوەکو ئێستا هیچ ڕێککەوتنێک نەکراوە، ئەم پرسەش لە کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆدا باس ناکرێت، بەڵکو لە گفتوگۆکانی نێوان هەردوو حکومەتی ناوەندی و هەرێمی کوردستان لە ڕۆژانی داهاتوو باس دەکرێت".

لەبارەی ڕۆڵی د. فوئاد حوسێن، وەزیری دارایی عێراق کە سەرۆکایەتی لیژنە باڵاکەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکات، ئەحمەد حاجی ڕەشید دەڵێت: "بوونی د.فوئاد حوسێن، کاریگەری زۆری دەبێت، چونکە ئەو سەرۆکی لیژنەکەیە و لە کۆبوونەوەکەشدا پشتیوانی سەرەکی خاڵ و داخوازییەکانمان دەبێت، هەروەها ئەو دەزانێت هەرێمی کوردستان بەنیازی چییە و لە ئەنجوومەنی وەزیرانیش بەرگری لەو خاڵانە دەکات".

هەروەها د. ئەحمەد سەفاریش دەڵێت: "د.فوئاد حوسێن وەک وەزیری دارایی دەسەڵاتی زۆری هەیە و لە ئەنجوومەنی وەزیرانیش دەتوانێت زۆر دەستکەوتی گەورە بۆ هەرێمی کوردستان بەدەستبهێنێت، هەروەها بە سەرۆکایەتیکردنی لیژنە باڵاکەی ئەنجوومەنی وەزیرانیش ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە جێگیرکردنی داواکارییەکانی کورد لە پڕۆژەیاسای بودجەی 2019ـدا".

#### پشکی کورد زیاد دەکرێت؟

د. جەمال کۆچەر، ئەندامی لیژنەی دارایی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێستا پشکی کورد لە بودجەی عێراقدا 12.67% دانراوە، بەپێی وەزارەتی پلاندانانیش بێت پشکی کورد 14%ـە، بۆیە ئێمە بەمە ڕازی نەبووین و داوامان کرد زیادبکرێت، ئێستا ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دارایی بەڵێنیان بە پەرلەمان داوە کە گۆڕانکاری لە پڕۆژەیاسای بودجەی 2019ـدا بکەن، هەروەها عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق بەڵێنی بە ئێمە دا کە پشکی کورد لە بودجە زیاد بکرێ".

بەڵام پەرلەمانتارێکی سوننە بەدووری دەزانێ پشکی کورد لە بودجەدا زیاد بکرێ و بگاتەوە 17%.

مەحاسین حەمدون، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "داواکارییەکانی کورد لە پرۆژە یاسای بودجەدا یاسایی و دەستوورییین، بەڵام ئەستەمە هەموویان جێبەجێ بکرێت".

مەحاسین حەمدون، کە پەرلەمانتارێکی عەرەبی سوننەیە و نوێنەری پارێزگای نەینەوایە ئاماژەی بەوەکرد، گەڕانەوەی پشکی 17%ی هەرێمی کوردستان لە یاسای بودجەدا کارێکی ئەستەمە. بەراورد بە ناوچە سوننە وێرانبووەکان، هەرێمی کوردستان لە بودجەدا پشکی باشی بۆ دیاریکراوە. هەروەها بودجە و پشکی هێزەکانی پێشمەرگە لە نێو هێزی وشکانی عێراق جێگەی کراوەتەوە".



(فۆتۆ: AFP)

# گۆڕانکاری لە پێشمەرگەی زێرەڤانیدا دەکرێ

**ئەو گۆڕانکاریانە سەرجەم هێزەکانی پێشمەرگە دەگرێتەوە**
وەزارەتی پێشمەرگە


(فۆتۆ: ڕووداو)

**پێشتر پلەیەکی زۆر دراوە بە پێشمەرگە و پێشمەرگەی بێ پلە کەم بوون**
لیوا سالار شێخکی

**چاوەڕێ بووم بمکەنە ئامر فەوج، کەچی ناردمیانەوە ماڵەوە**
ئەفسەرێک

**ناسر عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

بەهۆی گۆڕانکاری لە هەیکەلی پێشمەرگەی زێرەڤانیدا چەندین ئەفسەر بەبێ پۆست ماونەتەوە. بەشێکیان گلەییان هەیە و دەڵێن مافی ئەوەیان هەیە پۆست وەربگرن، کەچی پێیانگوتراوە جارێ دانیشن.

لە دوو هەفتەی ڕابردوودا گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی کراوە کە سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییەوە هەیکەلی پێشمەرگەی زێرەڤانی لە چەند سوپایەکەوە گۆڕدراوە بۆ لیوا، بەو هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەر و پلە باڵا بەبێ پۆست ماونەتەوە.

یەکێک لەو ئەفسەرانەی کە لە پۆستەکەی خۆیدا نەماوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە چوار ساڵ بەشداری شەڕی داعشمان کرد، چاوەڕێمان دەکرد پلە و پۆستمان بەرز بکرێتەوە، کەچی ئێستا پێیانگوتووین جارێ لە ماڵەوە دانیشن، هەتا شوێنێکتان بۆ دەدۆزینەوە".

ئەو ئەفسەرە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، پێشتر ئامر سریەیەکی زێرەڤانی بووە، چاوەڕێی دەکرد لەو گۆڕانکارییە نوێیەدا بکرێتە ئامر فەوج، بەڵام ئێستا نێردراوەتەوە ماڵەوە. ئەو ئەفسەرە گوتی: "غەدرێکی زۆر گەورەیان لێکردم، هەموو دونیا شایەتە کە کێ لە سەنگەردا بوو لە شەڕی دژی داعش".

لیوا سالار شێخکی، ئەندامی فەرماندەی پێشمەرگەی زێرەڤانی پشتڕاستی کردەوە کە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە نوێیە لە هەیکەلی زێرەڤانی، چەندین ئەفسەر بێ پۆست بوون.

لیوا سالار شێخکی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "15 ساڵە ئێمە پەیڕەوی سیستەمی سوپا دەکەین لە زێرەڤانیدا، بەڵام بەپێی پەیکەری نوێی زێرەڤانی، سوپا نەماوە و لیوا جێگەی گرتووەتەوە، بەو هۆیەوە چەندین ئەفسەر بەبێ پۆست ماونەتەوە، ئێستا لەگەڵ وەزارەت لە گفتوگۆداین بۆ ئەوەی کێشەکەیان چارەسەر بکەین".

لیوا سالار هۆکاری کێشەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە پێشتر پلەیەکی زۆر دراوە بە پێشمەرگە و پێشمەرگەی بێ پلە کەم بوون، بەڵام هەوڵ دەدەن کێشەی ئەو پلەدارانە چارەسەر بکەن.

سەرچاوەیەکی لە وەزارەتی پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو گۆڕانکاریانە سەرجەم هێزەکانی پێشمەرگە دەگرێتەوە، لە قۆناغی یەکەمیشدا بە فەرماندەی زێرەڤانی دەستیان پێکردووە.

ئەو سەرچاوەیەی وەزارەتی پێشمەرگە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ئامانجی گۆڕانکارییەکانی بۆ (ڕووداو) خستەڕوو و گوتی "هەوڵ دەدەین هەموو هێزی پێشمەرگە یەکبخەین، چونکە ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمان زۆر جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە هێزی پێشمەرگە ڕێکبخرێتەوە و پێشمەرگە دووربێ لە حیزبایەتی، ئێمەش پلانمان داناوە کە هێزی پێشمەرگە یەک بخەین، بۆ ئەوەی هاوکارییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ پێشمەرگە بەردەوام بن".

# پەرلەمانتارانی خولی پێنجەم تا سێ مانگی دیکە مووچە وەرناگرن

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان تاوەکو سێ مانگی دیکە مووچەیان پێنادرێت، پەرلەمانتارێکی یەکگرتووش دەڵێت وەرنەگرتنی مووچە کاریگەری لەسەر ئەدا و بەدواداچوونی پەرلەمانتاران دەبێت.

هیوا نەسرەدین، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: "پەرلەمانتاران لەو ڕۆژەوەی سوێندیان خواردووە هەموو مافێکیان لەسەر پەرلەمان هەیە، بەڵام بەهۆی سیستەمی پاشەکەوتی مووچەوە ئەندامانی خولی پێنجەم چەند مانگێک مووچە وەرناگرن".

ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچەی مانگی 8 دابەش دەکات، لیستی مووچەی مانگەکانی 8 و 9 و 10 مووچەی پەرلەمانتارانی تێدا نییە، بەڵام لە لیستی مووچەی مانگی 11ەوە ئەندامانی ئەم خولەی پەرلەمان مووچەکانیان وەردەگرن. هیوا نەسرەدین دەڵێت "تاوەکو سێ مانگی دیکە هیچ ئەندامێکی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان مووچە وەرناگرێت".

ئەندامێکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیش کە دوو خولە لە پەرلەمانە، پێیوایە دواکەوتنی مووچەی پەرلەمانتاران کاریگەری لەسەر ئەدا و بەدواداچوونیان بۆ پرۆژەکانی حکومەت و کێشەکانی خەڵک دەبێت، بەهزاد دەروێش بە (ڕووداو)ی گوت: "سیستەمی پاشەکەوتی مووچە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەموو مووچەخۆران و لەنێویشیاندا پەرلەمانتاران هەبووە، بەتایبەتی ئەندامانی خولی ڕابردوو و ئەم خولە دەبینە قوربانیی سیستەمی پاشەکەوتی مووچە، چونکە لەلایەک مووچەکەی دواکەوتووە و پاشەکەوتیش کراوە، تا سێ مانگی دیکەش مووچەی پێنادرێت، لەلایەکی دیکەشەوە دەکەوێتە ژێر گوشاری دەنگدەرانی، بەتایبەتی لە سەرەتای کار کە مووچەیەکی نەبێت، سەلیقە و تاقەتی نامێنێ بەدواداچوون بۆ کێشەکانی خەڵک بکات".

چەند پەرلەمانتارێک خانووەکانیان ڕادەست نەکردووە

لەلایەکی دیکەوە دەبووایە پێش سوێندخواردنی پەرلەمانتارانی نوێ، ئەندامانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان خانووەکانیان ڕادەستی پەرلەمان بکەنەوە، بەڵام هەموو خانووەکان ڕادەست نەکراونەتەوە، هیوا نەسرەدین گوتی: "دوای تەواوبوونی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان پێویست بوو هەموو ئەندامانی خولی چوارەم خانووەکانیان ڕادەست بکەنەوە، بەشێکی زۆریان ڕادەستیان کردووەتەوە، بەڵام چەند پەرلەمانتارێک بەهۆی ئەوەی مۆڵەتیان وەرگرتووە و لە دەرەوەن، یان هێشتا کەلوپەلیان لە خانووەکاندا ماوە، هێشتا ڕادەستیان نەکردووەتەوە، ئێمە ئاگادارمان کردوونەتەوە کە دەبێت زوو ڕادەست بکرێنەوە بۆ ئەوەی بەسەر ئەندامانی خولی تازە دابەشی بکەین".

بەڕێوەبەری گشتی دیوانی پەرلەمانی کوردستان گوتیشی: "تاوەکو ئێستا زیاتر لە 60 خانوو لەلایەن لیژنەیەکی پەرلەمانەوە ئامادەکراون و ڕادەستی چەند ئەندامێکی خولی نوێی پەرلەمان کراون، لیژنەکە ڕۆژانە کار لەسەر پاککردنەوە و ئامادەکردنی خانووەکان دەکەن و لە ماوەیەکی کەمدا هەموویان بەسەر پەرلەمانتارە تازەکاندا دابەش دەکرێن".

**وەرنەگرتنی مووچە کاریگەری لەسەر ئەدای پەرلەمانتاران دەبێت**
پەرلەمانتارێک

جێنفەر بریدن، پارێزەر و پسپۆڕی یاسای نێودەوڵەتی و جینۆساید بۆ (ڕووداو):

# هەڵوێستی ئیدارەی ترەمپ لەبارەی کوردەوە لەژێر داڕشتنەوەدایە

**ڕووداو– هەولێر**

جێنیفەر بریدن، پارێزەر و پسپۆڕی یاسای نێودەوڵەتی و جینۆساید، تەنیا سێ ساڵە هاتوچۆی هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵام هەر ئەو ماوە کەمە بەس بووە بۆ ئەوەی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ئێرە بە وڵاتی دووەمی خۆی ناوببات. بریدن پێشتر لە واشنتن کاری لەسەر ئەوە کردووە کە حکومەتی وڵاتەکەی کۆمەڵکوژیی کوردی ئێزدی بە جینۆساید بزانێ.

بریدن لە سەردانەکەی ئەمجارەیدا هاوکاری بۆ ئاوارە مەسیحییەکانی شەڕی داعش هێناوە، بەڵام هاوکات سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیاریشە لەسەر ڕەوشی کەمینەکانی عێراق، بەتایبەتیش ئەوانەی لە پارێزگای نەینەواوە ڕایانکردووەتە کوردستان. بریدن دەڵێت "ڕاستە کورد دەسەڵاتی بەسەر هەموو نەینەوادا نییە، بەڵام خۆ ئەو ناوچانەیان پاراستووە کە لەژێر کۆنترۆڵیاندان، یەکێک لە هۆکارەکانی بەرگریکردنی من لە کورد ئەوەیە کە دەبینم لێرە حکومەتێک هەیە دژایەتی کریستیانەکان ناکات".

ڤاتیکان و هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی باشیان هەیە، سەرەڕای ئەمەش کەنیسەی کاتۆلیکی تاوەکو ئێستا هیچ پەیامێکی بۆ پشتگیری لە خەڵکی کوردستان دەرنەکردووە، مافناسە ئەمریکییەکە هۆکاری ئەوە بۆ چەندین هێز و لایەنی دژی کورد دەگەڕێنێتەوە و دەڵێ: "تەنیا باسی ئەو هێزانە ناکەم کە دیارن، چەندین هێزی دیکەی دژە کورد هەن کە خاوەنی پارەیەکی زۆرن و هەندێکیان بە دیاریکراوی لە ئەمریکان. ئەوان قسە لەدژی کورد دەکەن و ڕەنگە ڤاتیکانیش نەتوانێ هیچ هەڵوێستێک لە بەرژەوەندی کورد دەربڕێ. بەداخەوە، بەشێکی زۆری ئەم کێشەیە پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە".

جێنیفەر بریدن ڕەخنە لە میدیاکانی ئەمریکا دەگرێ کە نەیانتوانیوە هەموو وێنەی دۆخی مەسیحییەکان لە عێراق پیشانی خەڵکی ئەمریکا بدەن، چونکە لەو میدیایانە: "تەنیا باسی ئەوە دەکرێ کە لە عێراق مەسیحی هەن، بەڵام باسی ئەوە ناکەن بۆچی و چۆن مەسیحییەکان تاوەکو ئێستا لە باکووری عێراق پارێزراون".

لە دوای گشتپرسییەکەی ئەیلولی ساڵی ڕابردوو و هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، یەکێک لە پرسیارە سەرەکییەکان لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد چییە. جێنیفەر کە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکادا هەیە و چاویشی بە مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کەوتووە، دەڵێ: "هەڵوێستی ئیدارەی ترەمپ لەبارەی کوردەوە لە ژێر داڕشتنەوەدایە، ترەمپ کوردی خۆشدەوێ، خۆی و ئیدارەکەشی دەزانن کورد خەڵکانێکی باشن، بەڵام شتانێکی دیکە هەن کە ئەوان نایزانن و پێویستە بیزانن".

مافناسە ئەمریکییەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە "کوردستان مافی یاسایی خۆی بوو گشتپرسی بکات"، بەڵام هاوکات باسی ئەوەش دەکات کە "لە ئەمریکا کۆمەڵێک شت دەبیستین ڕاست نین، بۆ نموونە دەگوترێ هەوڵی سەربەخۆیی کوردستان تەنیا بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی موسڵمانی دیکەیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە دەبێتە مایەی ناسەقامگیریی زیاتر". بەڵام جێنیفەر بریدن پێیوایە "ئەگەر کوردستان قەوارەیەکی خۆبەڕێوەبەری پارێزراوی نەبێ، هیچ مەسیحییەک لە عێراق نامێنێ".

**لە دامەزراوە مەسیحییەکاندا دژی کورد لۆبی دەکرێ**



# ئەمساڵ 12 هاووڵاتی بەهۆی بۆردومانەکانی تورکیاوە کوژراون

**ناسر عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

لە ماوەی ئەمساڵدا 12 کەسی خەڵکی هەرێمی کوردستان بەهۆی بۆردومانەکانی سوپای تورکیاوە کوژراون و سێ کەسیش بریندار بوون، هەر بەو هۆیەوە دەرگای 10 قوتابخانە لە سنووری قەزای ئامێدی داخراون. ئەندامێکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت زیانە گیانی و ماددییەکانی 25 ساڵی ڕابردوو بەهۆی تۆپبارانەوە دەدەنە پەرلەمانی عێراق و داوای قەرەبووش بۆ زیانلێکەوتووان و کەسوکاری قوربانیان دەکەن.

زیاتر لە 25 ساڵە تورکیا بەبیانووی جموجوڵی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان خاکی هەرێمی کوردستان بۆردومان دەکات، هەفتەی ڕابردووش بەهۆی بۆردومانەوە سێ گوندنشینی گوندی ئەرەدنای سەر بە ناحیەی بامەڕنێ گیانیان سپارد، بەمەش ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی بۆردومانەکانی سوپای تورکیاوە ئەمساڵ گیانیان لەدەستداوە گەیشتە 12 کەس.

عیماد یونس کە دانیشتووی گوندی ئەرەدنایە، دەڵێت پێشتر تەنیا گوندەکان مەترسی بۆردومانی سوپای تورکیایان لەسەر بوو، ئێستا مەترسییەکە گەیشتووەتە سەنتەری ناحیەکانیش. گوتیشی، مەترسی هەیە ناحیەکانی سنووری قەزای ئامێدیش بەهۆی بۆردومانەوە چۆڵ ببن.

پارێزگای دهۆک زەرەرمەندترین ناوچەی باشووری کوردستانە بەهۆی شەڕی تورکیا و پەکەکەوە. تا ئێستا 360 گوند لە سنووری پارێزگای دهۆک چۆڵکراون و نزیکەی 35%ی خاکی دهۆک نائارامە و خەڵک ناتوانن بە ئازادی هاتوچۆی تێدا بکەن. ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری خەڵک بێ ئیش ببن و لە ڕووپێوییەکاندا دهۆک بە هەژارترین پارێزگای هەرێمی کوردستان دەربکەوێ.

حەمید زوبێر، بەڕێوەبەری ناحیەی بامەڕنێ کە شارۆچکەکەی زۆرترین زیانی بەهۆی بۆردومانەکانەوە بەردەکەوێ، بە (ڕووداو)ی گوت: "هەر جارێک سنووری ناحیەکەمان بۆردومان دەکرێ، ئێمە بە ڕاپۆرت سەرووی خۆمان لە زیانەکانی ئاگادار دەکەینەوە، بەڵام تا ئێستا یەک کەس قەرەبوو نەکراوەتەوە".

بە گوتەی حەمید، لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا ناوچەکەیان بە تەواوی نا ئارام بووە، تاوەکو ئێستا چەندینجار لایەنی تورکیان ئاگادار کردووەتەوە کە چیدی سڤیل نەکەنە قوربانی و زیان بە ڕەز و باخی هاووڵاتیان نەگەیەنن. گوتیشی، بڕیارە لەم هەفتەیەدا لەگەڵ قائیمقام و بەڕێوەبەری سەرجەم ناحیەکانی سنووری قەزای ئامێدی کۆببنەوە و ڕێگەچارەیەک تاوتوێ بکەن.

بەیار دۆسکی، ئەندامی لێژنەی دەرەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت: "هەرچەندە بابەتی بۆردومانکردنی ناوچەکانی باشووری کوردستان سیاسییە و زۆرتر پەیوەندی بە پەکەکەوە هەیە، بەڵام بەنیازین هەموو ئەو زەرەر و زیانانەی بەهۆی بۆردومانی وڵاتانی دراوسێوە بەر هەرێمی کوردستان کەوتوون، بکەین بە ڕاپۆرتێک و بیدەینە پەرلەمان، لە ڕاپۆرتەکەدا داوای قەرەبوو بۆ قوربانیان دەکەین. هەر لە ڕێگەی پەرلەمانەوە باڵیۆزخانەی تورکیا لە بەغدا لەو بابەتە ئاگادار دەکەینەوە".

**ڕاپۆرتێک لەبارەی بۆردومانەکانی تورکیاوە ئامادە دەکەین و دەیدەینە پەرلەمان و باڵیۆزخانەی تورکیا**
پەرلەمانتارێک


بەهۆی بۆردومانی سوپای تورکیاوە دەرگای 10 قوتابخانە لە قەزای ئامێدی داخراون

د.نەجمەددین کەریم، پارێزگاری لەکارلادراوی کەرکووک بۆ (ڕووداو):

# عەبادی هێرشی نەدەکردە سەر کەرکووک ئەگەر بیزانیایە کورد یەکە

## ریفراندۆم شکستی نەهێنا و زۆریش سەرکەوتوو بوو



زیاتر لە ساڵێکە لە پۆستەکەی دوورخراوەتەوە و کەسێکی عەرەب بە وەکالەت لە شوێنەکەی دانراوە. ئێستا لە ئەمریکایە و بە کارەکانی ئینستتیوتی کورد لە ئەمریکا و سەنتەری دیراساتی سیاسی لە زانکۆی فلۆریدا خەریکە. سەرەڕای دوورخستنەوەی لە حیزبەکەی، بەڵام ئامادە نییە دەستبەرداری سیاسەت بێت. د.نەجمەددین کەریم، پارێزگاری لەکارلادراوی کەرکووک لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی کوردستان دەکات و دەڵێت پارتی حەز دەکات یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵ بەشداری بکەن. لەو باوەڕەشدایە بزووتنەوەی گۆڕان بەشداری لە حکومەتی داهاتووی کوردستاندا دەکات.

هەڤپەیڤین: نامۆ عەبدوڵڵا
ڕووداو – واشنتن

**ڕووداو: هەستت چۆن بوو لە ماوەی ساڵی رابردوودا، بەهۆی ئەو شکستەی بەسەر پرۆژەی دەوڵەتی کوردستاندا هات؟**

**نەجمەددین کەریم:** ئێمە لەگەڵ ریفراندۆمدا بووین، وامانکرد ریفراندۆم لە کەرکووکیش بکرێ. ئەوە بڕیارێک بوو کە هەموو خەڵکی کوردستان دەیانویست. هەموو حیزبە سیاسییەکان دەیانویست. هەروەها یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی ناوەندی و تەنانەت لە نەخشەڕێگەکەشی کردبووی بە مەرج، ئەگەر ریفراندۆم بکرێ، دەبێ لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش بکرێ. ئێمە باوەڕمان بەو ریفراندۆمە هەبوو، ئەگەر باوەڕمان پێی نەبووایە، بەو شێوەیە کارمان بۆی نەدەکرد. بە بڕوای من ریفراندۆم سەرکەوتوو بوو، ریفراندۆم شکستی نەهێناوە.

**ڕووداو: بەڵام شکستی هێنا لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی بۆی دانرابوو کە دروستکردنی دەوڵەت بوو.**

پارتی حەزدەکات یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵ بەشداری حکومەت بکەن

**نەجمەددین کەریم:** جا ئێمە بە پێچەوانەی ئەوانەی کە ریفراندۆمەکە کرا و هاتن پەنجەیان نیشان دەدا و دەیانگوت ئەمڕۆ خۆشترین رۆژی ژیانمانە... ئەمڕۆ ئاواتی میللەتی کورد هاتەدی. بەڵام لەدوای ئەوەی کێشەکان ڕوویاندا هەموویان خەتاکەیان خستە ئەستۆی چەند لایەنێک و چەند کەسێک، لەوانە جەنابی کاک مەسعود و بەندە لە کەرکووک. لە ئەمریکا بەو جۆرە کەسانە دەگوترێ (fair weather people) واتە "دۆستی رۆژی خۆش". ئەگەر کەشوهەوا خۆشبوو دێنە دەرەوە، کە کەشوهەوا ناخۆشبێ خۆیان دەشارنەوە. راستە ریفراندۆمەکە کێشەی تێکەوت، بەڵام ئەوە غەریب نەبوو کە تۆ هەنگاوێکی وا گەورە بنێی بەرەو سەربەخۆیی. لە یەکەم رۆژیشەوە روونکرابووەوە کە ریفراندۆم یەکسەر بەمانای سەربەخۆیی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکە دەکەویتە قسەکردن لەگەڵ رژێمی بەغدا. لەگەڵ لایەنەکانی دیکە، تاوەکو دەگەیتە ڕێککەوتنێک دەربارەی ئەو پرۆسەیە. بۆیە من ریفراندۆم بەوە دانانێم کە سەرکەوتوو نەبووە، بە پێچەوانەوە زۆریش سەرکەوتوو بوو. رۆژی ریفراندۆم لە کەرکووک بە راستی کەرنەڤاڵێک بوو، نەک تەنیا کورد، بەڵکو عەرەب و تورکمان و ئاشوورییەکانیش تاڕادەیەک بەشداریان تێدا کرد.

**ڕووداو: دوای ریفراندۆم هەستت چۆنە، ژیانت ئاسایی بووەتەوە؟ چۆن ژیان بەسەر دەبەی؟**

**نەجمەددین کەریم:** بەدڵنیاییەوە ئاسایی نەبووەتەوە، چونکە پێشتر لە کەرکووک بووم و لەوێ پارێزگار بووم. ئیشم دەکرد و خزمەتی خەڵکم دەکرد. پۆستەکەی من گرنگ نییە، بەڵام من هەموو رۆژێک دڵم لەلای خەڵکی کەرکووکە. لەو کارانەی بەرامبەر خەڵکی کەرکووک دەکرێ. هەر ئەو رۆژانە لە (ڕووداوی ئینگلیزی) خوێندمەوە کە رێگە بە هەزاران خەڵک دراوە بێنە ناو کەرکووک و زەوی وماڵی کەرکووکییەکان داگیر بکەن. ئەمە بۆ ئێمە زۆر ناخۆشە، چونکە هاووڵاتیانی خۆمان پێشتر بە سەربەستی دەژیان، ئەمڕۆ شکۆیان نەماوە. ئەوانەشی تووشی ئەمەیان کردوون نەک بەرگرییان لێناکەن، تەنانەت خۆیان لەگەڵ ئەو هێزانە هەڵدەکوتنە سەر ماڵان.

**ڕووداو: ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، کاتێک ئەنجامی دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە کەرکووک دەبینی، ئەو ڕووداوە هیچ کاریگەری نەبووە. ئەوانەی ڕۆڵیان لەو ڕووداوە هەبوو، سەرکردەکانی یەکێتی بوون، کەچی یەکێتی لە جیاتی ئەوەی کورسییەکانی کەم بکات، کورسییەکانی زیادی کرد لە پەرلەمانی کوردستان، ئایا ئەوەی لە کەرکووک ڕوویدا، بەلای خەڵکی کوردستانەوە گرنگ نەبوو؟**

**نەجمەددین کەریم:** ئێمە لە تەمەنێکی گەنجییەوە لە نێو بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندایین. جاران ئەگەر یەکێک گومانی لەسەر بووایە پەیوەندی لەگەڵ رژێم هەیە، بە خائین دادەنرا. کە تۆ نیوەی خاکی کوردستان تەسلیمی دوژمن بکەی، ئەوە زۆر زۆر لەوە گەورەترە. سەبارەت بە زیادوکەمکردنی کورسی، ئەگەر تەماشا بکەی، من وەکو چاودێرێک تەماشای ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانەم کردووە. پارتی دیموکراتی کوردستان لە بانگەشەی هەڵبژاردن زۆر جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئیشی کردووە. حیزبێکە سەرکردایەتی ریفراندۆمی کردووە.

بزووتنەوەی گۆڕان بەشداری حکومەت دەکات

دەنگەکانیشی زۆر زیادی کرد، هەم لە پەرلەمانی عێراق، هەمیش لە پەرلەمانی کوردستان. هەڵبەتە لایەنیش هەیە لە ناوچەی سەوز دەڵێت ئەو ئەنجامەی لەوناوچانە بەدەستهاتوون بەشێوەیەک بووە واقیعەکە وا نەبووە و دەستکاری کراوە.

**ڕووداو: لە مەسەلەی دانوستاندنی پێکهێنانی حکومەتی عێراق، بەهیچ شێوەیەک باسی سەربەخۆیی کوردستان نەکرا، ئایا خەونی دەوڵەتی کوردی دوای گشتپرسی تەواو بوو؟**

**نەجمەددین کەریم:** یەکەم، خەونی دەوڵەتی کوردی هی حیزبێک و کەسێک نییە، هی میللەتێکە. ئەو خەونە هەر دێتەدی، چونکە ئەوە ئیرادەی میللەتێکە. راستە لەوانەیە ئەو ریفراندۆمە و ئەو هێرشانەی کرایە سەر کوردستان، بووبنە هۆی دواکەوتنی. تۆ باسی پێکهێنانی حکومەت دەکەی. لە دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەت بەهیچ شێوەیەک باسی سەربەخۆیی کوردستان ناکرێ. لەدوای 2003وە وەکو سەرکردایەتی کورد، هەوڵی ئەوە درا کە حکومەتێکی فیدراڵی دیموکراتی راستەقینە دروستبکرێ و کورد بەشداری تێدا بکات وەکو شەریکێک، نەک وەکو ئەوەی شتێکی درابێتێ. دەستوور دانرا، بەڵام حکومەتی عێراق پێشێلی کردووە و جێبەجێی نەکردووە، لە مادەی 140ەوە، لە یاسای فیدراڵی، لە مەسەلەی پێشمەرگە. زیاتر لە 60 ماددەی دەستوور پێشێلکراوە، بەشێکی زۆریشیان پەیوەندییان بە کوردستانەوە هەیە. ئێستا جارێکی دیکە ئەو پرۆسەیە دەستپێدەکاتەوە. ئەمە دوایین چانسە دەدرێتە حکومەتی عێراق، چونکە ئەگەر حکومەتی عێراقیش نەتوانێ ئەو دەستوورە جێبەجێ بکات، هەر کورد نییە ناڕازی بێ لەو حکومەتە، بەسرا، حیللە، کەربەلا، نەجەف، رومادی، مووسڵ. هەمووی ناڕازییە. ئەم حکومەتە ئەگەر خۆی نەگرێ، ئەم وڵاتە دروست نەبووەتەوە. ئەم وڵاتە تا ئێستا وەکو پاپۆڕێکە دەشڵەقێ بەمدیو و ئەودیودا. ئەگەر خۆی راست نەکاتەوە، لەوانەیە نقوم بێ و وڵاتەکەش نەمێنێ. جا بۆیە مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان هەردەمێنێ و هەر ماویشە.

**ڕووداو: رەخنەگرانی سەربەخۆیی دەڵێن کاتی گشتپرسی نەبوو، چونکە کوردستان خاوەن ئابوورییەکی بەهێز نییە، ئەگەر تورکیا و ئێران سنوورەکانی لەسەر دابخەن، ئەوە تووشی قەیران دەبێ. بۆچی پێش ئەوە بیرتان لە بنیاتنانی ئابوورییەکی بەهێز و فرەڕەنگ نەکردەوە؟**

عەبادی لە ڕووی ئابوورییەوە فەشەلی هێنا

**نەجمەددین کەریم:** جارێ ئەگەر ئێمە تەماشای مێژووی گەلانی دیکە بکەین کە بەرەو سەربەخۆیی رۆیشتوون، هیچیان نە دەستووریان هەبووە، نە حکومەتیشیان هەبووە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە ناگەیێنێ کە نابێ ئەو کارانە بکەین. تەنانەت ئەگەر سەربەخۆش بین و هەموو سنوورەکانیش کرابنەوە، ئێمە دەبێ کشتوکاڵ زیندوو بکەینەوە. کشتوکاڵ ئاسایشی خۆراکە، ئەوە زۆر گرنگە بۆ ئێمە. جگە لەوەی ئاسایشی خۆراکت دابین دەکات، خەڵکێکی زۆریشت بۆ دەخاتە سەر کار. ئێستا هەرچی خەڵکی لادێیە لە ناو شارە. تۆ کشتوکاڵ زیندوو بکەیتەوە خەڵکێکی زۆر دەخەیتەوە سەر کار. خۆ دەوڵەتی عێراق سنووریشی هەیە، هەموو دونیا دانی پێداناوە، بەڵام دەبینی بە تەواوی پشتی بە نەوت بەستووە، بۆیە باری ئابووریی عێراق خراپە. ئەو خۆپیشاندانانەی ئەمدواییە بووە هۆی ئەوەی عەبادی سەرنەکەوێ، چونکە لە ڕووی ئابوورییەوە فەشەلی هێنا. هەلی پێدانەوەی پۆستی سەرۆکوەزیران لەسەر سینییەکی زیو پێشکەشی عەبادی کرا، بەڵام لەبەر ئەوەی ئیدارەی ئابووری خراپ بوو، پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردستان خراپ بوو، ئەوانەی زۆر پشتیوانیشیان دەکرد، بە تایبەتی باڵیۆزی ئەمریکا و نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا بۆ شەڕی دژی داعش، هەموو حیسابەکانیان هەڵە دەرچوو. بۆ؟ چونکە تۆ دەبێ گرنگی بە میللەتەکەت بدەی، نابێ پشت بە کەسێکی دیکە ببەستی کە دواتر سەرت بخوات، چونکە میللەتەکەت دەزانێ تۆ چ دەکەی، خزمەتت کردووە یان نا.

**ڕووداو: دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پێشبینی چ جۆرە حکومەتێک دەکەی لە کوردستان؟ ئایا پێتوایە ئەو گرژیانەی بەهۆی گشتپرسییەوە دروستبوون لە نێوان پارتی و یەکێتی، ئەوەندە گەورەیە کە پارتی بیەوێ حکومەت دروستبکات بەبێ ئەوەی یەکێتی بەشدار بکات؟**

**نەجمەددین کەریم:** بەبۆچوونی من و بەپێی ئەو قسانەی لەگەڵ ئەو لایەنانە کردوومن کە دانوستاندن دەکەن، پارتی لەگەڵ ئەوەدایە حکومەت بە بەشداری یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵ دروست بکات. لەگەڵ یەکگرتووش، بەڵام یەکگرتوو رایگەیاندووە کە بەشداری ناکات. بە بۆچوونی خۆم گۆڕان بەشداری لە حکومەتدا دەکات. یەکێتیش بەشداری دەکات. پارتیش دەزانێ لەگەڵ هەموو ئەو ناکۆکیانەی کە هەیە و ئەو کارانەی پێش و دوای ریفراندۆم روویاندا، رێگە لەوە ناگرێ ئێمە لە حکومەتێکدا لە کوردستان پێکەوە کار بکەین، تەنانەت لە بەغداش یەکهەڵوێست بین لەو بابەتانەی پەیوەندییان بە کوردستانەوە هەیە، بەڵام هەموو لایەکیش دەبێ لەمەودوا ئاگادار بێ کە بڕیارێکی گەورە دەدرێ دەبێ یەکڕیزی کورد زامن بکرێ. بە بڕوای من ئەگەر بهاتایە یەکڕیزی کورد هەبووایە، هەروەها ئەو لایەنەی کە لەگەڵ ریفراندۆمیش بوو، بە تایبەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ئەگەر ئەو کارە نەکرایە، ئەوانەی کە هێرشیشیان کردە سەر کوردستان و تەنانەت هەڵوێستی ئەمریکا و ئەورووپاش بە جۆرێکی دیکە دەبوو، بەڵام کە بینییان ناکۆکی لەنێو کورد هەیە، ئیستغلالی ئەوەیان کرد. لەوەدا بۆچوونی ئەمریکا و ئێران یەکیگرتەوە کە ئێمە دەزانین نێوانیان چەند خراپە.

حیساباتی مەکگۆرک لە بارەی عەبادییەوە هەڵە بوو



**ڕووداو: ئەوە راستە، زۆرجار کە لەدوای پرێس کۆنفرانسەکان (لە دەرەوەی ریکۆرد) قسە لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکی دەکەم، لێیان دەپرسم بۆچی ئێوە دژی هێرشەکەی سەر کەرکووک نەوەستانەوە، لە کاتێکدا حەشدی شەعبی کە ئێران پاڵپشتیان دەکات، بەشدارییان لەو هێرشەدا کرد؟ ئەوان دەڵێن ئێمە ئەوە بە هێرش نابینین، هەست دەکەین بە تەنسیق لەگەڵ خۆتان کراوە.**

**نەجمەددین کەریم:** بەدڵنیاییەوە وایە، بەڵام ئەوە دوولای هەیە. لەلایەک ئەو بەرپرسە ئەمریکیانەی کە کاروباری عێراقیان بەدەستەوە بوو، سەبارەت بە ریفراندۆم و سیاسەتی عێراق، پێیانخۆشبوو کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەو کارە بکات. بۆ ئەوەی ئەو سیاسەتەی خۆیان سەربخەن. بەڵام ئەگەر ئەوە نەبووایە ئەوانیش نەیاندەتوانی بە ئاشکرا دژی ریفراندۆم بن و بڵێن ئێمە دژین و ئەوە کارێکی خراپە. ئێرانیش دەیزانی ئەمریکا هیچ ناکات، زیاتر پاڵیان بە حەشدی شەعبییەوە نا و هێزەکانیان نارده کەرکووک و ناوچەکانی دیکە. من لەو باوەڕەدام عەبادیش ئەو هێرشەی نەدەکردە سەر کەرکووک، ئەگەر بیزانیایە کورد یەکە و هێزی پێشمەرگە پێکەوەیە و لایەکی ناکشێتەوە. تەنانەت حەیدەر عەبادی گوتبووی ئەمە بڕیاری کۆتایی من نەبووە کە کراوە.

**ڕووداو: لە دەرەوە بە تایبەتیش ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان زۆر باسی پەرتەوازەیی هێزی پێشمەرگە دەکەن، دەڵێن پێشمەرگە وەڵاتی بۆ کەس هەیە نەک خاک، بەرچاوترین نموونەش ڕووداوەکەی کەرکووکە. ئێستا پارتی 45 کورسی هەیە، ئایا هەلێک بۆ پارتی نەهاتووەتە پێش کە بە یاسا هێزی پێشمەرگە یەکبخات و پاشان بە پراکتیکی یەکیبخات؟**

**نەجمەددین کەریم:** کە شەڕی داعش دەستیپێکرد، ئەوکات ژەنەراڵ باربێرۆ لە عێراق بوو، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەبوو، راسپێردرا و داوای لێکرا کە وا بکات هێزی پێشمەرگە یەکبخات و ببێ بە هێزێکی پرۆفیشناڵ کە هی وڵات بێ و لەژێر کۆنترۆڵی حیزبدا نەبێ. هاتە لای من لە کەرکووک و لێی پرسیم. من گوتم ئەوەی کە ئێستا هەیە زۆر زەحمەتە بکرێ بە یەک، چونکە ئەو دوو هێزە سەرەکییەی لە کوردستان هەن، هێزی پارتی و یەکێتین. وەکو هێزێکی نیزامی دژی داعش وەستانەوە. لە کەرکووک پێشمەرگەی پارتی و یەکێتی شەهید دەبوون، لە یەک بەرەدا بوون دژی دوژمن، بەڵام کە هاتە سەر بەرژەوەندی حیزبی، لە 16ی ئۆکتۆبەر جیابوونەوە. یەکێتییەکان بە قسەی یەکێتیان کرد، پارتییەکان مانەوە. بۆ ئەوەی لە کوردستان هێزێکی نیشتیمانی دروست ببێ، دەبێ دەست بە تەجنیدی ئیجباری بکەین. واتە هەموو کەسێک کە تەمەنی گەیشتە 18 ساڵ، بۆ ماوەی ساڵێک ساڵ و نیوێک خزمەت بکات. ئەو کاتە منداڵی فەقیری تێدا دەبێ، منداڵی دەوڵەمەندی تێدا دەبێ. کە ئەمەت کرد، ئەوانەی ئێستا وردە وردە خانەنشین دەبن. لە مێژووی ئەمریکادا دوو شت رەش و سپی تێکەڵ کرد، یەکێکیان سوپا و ئەوەی دیکەشیان وەرزش. ئێمە دەبێ بەو جۆرە بیری لێبکەینەوە. ئەگینا ئەگەر تۆ بێیتە سەر ئەوە، شەڕی ناوخۆ بووە، ئەو برای شەهید بووە، ئەو لەوێ شتێکی بەسەرهاتووە، ئەو شتانەیان قەت لەبیر ناچێ.

**ڕووداو: دوایین پرسیارم، ئایا داهاتووی د.نەجمەدین چی دەبێ؟ بەردەوام دەبی لە سیاسەتکردن لە کوردستان، یان دەگەڕێیتەوە سەر کاری پێشووت وەکو پزیشک لە ئەمریکا.**

**نەجمەددین کەریم:** من لە 13 ساڵییەوە یەکەمجار لە رێگەی یەکێتی قوتابیانەوە تێکەڵ بە سیاسەت بووم، دوای ئەوە لە ناو پارتی، پاشان بووم بە پێشمەرگە. دوای ئەوەی کە هاتوومەتە ئەمریکا ئەو هەموو ساڵە وەکو سەربەخۆیەک ئیشم کردووە. خزمەتی هەموو پارچەکانی کوردستانم کردووە. خزمەتی هەموو حیزبەکانیشم کردووە، بە پارتییەوە، بە یەکێتییەوە. من کە گەڕاومەتەوە کوردستان لەسەر داوای خوالێخۆشبوو مام جەلال بووە. تا مام جەلال مابوو، متمانەیەکی تەواوم بەو ئیشانە هەبوو کە دەمکرد، پاڵپشتییەکی گەورەم هەبوو. من لەنێو حیزبیشدا نەبم، کوردایەتی خۆم هەر دەکەم. سیاسەتی خۆم هەر دەکەم، چونکە ناتوانین وازی لێبێنین. ئەمە شتێکە کە ئێمە پێی گەورەبووین، بە تایبەتی ئێمەی کەرکووکی.

**ڕووداو: پرۆژەیەکی تایبەتت هەیە، وەکو هەواڵ بە ئێمەی بڵێی؟**

**نەجمەددین کەریم:** چاوەڕێین دروستبوونی حکومەتی عێراق تەواو ببێ و بزانین لە کوردستان چۆن دەکرێ، ئەوکات بڕیار دەدەین. ئێمە لێرە ئینستتیوتی کوردیمان هەیە لە واشنتن، ئێستاش بەردەوامە. سەنتەری دیراساتی سیاسیمان لە زانکۆی فلۆریدا دامەزراندووە. پرۆژەی یەکەمی من رزگارکردنی خەڵکی کەرکووکە لەو نەهامەتییەی بەسەریان هاتووە.

دوایین چانس دراوەتە حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی خۆی ڕاست بکاتەوە

دوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵوێستی خۆم رادەگەیەنم

ناتوانم لە سیاسەت دووربکەومەوە

تەنیا بە تەجنیدی ئیجباری هێزی پێشمەرگە یەکدەخرێ



## پەرلەمانتارێکی یەکێتی:
## ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا ڕێگە لە بەقاچاخبردنی نەوتی کەرکووک دەگرێت

ڕووداو - کەرکووک

دوای ساڵێک لە ڕاگرتنی، بەپێی ڕێککەوتنێکی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق، هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک لەڕێگەی بۆری کوردستانەوە بۆ بەندەری جەیهان دەستپێکردەوە. لە قۆناخی یەکەمدا ڕۆژانە 50 بۆ 100 هەزار بەرمیل نەوت هەناردەدەکرێت. ڕێبوار تەها، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی یەکێتی دەڵێت "یەکێک لەلایەنە بەسوودەکانی ڕێککەوتنەکە ئەوەیە پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق باش دەبێتەوە و هەردوولا سودمەندی ئابووری دەبن. خاڵی دووەمیشی ئەوەیە فرۆشتنی نەوت لەڕێگەی حکومەت و دەوڵەتەوە دەبێت و ڕێگەی بە قاچاخبردن دادەخات و چیدیکە نەوتی کەرکووک بە قاچاغ نابرێت".

### لە مەیدانی جەنگەوە بۆ مەیدانی سیاسەت...

# پەرلەمانتارانی حەشد قۆڵ لە حکومەت و ئەمریکا هەڵدەماڵن

ڕووداو - هەولێر

دوای هەڵبژاردنەکانی مانگی ئایاری پەرلەمانی عێراق، حەسەن فەدعەم لە پاش چەندین ساڵ، جلە سەربازییەکەی دانا و دەستێک قاتی لەبەرکرد، دوای ئەوەی توانی لەگەڵ دەیان فەرماندەی دیکەی حەشدی شەعبی لە هەڵبژاردنەکەدا سەرکەوتن بەدەستبهێنن. ئێستاش فەدعەم و پەرلەمانتارەکانی دیکەی حەشد دەیانەوێ پلاتفۆرمێک بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی حکومەتی نوێی عێراق پێکبهێنن.

فەدعەم لە ئێران مەشقی سەربازی وەرگرتووە و ماوەی سێ ساڵیش لەدژی چەکدارانی داعش لە عێراق شەڕی کردووە. ئێستا ئەندامی هاوپەیمانێتی فەتحە کە پاش کوتلەی سائیرون بە سەرۆکایەتی موقتەدا سەدر، دووەم گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی عێراقە و پشتگیرییەکی بەرچاوی ئێرانیشیان لەگەڵە.

ئاژانسی (ڕۆیتەرز) لەگەڵ ژمارەیەک فەرماندەی پێشووی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی قسەی کردووە کە سەرکەوتنەکانی مەیدانی جەنگیان بۆ بەدەستهێنانی سەنگی سیاسی لە عێراقی داهاتوودا بەکارهێناوە. دوای شەش مانگ لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن، تاوەکو ئێستا هەیکەلی گشتیی حکومەتی عادل عەبدولمەهدی بە تەواوەتی ڕوون نییە، بەڵام ئەوەی ڕوونە، میلیشیا شیعەکان لە پێگەیەکی بەهێزتردان لەچاو جاران بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئەمنی، دەرەوە و نێوخۆی عێراق دابنێن و تەحەدای نوێ ڕووبەڕووی حکومەتی داهاتووی بەغدا بکەنەوە.

دەستەی حەشدی شەعبی پێویستییەکی سەردەمی هێرشەکانی 2014ی داعش بوو لە عێراق. گرووپەکانی حەشد لە دوای تێکشکانی داعش نەک هەر چەکیان دانەنا، بەڵکو سەرکەوتنەکانی مەیدانی شەڕیان بۆ دەستکەوتی سیاسی بەکارهێنا.

واشنتن نیگەرانە، لە چەند مانگی ڕابردوودا، سیناتۆرە کۆمارییەکان پرۆژە بڕیارێکیان گەڵاڵە کردووە بۆ ئەوەی سزا بەسەر عەسایبی ئەهلی حەق و حەرەکەی حیزبوڵڵا ئەلنوجەبادا بسەپێنێ کە هەردووکیان بە گرووپی نزیک لە تاران لە قەڵەم دەدرێن.

ئێران گوێی لێ نییە. باڵیۆزێکی پێشووی ئێران کە ئێستا لە تاران کاربەدەستە، لەوبارەیەوە بە (ڕۆیتەرز)ی گوت: "لە کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ برا عێراقییەکان، ئەوان دڵنیاییمان دەدەنێ کە ناکرێ ئەمریکا عێراق بەکاربهێنێ". لێدوانی کەریم نووری، فەرماندەیەکی پێشووی سوپای بەدر و گوتەبێژی پێشووی حەشد، ئەو زانیارییە پشتڕاست دەکاتەوە کە دەڵێ: "پەیوەندیمان لەگەڵ ئێران بەردەوامە بۆ ئەوەی ڕکابەرەکانی ئێران، واتە ئەمریکا و سعودیە، لە ژێر چاودێریدا بمێننەوە".

هیشام ئەلهاشمی، ڕاوێژکاری ئەمنیی حکومەتی عێراق، پێیوایە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و سیاسەتکارە شیعەکان بەردەوامە، بۆ ئەوەی "کارتی گوشاری سیاسی لەبەردەست بێ، وەفادارێی ئەوان مسۆگەر بکات و دڵنیا بێ لەوەی ئەو لایەنانە هێزی سەربازیی خۆیان هەیە. ئەوان (ئێرانییەکان) لە بوارەکانی پەیوەندی، پڕوپاگەندە، بازاڕدۆزی، میدیا، گوتار و تۆڕی کۆمەڵایەتی ڕاوێژیان پێشکەش دەکەن".

### ئیلهام لە ئێران و گومان لە ئەمریکا

لە ماوەی شەڕی سێ ساڵی داعشدا، فەدعەم فەرماندەی یەکەیەکی سەربازی بوو بەناوی فەجر کە 3400 چەکداری هەبوو. ئەم گرووپە لە ڕزگارکردنی شارۆچکەی جورف ئەلسەخر لە باشووری بەغدا ڕۆڵی هەبوو. هەر ئەوکات فەدعەم داوای لە پارێزگاری بابل کردبوو دەست بەسەر موڵک و ماڵی سوننەکانی حیللەدا بگرێ "لەبەر ئەوەی پەیوەندییان بە داعشەوە هەیە" داواکەشی جێبەجێ کرا.

ئێستا حەسەن فەدعەم نوێنەری شاری حیللەیە لە پەرلەمانی عێراق، بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (ڕۆیتەرز)یش، خەڵک ڕۆژانە ڕوو لە ئۆفیسەکەی دەکەن، گەنجەکان چاویان لەدەستی ئەوە کاریان بۆ بدۆزێتەوە، خەڵک داوای خزمەتگوزاری دەکەن. لایەنگرانی فەدعەم نەخۆشخانەیەکیان لە شارەکەدا داناوە کە خزمەتگوزاریی پزیشکی بە خۆڕایی پێشکەش بە چەکدارانی حەشد و خەڵک دەکات و ژوورەکانی نەخۆشخانەکە لە زۆربەی بنکە تەندروستییەکانی عێراق خاوێنترن.

فەدعەم دەڵێت: "دواجار بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەمان دەبووایە بێینە ناو سیاسەتەوە، چونکە ئاوەدانکردنەوە و پاراستنی ئاسایش تەنیا لە ڕێگەی سیاسەتێکی باشەوە دەبێ".

فالح خەزعەلی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە بازنەی بەسرە، فەرماندەی پێشووی یەکێک لە میلیشیاکانی حەشدە، زیاتر لە فەدعەم بیر لە سیاسەتی ناوچەیی دەکاتەوە. خەزعەلی بۆ پاراستنی مەزارگەی زەینەب لە دیمەشق لە شەڕی نێوخۆی سووریادا بەشداری کردووە و چاوێکی خۆیشی لەسەر داناوە، ئێستاش دووەم خولیەتی لە پەرلەمانی عێراقدا و بەگوێرەی ڕاپۆرتی ئاژانسە بەریتانییەکە، وێنەی ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، ڕابەری کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئایەتوڵڵا خومەینی، ڕابەری پێشوو و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی لە ئۆفیسەکەی هەڵواسراون.

خەزعەلی لەبارەی ڕۆڵی ئەمریکییەکان دەڵێ: "ئەمریکییەکان نابێ عێراق بە گوندێکی خۆیان بزانن، عێراق وڵاتێکی سەربەخۆیە کە مێژوویەکی کۆنی هەیە"، سەبارەت بە ڕۆڵی ئێرانیش دەڵێ: "ئێران لە ڕێگەی حکومەتەوە ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری لە پڕچەککردنی هێزە عێراقییەکان و حەشددا هەبوو، تەنیا کۆماری ئیسلامیی ئێران پشتگیری عێراقی کرد کاتێک حکومەت خەریک بوو دەڕووخا، ئەوانی دی هەموویان پشتگوێیان خستین". فەرماندەکەی پێشووی کەتایبی سەیدئەلشوهەدا باس لەوەش دەکات کە خەریکی ئامادەکردنی ڕەشنووسی پرۆژە بڕیارێکە بۆ ئەوەی عێراق بە هاوکارییە سەربازییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا بچێتەوە.

نوێنەرەکەی بەسرە هاوشێوەی فەدعەم جەخت لەوە دەکاتەوە کە تەرکیزی لەسەر خزمەتگوزارییەکان و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییە، دەشڵێت: "پاش تێکشکاندنی داعش، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ئامانجی یەکەمی منە، گەندەڵی داعشی ژمارە دووە، هەڵبەت ئەگەر لەویش خراپتر نەبێ".

سەرەڕای ئەو لێدوانانە، هەندێک لە بەرپرسان و فەرماندە سەربازییەکانی عێراق نیگەرانن لەوەی تاران هەوڵبدات لە ڕێگەی میلیشکانەوە سوپای پاسدارانی دووەم لە عێراق دروست بکات.

بەرپرسێکی لۆکاڵی و دوو بەرپرسی باڵای پێشووی عێراق بە (ڕۆیتەرز)یان ڕاگەیاندووە کە ڕێکخراوی بەدر لە سنووری سەفرا لە باکووری بەغدا باج دەخاتە سەر ئەو کاڵایانەی لە هەرێمی کوردستانەوە دەچنە ناوچەکانی دیکەی عێراق. فەرماندەیەکی بەدر لە ناوچەکە ئەو زانیارییە ڕەتدەکاتەوە، بەڵام بەرپرسە لۆکاڵییەکە باس لەوە دەکات کە ڕێکخراوی بەدر مانگانە 12 بۆ 15 ملیۆن دۆلاری لەو ڕێگەیەوە دەستدەکەوێ. لەلایەکی دیکەوە سێ خاوەن نووسینگەی ئاڵوگۆڕ و حەواڵەی پارە و سەرچاوەی پۆلیس ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پارە بە میلیشیا دەدەن بۆ ئەوەی کاسبییەکەیان پارێزراو بێ.

**پەرلەمانتارێکی حەشدی شەعبی**

**پرۆژە یاسایەک ئامادە دەکەین بۆ پێداچوونەوە بە هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ عێراق**

**بەرپرسێکی عێراقی**

**ڕێکخراوی بەدر مانگانە 15 ملیۆن دۆلاری لە بازگەی سەفرا دەستدەکەوێ**



کۆمارییەکانی ئەمریکا دەیانەوێ دوو میلیشیای حەشدی شەعبی بخەنە لیستی تیرۆرەوە (فۆتۆ: AFP)

### کورد چاوەڕێی دامەزراندنی ئەنجوومەنی سیاسەتە ستراتیژییەکانە

# بریکاری 6 وەزارەت و 10 بەڕێوەبەری گشتی لە کورد وەرگیراوەتەوە

ئەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

بەڵێنێکی گەورە لە نێوان عادل عەبدولمەهدی و سەرکردەکانی کورد و سوننەدا چاوەڕێی سەرپێکەوتنی حکومەتی عێراق دەکات. ئەو بەڵێنە یەکێک بوو لەو خاڵانەی کە وایکرد بایکۆتکردنی پرۆسەی سیاسی عێراق نەبێتە بژارەی بارزانی. بەڵێنەکە دەربارەی ئەنجوومەنێکە کە وەک ئەندامێکی لیژنەی دانوستاندنکاری پارتی لە بەغدا دەڵێ، بە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی کورد 20%ی پۆستەکانی عێراقی دەستدەکەوێتەوە.

هەشت ساڵ لەمەوبەر و کاتێک کە پەیوەندی نێوان مالیکی و سەرکردایەتی سیاسیی کورد بە گشتی و بارزانی بە تایبەتی لە درەوشانەوەدا بوو، لیژنەیەک لە نوێنەرایەتی شیعە و سوننە و کورد، بۆ ڕووپێوکردنی پۆستە گەورە و بچووکەکانی حکومەتی بەغدا دروستکرا و کاری ئەو لیژنەیە ئەوە بوو دوای دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکانی هاوسەنگی، جارێکی دیکە پۆستەکان بەشێوەیەک پڕبکرێنەوە کە هەستی بەشخوراوی لەنێو پێکهاتەکانی دیکەدا نەمێنێ. وەک ئەشواق جاف، ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق باسی دەکات، لیژنەکە زۆر ماندوو بوون و ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەل و بیانوبڕیان لەوبارەیەوە ئامادە کرد و دایانە دەست نووری مالیکی "بەڵام ئەو ڕاپۆرتە تاوەکو ئێستاش لە ئەنجوومەنی وەزیران کەوتووە و نەک کاری پێنەکرا، بگرە هەر نەشیانخوێندەوە".

ئەو پەرلەمانتارەی پارتی لە خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق، ئاگاداری ئەوە بووە کە لیژنەکە لە نێو ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان، بە وردی دەستنیشانیان کردووە کورد چەند پۆستی بەردەکەوێ و سوننە و شیعە و پێکهاتەکانی دیکە دەبێ چەند پۆستیان بەدەستەوە بێت، بەڵام ئەوە هەروا مایەوە تا عەبادی، بە موژدەی نۆژەنکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا وەک سەرۆکوەزیران دەستبەکار بوو. ئەشواق جاف دەڵێت: "لە سەردەمی عەبادیدا دیسان لیژنەکو دەستبەکار بوون بۆ ئەوەی کەموکورتییەکانی هاوسەنگی لە نێو حکومەت دەستنیشان بکرێن، بەڵام ئەوجارەیان خراپتر دۆخەکە لە کورد تێکچوو، تەنانەت لەو چوار ساڵەدا کورد هەر پۆستی بەدەستەوە نەما".

بەگوێرەی ڕێککەوتنێک کە نووری مالیکی بەڵێنی ڕازیبوون بە وردەکارییەکانی دابوو، بەشداریی کورد و سوننە لە حکومەتی عێراقدا بەپێی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان دیاری کرابوو: 20% بۆ کورد، 30% بۆ سوننە و 50% بۆ شیعە. هەر ئەوکات شیعەکان کەوتنە سەرزەنشتکردنی ڕێککەوتنەکە و 60% کەمتریان نەدەویست، دواتر ڕازی بوون و بێدەنگییان لە 50% کرد. بەڵام وەک ئەو پەرلەمانتارە باسی دەکات، ئێستا نەک 60% بەڵکو 90%ی بەڕێوەبەرە گشتییەکان و بریکاری وەزارەتەکان و دەستەکان، بەدەست شیعەوەن.

ئێستا کورد سێکوچکەی داواکارییە دووبارە و هەمیشەییەکانی (هاوسەنگی و هاوبەشی و جێبەجێکردنی دەستوور) بردووەتەوە بەردەم سەرۆکوەزیرانی تازە دەستبەکاربوو، عەبدولمەهدی بەڵێنی بە بارزانی داوە لە دوای دەستبەکاربوونی بچێتە ژێرباری بەڵێنی دروستکردنی ئەنجوومەنی سیاسەتە ستراتیژییەکانی عێراق. ئەو ئەنجوومەنەی هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی گفتوگۆی لایەنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ، داخوازی و مەرجی بارزانی بوو بۆ بەشداریکردن لەو حکومەتەدا.

مەسعود حەیدەر، ئەندامی ئەو لیژنەیەی لەکاتی یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆک کۆماردا پارتی ناردبوویە بەغدا، دڵنیایە لەوەی کێشەی هاوسەنگیی پۆستەکان بەشێوەیەک ئاڵۆز و دژوار بووە لە نێوان هەولێر و بەغدا: "بەبێ دروستکردنی ئەنجوومەنی سیاسەتە ستراتیژییەکانی عێراق و جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی، چارەسەر نابێت".

مەسعود حەیدەر، دەڵێ ئێستا کورد لەناو سوپا و وەزارەتەکانی ناوخۆ و بەرگری و پۆستە فیدراڵییەکان نەماوە: "ئەو ئەنجوومەنە جگە لە گێڕانەوەی هاوسەنگی، کارێکی دیکەی ئەوەیە کە بڕیاردان لە پەیوەندییەکانی دەرەوە و دارایی و بەڕێوەبردن و کاروبارە نێوخۆییەکانی عێراق، بەهاوبەشی لەنێوان پێکهاتەکان دەبێت و سەرۆکوەزیران وەک ئێستا هەموو بڕیارێک بە تەنیا نادات".

پەرلەمانتارێکی یەکێتی لە خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق دەڵێ عەبادی زیرەکانە بەربەستی بۆ لیژنەکانی گێڕانەوەی هاوسەنگی دروستکردووە. ئەو نموونە بەو لیژنەیە دێنێتەوە کە بە سەرۆکایەتی ساڵح موتڵەگ لە سوننەکان و ئەندامێتی د.ڕۆژ نووری شاوەیس لە کورد و بەهائەعرەجی لە شیعەکان پێکهات بۆ ڕووپێوکردنی پۆستەکان: "بەڵام کە عەبادی زانی ئەوان بە جددی خەریکی ئەو پرسەن، بەناوی چاکسازییەوە چەند بڕیارێکی دەرکرد و یەکێک لەو بڕیارانە دوورخستنەوەی ئەو لیژنەیە بوو".

کورد لە حکومەتی عێراقیدا جگە لە پۆستی سەرۆککۆمار و جێگری سەرۆکوەزیران و جێگری سەرۆکی پەرلەمان و ئەو وەزارەتانەی وەک بەرکەوتەی هەڵبژاردن وەریدەگرێ، سوپاسالاری عێراق و زیاتر لە 10 بەڕێوەبەری گشتی و بریکاری هەریەک لە وەزارەتەکانی ناوخۆ، داد، کارەبا، تەندروستی، گواستنەوە. جێگری سەرۆکی دەستەی حەج و عومرە و جێگری سەرۆکی دەزگای شەهیدان و جێگری سەرۆکی زیندانیانی سیاسی هەبوون، بەڵام ئێستا هیچکام لەو پۆستانە بەدەست کوردەوە نەماون و ڕێژەی بەشداریی کوردیش لە نێو سوپای عێراق بۆ 1% کەم بووەتەوە.

ئاریز عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لەو بڕوایەدایە ئەو پۆستانەی لە کورد وەرگیراونەتەوە و سەرکردایەتی کورد فەرامۆشی کردوون، لە وەزارەتەکان گرنگترن بۆ ئەوەی کورد بەشدارییەکی بەهێزی لە عێراقدا هەبێت: "لەبەرئەوەی کورد شاندی یەکگرتوویان نییە، هەریەک بۆخۆی باسی پۆست دەکات و ئەوەش بووەتە هۆی پەرشوبڵاویی داواکارییەکانی". ئەو بەرپرسەی یەکێتی داوای کرد، هەرنەبێ بۆ ئەوەی کورد ئەو پۆستانە وەربگرێتەوە "پێویستە پارتی و یەکێتی لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکانی دیکە، یەک تیم دروستبکەنەوە بۆ گفتوگۆکانی بەغدا".

پارتی و یەکێتی پێش ئەوەی بەهۆی پۆستی سەرۆککۆمارەوە بەو شێوەیەی ئێستا لەیەک بڕەنجێن، پاکێجێکی پڕ لە وردەکاریی هاوبەشیان ئامادە کردبوو بیبەنە بەغدا بۆ دانوستاندن. بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە بەرپرسانی پارتی و یەکێتی دەستیکەوتوون، پاکێجەکە لە 6 خاڵی سەرەکی پێکهاتووە و داوایان کردبوو، پۆستی سەرۆککۆمار و جێگری سەرۆکی حکومەت و پەرلەمان و وەزارەتی دەرەوە و دوو وەزارەتی خزمەتگوزارییان پێبدرێ. هەروەها داوای ئەوەشیان کردبوو کە پۆستی سوپاسالاری عێراق و 17%ی بودجەی عێراق بۆ کوردستان و بەهاوبەشی بەڕێوەبردنی دۆسیەی ئەمنی و سەربازی و ئیداریی کەرکووک و پۆستەکانی دیکە لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان و بریکاری وەزارەتەکان بەپێی ژمارەی کورسی، بدرێتەوە کورد.



## لە ئێران بە "شەهیدی زیندوو" ناوی دەبەن

# قاسم سولەیمانی.. لە کرێکارییەوە بۆ ناودارترین فەرماندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**رووداو- هەولێر**

بە بەهێزترین فەرماندەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەقەڵەم دەدرێ، یەک لەو دەگمەن کەسانەیە کە دەتوانێ بەبێ پاسپۆرت و ڤیزا و تەنیا بە پشتگیریی میلیشیا شیعەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە لاندکروزەرێک لە تارانەوە هەتا کەنارەکانی دەریای سپی تەی بکات، بەبێ ئەوەی پێویستی بە پاسەوانی ئێرانی بێ. لە ناوەندە سەربازی و سیاسییەکانی ئێراندا بە "حاج قاسم" ناسراوە و ئەستێرەی بەختی هاوتەریب لەگەڵ فراوانبوونی نفووزی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەڵکشا.

### فەرماندەیەکی بێ ژیاننامە

قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودسی ئێران، چەندە بەناوبانگە، ئەوەندەش زانیاری لەسەر خۆی و ژیانی کەمە، لەبەر ئەوەی بڕوای بە دەرکەوتن و دیمانەی میدیایی نییە. دەیڤید پاتریکاراکۆس، نووسەر لەبواری بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، ساڵانێکی زۆر هەوڵی چاوپێکەوتن لەگەڵ سولەیمانی دابوو، وەک خۆی بە ماڵپەڕی (دەیلی بیست)ی ئەمریکی گوتبوو: "ئەگەر خامنەیی و قاسم سولەیمانییان بۆ پێشنیاز کردبام بۆ چاوپێکەوتن، سولەیمانیم هەڵدەبژارد، بەڵام ئەو بە ڕوونی و بەخێرایی وەڵامی داواکەمی دایەوە: ئەو شتە لە مێشکت دەرکە".

فەرماندە ئێرانییەکە لە کۆبوونەوە فەرمییەکانیشدا کەمدووە. بەرپرسێکی پێشووی حکومەتی عێراق بە گۆڤاری (نیویۆرکەر)ی ئەمریکی گوتووە :"10 کەس لە ژوورەکە دانیشتوون، بەڵام کاتێک سولەیمانی دێتە ژوورەوە، لەگەڵت دانانیشێ، بەڵکو لەوپەڕی ژوورەکە لە گۆشەیەک بەتەنیا و بەبێدەنگی دادەنیشێ. قسە ناکات، تێبینی نادات، تەنیا دادەنیشێ و گوێ دەگرێ، بەڵام بێگومان هەموو کەسانی ناو ژوورەکە بیریان لای ئەوە".

جیا لەمە، ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش نایانەوێ زانیاری لەسەر ئاشکرا بکەن. بەرپرسێکی باشووری کوردستان کاتێک لە 2013 لەلایەن گۆڤارە ئەمریکییەکەوە پرسیاری قاسم سولەیمانی لێدەکرێ، یەکسەر دەڵێ: "نامەوێ بەشێک بم لەمە". بەرپرسێکی پێشووی مۆسادیش پاش وەستانێک بە تەوسەوە دەڵێ: "هاوڕێیەکی زۆر باشی منە".

سولەیمانی، تەمەن 61 ساڵ، لە گوندی قەناتی مالیک لە پارێزگای کرمان لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران لە دایک بووە کە تەنیا چەند کاژێرێک لە سنووری پاکستان و ئەفغانستانەوە دوورە. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی عەشایەری لە پارێزگای کرمان بەهێزە. عەلی ئەلفونێ، لێکۆڵەر لە پەیمانگەی ئینتەرپرایزی ئەمریکی پێیوایە ئەم تایبەتمەندییە عەشایرییەی ناوچەکە ئەوی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی "لە کۆمەڵگا عەشایەرییەکانی وەکو عێراق و ئەفغانستان چالاک بێ".

لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا، چاکسازی زەوییە کشتوکاڵییەکانی لەلایەن ڕژێمی پاشایەتی ئێرانەوە دەستپێکرد، ئەو چاکسازییانە ژیانی خێزانی سولەیمانییان سەراوبن کرد، بەهۆی ئەو پلانەوە باوکی فەرماندە ئێرانییەکە کەوتە ژێر قەرزێکی 900 تومەنییەوە کە بۆ ئەوکات پارەیەکی زۆر بوو، هەر ئەمەش سولەیمانیی تەمەن 13 ساڵی ناچار کرد دەست لە خوێندن هەڵگرێ و ڕوو لە کرێکاریی باڵەخانەکان لە شاری کرمان بکات، لە گەرمەی شۆڕشی ئێراندا لە 1979 وەکو تەکنیککارێک لە شارەوانیی کرمان کاری دەکرد.

سولەیمانی لە تاران دەژی، باوکی سێ کوڕ و دوو کچە، کەسانی نزیک لە خۆی باس لەوە دەکەن کە باوکێکی بە سۆزە بۆ منداڵەکانی. بەرپرسانی ئەمنیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش دەڵێن: "ڕێز لە هاوژینەکەی دەگرێ" و زۆرجار بۆ گەشتەکانی دەرەوەی وڵات لەگەڵ خۆیدا دەیبات. بەگوێرەی راپۆرتێکی (نیویۆرکەر)، بەدەست پرۆستاتێکی قورس و پشتئێشەوە دەناڵێنێ، بەم حاڵەشەوە هاوڕێیەکی عێراقیی نزیکی سولەیمانی بە سەرسوڕمانەوە بە گۆڤارە ئەمریکییەکە دەڵێ: "ئەو هەموو بەیانییەک کاژێر چوار لە خەو هەڵدەستێ و نۆ و نیوی شەو دەچێتەوە نێو جێگەی خەوتنەکەی".

### شۆڕش، سوپا و کوردستان

پێش سەرکەوتنی شۆڕش هیچ ئاماژەیەک نییە کە قاسم سولەیمانی حەزی لە سیاسەت بووبێ، بەڵام لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕش یەکسەر ناوی خۆی لە سوپای پاسداری شۆڕشی ئیسلامیدا نووسی. عەلی سوفان، لێکۆڵەر لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی سوفان، لە راپۆرتێکدا بۆ گۆڤاری دژەتیرۆری ئەمریکا دەنووسێ: "دەبێ سەرنجی کەسێکی ڕاکێشابێ، چونکە هەر دوای تەواوکردنی مەشقە سەرەتاییەکان کرا بە ڕاهێنەری سەربازەکانی دیکە".

یەکەم ئەزموونی شەڕی قاسم سولەیمانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، کاتێک لە تەمەنی 22 ساڵی لەگەڵ یەکەیەکی سەربازی لە کرمانەوە ڕەوانەی مەهاباد کران. هەر لەوێ چاوی بە مەحموود

> کاتێک بە نەخێر وەڵامی سولەیمانی دەدەینەوە، کێشەمان بۆ دروستدەکات، تەقینەوە و تەقە دەستپێدەکات
>
> هاوکارێکی پێشووی جەلال تاڵەبانی

ئەحمەدینەژاد، سەرۆککۆماری پێشووی ئێران کەوت کە لە تەمەنی 23 ساڵیدا راوێژکاری پارێزگاری سنە بوو. بەشداری لە هێرشەکانی سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاوەکو ئێستاش لە ریزەکانی سوپای پاسداراندا وەکو نیشانەیەکی شانازی سەیر دەکرێ. ئەلفۆنێ پێیوایە :"ڕەنگە ئەزموونی سولەیمانی لە کوردستان ڕۆڵی هەبووبێ لەوەی وەک فەرماندەی سوپای قودس دەستنیشان کرا".

### شەڕی عێراق و دزینی گیسک

لە سەرەتای جەنگی عێراق و ئێران، قاسم سولەیمانی کە ڕۆژئاواییەکان بە "فەرماندەی سێبەر" ناوی دەبەن، ڕەوانەی کرمان کرایەوە بۆ ئەوەی سەربازی نوێ پێبگەیەنێ، بەڵام هێندەی نەبرد جارێکی دیکە خۆی لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ بینییەوە. لە ماوەی هەشت ساڵی جەنگەکە کە نزیک یەک ملیۆن کوژراوی لێکەوتەوە، سولەیمانی لە زۆربەی شەڕە گەورەکاندا بەشدار بووە، لەوانەش شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی شاری بۆستان لە پارێزگای خوزستان لە 1981، ئۆپەراسیۆنی نەسری 4 لە 1987 کە تێیدا هێزەکانی ئێران هاتنە ناو هەڵەبجە و سوپای عێراق چەکی کیمیایی بەکارهێنا، هەروەها لە شەڕی نیمچە دوورگەی فاو لە پارێزگای بەسرە کە شکستەکەی هۆکاری ئاگربەستی نێوان هەردوو وڵات بوو، بەگوێرەی زانیارییەکان سولەیمانی لە سەرەتاوە دژی هێرشی سەر فاو بووە.

لە ماوەی جەنگە هەشت ساڵەکەدا، سولەیمانی بەهۆی ئازایەتی و مامەڵەی باش لەگەڵ سەربازەکانی ناوی دەرکردبوو، بە تایبەتیش بەهۆی ئەو جەولانەی کە لە نزیک هێڵەکانی سوپای عێراق دەیکرد و تێیدا نەک هەر خۆی بە سەلامەتی دەهاتەوە، بەڵکو لە زۆربەی حاڵەتەکاندا گیسکێکی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا بۆ ئەوەی سەربازەکانی بیخۆن. بەگوێرەی

> سەفەرێکی سولەیمانی، ڕووسیای هێنایە نێو شەڕی سووریا

راپۆرتەکەی دژەتیرۆری ئەمریکا، هەر بەهۆی ئەمە بوو کە سولەیمانی لەناو سەربازەکاندا بە "گیسکدز" ناوی دەرکردبوو.

ئەلفۆنێ کە چەندین پرۆفایلی لەسەر سولەیمانی ئامادە کردووە، دەڵێت سولەیمانی لەگەڵ فەرماندەکانی سەرەوەی خۆی توند بووە، بە تایبەتیش لەگەڵ موحسین ڕەزایی، فەرماندەی پێشووی سوپای پاسداران، هەر بۆیەش دوای لێکەوتنی ڕەزایی لە پۆستەکەی لە 1997 ، بوو بە فەرماندەی باڵای سوپای قودس.

### شەڕی تریاک و تاڵیبان

لە دوای تەواوبوونی جەنگ، سولەیمانی ڕەوانەی پارێزگای کرمان کرایەوە، بۆ ئەوەی "شەڕی دژی مادە هۆشبەرەکان" ئیدارە بکات، دوای سێ ساڵیش توانی ناوچەکە ئارام بکاتەوە. قۆناغی گرنگی ژیانی سەربازی و سیاسی لە ئاداری 1998ەوە دەستپێدەکات، کاتێک کرا بە فەرماندەی سوپای قودس کە لقی چالاکییە دەرەکییەکانی سوپای پاسدارانە و ئەرکی هەناردەکردنی شۆڕشیان لەسەر شانە.

پێنج مانگ دوای دەستبەکاربوونی لەو پۆستە، هێزەکانی تاڵیبان هێرشیان کردە سەر مەزار شەریف لە باکووری ئەفغانستان کە تێیدا سەدان پیاو، ژن و منداڵی شیعە کوژران، لە ناو کوژراوەکاندا هەشت دیپلۆمات و ڕۆژنامەنووسێکی ئێرانیش هەبوون. ئەو کات یەحیا ڕەحیم سەفەوی، فەرماندەی سوپای پاسداران داوای لە خامنەیی کرد فەرمانی هێرش بۆ سەر شاری هەرات، لە ڕۆژئاوای ئەفغانستان دەربکات، تەنانەت ئێران 250 هەزار سەربازیشی لەسەر سنووری ئەفغانستان کۆکردەوە.

قاسم سولەیمانی دژی ئەو پلانە بووە پێشنیازی ئەوەی کردووە "هاوپەیمانێتیی باکوور" لە ئەفغانستان بەهێز بکرێ، هەر خۆیشی ئەرکی ئیدارەکردنی هێرشەکانی ئەو هاوپەیمانێتییە لە سنوورەکانی باکوور بەرەو ناوچەکانی دیکەی گرتبووە ئەستۆ. شارەزایان پێیانوایە جەنگی عێراق تەکتیکە سەربازییەکانی فێری فەرماندە ئێرانییەکە کرد، بەڵام ئەوە شەڕی تاڵیبان لە نەوەدەکان بوو فێری کرد چۆن لەسەر شەڕی بە وەکالەت ستراتیژێکی گەورەتر بۆ فراوانکردنەوەی نفووزی ئێران لە ناوچەکە دامەزرێنێ.

هێرشەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ سەر ئەفغانستان دەرگای پەیوەندییەکی بێوێنەیان لەنێوان تاران و واشتندا کردەوە، ئەمریکا دەیویست تۆڵەی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر بکاتەوە، ئێرانیش تاڵیبان و قاعیدەی بە مەترسییەکی گەورە لەسەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی خۆی دەبینی. ئەو کات رایان کرۆکەر دانوستانکار و جێگری باڵیۆزی ئەمریکا لە ئەفغانستان بوو. بەپێی راپۆرتێکی (نیویۆرکەر) دانوستانکارێکی ئێرانی بە کرۆکەری گوتبوو :"حاج قاسم بە هاوکارییەکانمان دڵخۆشە"، کە زیاتر لە بواری دەستنیشانکردنی مۆڵگەکانی قاعیدە لە ئێران و ئەفغانستان بوون.

### ڕووخانی بەعس و هەڵکشانی سولەیمانی

دانوستانکارە ئێرانییەکە لە قۆناغێکی هاوکارییەکاندا بە کرۆکەری گوتبوو سولەیمانی بیر لەوە دەکاتەوە پێداچوونەوەیەکی تەواو بە پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکادا بکرێتەوە. بەڵام مانگی هەنگوینی کرۆکەر و سولەیمانی زۆری نەخایاند. جۆرج بوشی کوڕ، سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا، لە گوتارێکی کانوونی دووەمی 2002 ئێرانی لەبەرەی وڵاتانی "نەگریس" دانا. کرۆکەر ساڵانێک دواتر بە گۆڤاری (نیویۆرکەر)ی گوت :"یەک وشە مێژووی گۆڕی، ئێمە زۆر نزیک ببووینەوە".

جەنگی 2003ی عێراق خاڵی وەرچەرخانی سەرەکی بوو. بۆ یەکەمجار لە مێژووی دامەزرانی کۆماری ئیسلامیدا، هێزەکانی ئەمریکا لە سێ لاوە (واتە کەنداو لە باشوور، ئەفغانستان لە ڕۆژهەڵات و عێراق لە ڕۆژئاوا) لەگەڵ ئێراندا دەبوون بە هاوسنوور. ئەو جەنگە ئێران و سووریای لە هەموو کات نزیکتر کردەوە، لەبەر ئەوەی هەردوو وڵات پێیانوابوو ئەگەر پلانی ئەمریکا لە عێراق سەرکەوتوو بێ، دواتر نۆرەی ئەوان دێ.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی گۆڤاری دژە تیرۆری ئەمریکا، قاسم سولەیمانی بە دوو ئاراستە کاری دەکرد، لەلایەکەوە یارمەتی حکومەتی سووریای دا چەکداری سوننەی جیهادی ڕەوانەی عێراق بکات و مەترسی لەسەر هێزە ئەمریکییەکان دروستبکات، لە لایەکی دیکەشەوە بۆ هەمان مەبەست مەشقی بە میلیشیا شیعەکانی عێراق دەکرد. بە گوێرەی راپۆرتەکە لە نێوان ساڵانی 2006 بۆ 2011 (واتە کاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا)، گروپێکی وەکو عەسایب ئەهلی هەق زیاتر لە 6000 هێرشی لەو جۆرەی کرد.

لە ساڵی 2006، قاسم سولەیمانی بۆ ئیدارەکردنی شەڕی یەک مانگەی حیزبوڵڵا و ئیسرائیل ڕوو لە لوبنان دەکات، فەرماندە ئەمریکییەکان لەو ماوەیەدا هەست بە کەمبوونەوەی بەرچاوی هێرشی میلیشیا شیعەکان دەکەن. دوای گەڕانەوەی نامەیەکی بۆ فەرماندە ئەمریکییەکان نووسیبوو: "هیوادارم بەو کەشە ئارام و بێدەنگەی بەغدا دڵخۆش بووبن، من لە بەیروت سەرقاڵ بووم".

لەدوای پێکهێنانی حکومەتی عێراق لە 2005،

> سولەیمانی بە دەست پرۆستات و ئازاری پشتەوە دەناڵێنێ



سنووری چالاکییەکانی سولەیمانی بۆ گۆڕەپانی سیاسیی عێراقیش درێژبووەوە، بەتایبەتیش لە کاتێکدا پەیوەندیی لە مێژینەی لەگەڵ بەشێکی زۆر لە سەرکردە شیعە عێراقییەکاندا هەبوو. هاوکارێکی نزیکی جەلال تاڵەبانی، سەرۆککۆماری کۆچکردووی عێراق، لە ساڵی 2003 بە (نیویۆرکەر)ی گوتووە "کاتێک بە نەخێر وەڵامی (سولەیمانی) دەدەینەوە، کێشەمان بۆ دروستدەکات، تەقینەوە و تەقە دەستپێدەکات"

لەو ساڵانەدا سولەیمانی بەرەبەرە بۆ حاکمی بێ ئەملا و ئەولای عێراق بوو. بە گوێرەی راپۆرتی گۆڤارە ئەمریکییەکە سولەیمانی لە ساڵی 2008 نامەیەکی تەلەفۆنی بۆ تاڵەبانی دەنووسێ کە تێیدا ڕووی قسەی لە ژەنەراڵ دەیڤید پێترایۆس، فەرماندەی باڵای ئەو کاتی ئەمریکا لە عێراق بوو. لە نامەکەدا هاتووە :"بەڕێز ژەنەراڵ پێترایۆس: دەبێ بزانیت کە من، قاسم سولەیمانی، چاودێری سیاسەتی ئێران بۆ عێراق، لوبنان، غەزە و ئەفغانستان دەکەم، باڵیۆزیش لە بەغدا ئەندامێکی سوپای قودسە. ئەو کەسەش کە دێتە شوێنی هەر ئەندامی سوپای قودسە". ئەو کات ئەمریکییەکان دەیانزانی "حاج قاسم" لە دوای خامنەیی کەسی دووەمە لە داڕشتنی ستراتیژی ئێران بۆ عێراق.

### شەڕی داعش... تەماحی سەرکەوتنێکی ستراتیژی

بەهاری عەرەبی و شەڕی نێوخۆی سووریا دەرفەت و هەڕەشەیەکی گەورەش بوو. ڕووخانی ڕژێمی سووریا نەک هەر لینکی نێوان ئێران و حیزبوڵڵای لوبنانی دەپچڕاند، بەڵکو ڕێکخراوە لوبنانییەکەی دەخستە ناو گەمارۆیەکی سەربازی سەختیشەوە. لە چوار ساڵی یەکەمی شەڕەکەدا ڕژێمی سووریا ناوچەیەکی زۆری لە دەستدا، لەو ماوەیەدا قاسم سولەیمانی و فەرماندەکانی سوپاکەی خەریکی پێکهێنان، ڕاهێنان و ناردنی گروپە میلیشیا شیعەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ ئەفغانستان بوون.

ئەو کات سولەیمانی بە بەرپرسێکی عێراقی گوتبوو :"سوپای سووریا بێکەڵکە، یەک فیرقەی بەسیجی ئێرانم بدەنێ، دەتوانم دەست بەسەر هەموو وڵاتەکەدا بگرم". بەرپرسێکی ئەمریکیش بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندبوو :"سولەیمانی خۆی ئیدارەی شەڕی سووریا دەکات". سولەیمانی لە 2012 هەوڵی لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان دابوو تاوەکو ڕێگەی پێبدەن بە کوردستاندا وەکو ڕێڕەوی گواستنەوەی چەک و تەقەمەنی بۆ سووریا بەکاربهێنن. ئەمجارەیان بەرپرسانی هەرێمی کوردستان دەستیان بە ڕووی داواکەی سولەیمانییەوە نابوو.

سەرهەڵدانی داعش دەرفەتی نوێی بۆ ستراتیژەکەی قاسم سولەیمانی ڕەخساند، لەبەر ئەوەی لادانی بەشار ئەسەد چیدی وەکو ئەولەوییەتێکی نێودەوڵەتی نەمایەوە، لەلایەکی دیکەشەوە شەڕی دژی ئەو ڕێکخراوە ڕێگەی بۆ بە دامەزراوەییکردنی میلیشیا شیعەکان لە هەیکەلی دەوڵەتی عێراقدا خۆشکرد، کە زۆرینەیان پەیوەندییەکی لەمێژینەیان لەگەڵ سوپای پاسداران و شەخسی قاسم سولەیماندا هەیە. ڕووداوەکانی 2014 سەرەتای دانانی بناغەی قۆناغێکی نوێی درێژکردنەوەی هیلالی شیعی بوون.

لە ناوەڕاستی 2015 سولەیمانی کە لە ئێران بە "شەهیدی زیندوو" ناوی دەبەن، هەستی بەوە کردبوو دۆخی سووریا بەپێی پلان ناڕوات، ناکارامەیی سوپای سووریا گوشارێکی دارایی و گیانی زۆری لەسەر میلیشیا شیعەکان دروستکردبوو، بۆیەش دەبووایە زلهێزێکی نێودەوڵەتی بێتە ناو شەڕەکەوە. ئەو کات ئێران و شەش زلهێزی جیهان لە شاری ڤیەننا ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەیان ڕاگەیاندبوو.

لە تەمووزی 2015، سولەیمانی چووە مۆسکۆ و لەوێ لەگەڵ وەزیری بەرگریی ڕووسیا کۆبووەوە، ئامانجی گەشتەکە ئەوە بوو ڕووسیا بەشداری ڕاستەوخۆی لە شەڕی نێوخۆی سووریادا بکات. بەگوێرەی راپۆرتەکەی دژەتیرۆری ئەمریکا، چەند هەفتەیەک دواتر سولەیمانی گەڕابووەوە سووریا و ئیدارەی هەڵمەتێکی نوێ لەدژی ئۆپۆزیسیۆن و چەکدارە سوننە جیهادییەکان دەستپێکردبوو.

دوو مانگ و نیو دوای گەشتەکەی سولەیمانی بۆ ڕووسیا، بەشداری ڕاستەوخۆی هێزی ئاسمانی ئەو وڵاتە لە شەڕی نێوخۆی سووریا دەستپێکرد، هەر ئەمەش باڵانسی هێزی بە قازانجی ئەسەد و میلیشیا شیعەکانی ژێر چاودێری سوپای قودس شکاندەوە.

ڕۆڵی سیاسی و سەربازی سولەیمانی لە عێراق، سووریا، لوبنان و یەمەن بەردەوامە. بەگوێرەی راپۆرتەکەی سۆفان، لە پێش هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 قاسم سولەیمانی سێ جار سەردانی هەرێمی کوردستانی کوردبوو، هەر سێ جارەکەش پشتگیری لە حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، کردبوو، چەند ڕۆژ دواتریش سوپای عێراق بە پشتیوانی میلیشیاکانی حەشد هێرشیان کردە سەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان "لەو شەڕەدا سولەیمانی میلیشیاکانی خۆی ڕەوانەی شەڕەکە کرد بۆ ئەوەی بتوانن کۆنترۆڵی ناوچە گرنگەکانی دەوروبەری شارەکە بکەن".

دەسەڵاتی حەشد و گروپە شیعەکان لە پەرلەمانی عێراق چانسێکی دیکەی بە سولەیمانی داوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کاریگەری لەسەر بڕیارە سیاسی، ئابووری و سەربازییەکانی حکومەتی عادل عەبدولمەهدی دابنێ کە بە گوێرەی هەندێک راپۆرت بە ڕێککەوتنێکی نهێنی نێوان قاسم سولەیمانی و موقتەدا سەدر و دواتر سازش لەگەڵ ئەمریکییەکان ئەو پۆستەی وەرگرتووە.

> بە یەک فەوجی بەسیج دەتوانم دەست بەسەر هەموو سووریادا بگرم
>
> قاسم سولەیمانی

> سولەیمانی لە شەڕی ئێران و عێراقدا بە گیسکدز ناوی دەرکردبوو



## گومرگی هاوردەکردنی شیش و چیمەنتۆ زیاد دەکرێ

**ڕووداو- هەولێر**

لەپێناو پاڵپشتیکردنی بەرهەمی ناوخۆ، گومرگی هاوردەکردنی شیش و چیمەنتۆ بۆ هەرێمی کوردستان دەبێتە دووهێندە. ساماڵ عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری گشتیی گومرگ لە هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بە هاوکاری وەزارەتی بازرگانی و لەپێناو پشتیوانیکردنی بەرهەمی نێوخۆیی، ئەو بڕیارەیان داوە، گوتیشی "چەندین کارگەی گەورەی ناوخۆی شیش و چیمەنتۆمان هەیە، ناکرێت ئەوان بێ کاربن و لە دەرەوە وڵات بەرهەمی هاوشێوە هاوردە بکرێت، ئێمە تەنیا گومرگمان زیادکردووە، ئەوەش لە هەموو وڵاتێکدا بۆ بەرژەوەندی گشتی دەکرێت. گومرگی هاوردەکردنی تۆنێک شیش 10% بووەتە 20%، تۆنێک چیمەنتۆش 15% بۆ 30% زیادی کردووە.

## بەهۆی گەمارۆی ئابووریی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران

# نرخی گواستنەوەی کاڵا لە چین و ئیماراتەوە بۆ کوردستان 15% بەرز بووەتەوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

گەمارۆی ئابووریی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران، نرخی گواستنەوەی کاڵای لە ئیمارات و چین و وڵاتانی ئاسیاوە بۆ هەرێمی کوردستان بەڕێژەی 15% بەرز کردووەتەوە، بەم هۆیەشەوە ئەگەری گرانبوونی نرخی هەندێ کاڵا هەیە.

قۆناغی دووەمی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران کە لە پێنجی ئەم مانگە جێبەجێکرا، زۆربەی کۆمپانیا گەورەکانی بواری گواستنەوەی دەریایی ناچار کرد هاتوچۆی کەشتییەکانیان بۆ بەندەرەکانی ئێران ڕاگرن، ئەمەش کاریگەری لەسەر نرخی گواستنەوەی کاڵا لە چین و ئیمارات و وڵاتانی دیکەی ئاسیاوە بۆ هەرێمی کوردستان هەبووە، چونکە گواستنەوەی کاڵا لەڕێی بەندەر عەباسی ئێرانەوە بۆ کوردستان، کات و تێچووی کەمتر بوو.

عەبدولسەلام ئیسماعیل، بەڕێوەبەری لقی هەولێری کۆمپانیای سۆلاف بۆ بازرگانی گشتی و گواستنەوەی کاڵا دەڵێت: "ئێستا زۆربەی کۆمپانیاکانی گواستنەوەی کاڵا و بازرگانان لە ترسی دەستگرتن بەسەر بارەکانیاندا، وازیان لە هێنانی بار لە ڕێگەی بەندەر عەباسەوە هێناوە".

عەبدولسەلام، کۆمپانیاکەی خۆیان بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت: "ئێمە پێشتر بارەکانمان لە بەندەر عەباسەوە دەهێنا، ئێستا زیاتر 60%ی بارەکانمان لەڕێگەی ئوم قەسر و 40%یشی لە ڕێگەی مێرسینەوە دێت".

پێشتر بازرگانان بۆ گواستنەوەی کاڵا لە ئیمارات و چین و وڵاتانی دیکەی ئاسیاوە، بەندەری ئوم قەسریان بەکاردەهێنا، بەڵام دوای ئەوەی حکومەتی عێراق ڕەسمی گومرگی زیادکرد، بازرگانان ڕوویان لە بەندەر عەباس کرد.

عەبدولسەلام دەڵێت: "پێشتر نرخی هێنانەوەی هەر کۆنتێنەرێک کاڵا لە چین و ئیمارات بەڕێگەی بەندەر عەباسەوە بۆ هەولێر بە بەراورد بە ڕێگەی ئوم قەسر نزیکەی 3 هەزار دۆلار هەرزانتر بوو، بۆیە بازرگانان زیاتر بەندەر عەباسیان بەکاردەهێنا".

جگە لە جیاوازی نرخ، جیاوازی لە کاتی گەیشتنی بارەکەش لەنێوان هەر سێ بەندەرەکە هەیە، بۆ نموونە بارێک کە لە دوبەی بەڕێگەی ئوم قەسردا دەهێنرێتە هەرێمی کورستان، نزیکەی 20 ڕۆژ دەخایەنێ، لە ڕێگەی بەندەر عەباسەوە 25 ڕۆژ و لە ڕێگەی مێرسینیش نزیکەی 40 تاوەکو 45 ڕۆژی پێویستە.

عەبدلسەلام دەڵێت: "بۆ هێنانەوەی کاڵا لە چین و ئیمارات، بەندەری ئوم قەسر نزیکترین ڕێگەیە، بەڵام بەهۆی زیادکردنی نرخی گومرگ، بازرگانان ڕێگەی بەندەر عەباسیان هەڵبژارد. بۆ نموونە پێشتر بۆ تێپەڕبوونی بارێکی ئاسایی لە بەسرەوە نزیکەی 1400 تاوەکو 2500 دۆلار گومرگمان دەدا، ئێستا بۆ بارێک نزیکەی 6 تاوەکو 8 هەزار دۆلارمان لێوەردەگرن.

بە گوتەی عەبدولسەلام، ڕۆتین و پشکنین لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل، بازرگانانی بێزار کردووە، بۆیە زیاتر بەندەر عەباس بەکاردێنن. عەبدولسەلام دەڵێت: "لە ئیبراهیم خەلیل ڕۆتنیات زۆرە و هیچ ئاسانکارییەک بۆ بازرگانان ناکرێت، هەموو کاڵاکان بۆ پشکنین دەنێرن، ئەمەش کاتی زۆری دەوێت، بۆیە بەهۆی نەمانی ڕێگەی بەندەر عەباس نرخی گواستنەوەی کاڵا لە چین و ئیمارات بۆ هەرێمی کوردستان نزیکەی 15% زیادی کردووە".

کۆمپانیای بی جی تی بۆ بازرگانی گشتی و هاوردەکردنی خۆراک، یەکێکە لەو کۆمپانیایانەی کە پێشتر زۆربەی کاڵاکانی لەڕێگەی بەندەر عەباسەوە دەهێنا، چونکە کرێی گواستنەوەی هەر بارێک 2000 دۆلار کەمترە و کاتیشی کەمتر دەویست، بەڵام ئێستا کاڵاکانی لە ڕێگەی مێرسینەوە دەهێنێت.

باخەوان مامەند سەعید، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای بی جی تی، دەڵێ: "ئێستا بە ناچاری ڕێگەی مێرسین بەکاردێنین، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاتێک پارە بەڕێگەی بانکی تورکیا یان دوبەی بۆ چین دەنێرین، بانکەکانی ئەوێ ئەگەر بزانن ئەو کۆمپانیایە یان ئەو کارگەیەی کە ئێمە کاڵای لێدەکڕین کاڵاکە بەڕێگەی بەندەر عەباس ڕەوانەی عێراق دەکات، بلۆکی دەکەن، ئێستا لە بانکێکی دوبەی 100 هەزار دۆلارم بلۆک کراوە".

باخەوان مامەند گوتیشی: "بەهۆی وەستانی هاتوچۆی کەشتییە نێودەوڵەتییەکان لە مالیزیا و چین و تایلەندەوە بۆ بەندەر عەباس، نرخی کرێی گواستنەوەی هەر کۆنتێنەرێک 500 تاوەکو 600 دۆلاری چووەتە سەر، چونکە تەنیا چەند کەشتییەکی ئێرانی و چینی لەم ڕێگەیە کار دەکەن، ئەوانیش بەهۆی زۆریی خواست نرخیان زیاد کردووە".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، لە دوو ساڵی ڕابردوودا هەرێمی کوردستان بایی سێ تریلیۆن و 237 ملیار و 805 ملیۆن دینار کەلوپەلی هاوردە کردووە. لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا گەیشتووەتە 736 ملیار و 600 ملیۆن دینار. ئەو ئاڵوگۆڕە بە بەراورد بە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو 10% زیادی کردووە کە زۆربەی بە هێنانی ئۆتۆمبیلی بەکارهاتووی ئەمەریکی بوو لەڕێگەی بەندەر عەباسەوە، بەڵام هەفتەی ڕابردوو ئیمارات هەناردەکردنی ئۆتۆمبیلی بە ڕێگەی بەندەر عەباس بۆ عێراق ڕاگرت.

کۆمپانیای فەجر ئەلخەلیج بۆ بازرگانی گشتی و هاوردەکردنی ئۆتۆمبیل ساڵانە 400 تاوەکو 500 ئۆتۆمبیلی دەستی دوو لە ئەمەریکا و ئیماراتەوە دەهێنێتە کوردستان و دوای وەرگرتنی تابلۆ، زۆربەیان هەناردەی شارەکانی عێراق دەکات.

عەبدولقادر ئەلمەولا، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای فەجر ئەلخەلیج دەڵێت: "هەفتەی ڕابردوو ئیمارات هەناردەکردنی ئۆتۆمبێلی بەڕێگەی بەندەر عەباس قەدەغە کرد، ئێستا تاکە جێگرەوەی بەندەر عەباس بۆ ئێمە بەندەری مێرسینە، بەڵام دەبێ ئۆتۆمبێلەکان بە سعودیە و عوممانەوە بگەیەنینە بەندەری عەقەبە و لەوێشەوە بۆ بەندەری مێرسین، لە هەردوو بەندەرەکەش ئۆتۆمبێلەکان دادەبەزێنرێن بۆ پشکنین، ئەمەش نزیکەی 25 ڕۆژی دەوێ، جگە لەوەش تێچووی گواستنەوە زیاد دەکات. هەروەها پێشتر لە مەرزی باشماخ و حاجی ئۆمەران، پشکنینی SGS نەدەویست، بەڵام لە ئیبراهیم خەلیل، ئەگەر ئۆتۆمبێلەکە پشکنینی SGSی نەبێت، ڕێگەی پێنادەن بێتە هەرێمی کوردستان".

عەبدولقادر ئەلمەولا هۆشداری دەدات لە بەرزبوونەوەی نرخی ئۆتۆمبێل و دەڵێت: "هەرێمی کوردستان سوودمەندی یەکەمە لە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بۆ عێراق، چونکە 85%ی ئۆتۆمبێلەکان بۆ عێراق دەڕوات و هەرێمی کوردستان گومرگ و پارەی تابلۆی ئۆتۆمبیلەکان وەردەگرێ، بۆیە پێویستە پشکنینی SGS لە ئیبراهیم خەلیل نەهێڵێ، بەپێچەوانەوە لەوانەیە ئەم بازرگانییە بوەستێ و نرخی ئۆتۆمبێل بەرزبێتەوە، بەڵام ئەگەر ئاسانکاری بکرێت لەوانە نرخی ئۆتۆمبیل هەر تەنیا 500 دۆلارێک بەرزبێتەوە".

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی، دەڵێت: "بەهۆی گەمارۆکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران، قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران دابەزینی بەخۆوە بینیوە، بەڵام ڕێژەکە تا ئێستا زۆر بەرچاو نییە، چونکە بازرگانان هەندێک کاڵا لەڕێگەی ئازەربایجانەوە دەهێننە ئێران و پاشان کوردستان".



بازرگانانی گواستنەوەی کاڵا لە ترسی سزاکانی ئەمریکا ناتوانن سوود لە بەندەر عەباس وەربگرن

لەوانەیە هاوردەکردنی
ئۆتۆمبێل لەڕێی هەرێمی
کوردستانەوە بوەستێ و نرخی
ئۆتۆمبێل زۆر بەرز ببێتەوە

بازرگانێک

## بەپێی ڕووپێوییەک:

# شەش هوتێلی پێنج ئەستێرەیی لە کوردستان داخراون

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

لەئەنجامی ڕووپێویەکی دەستەی ئامار بۆ یەکە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان دەرکەوتووە قەیرانی دارایی و شەڕی داعش پاشەکشەیەکی گەورەیان بە کەرتی گەشتیاری کردووە، بە جۆرێک 339 یەکەی گەشتیاری داخراون و 101 شوێنی گەشتیاریش پیشەکەیان گۆڕیوە، بەو هۆیەوە داهاتی کەرتەکە 37.6% دابەزیوە.

هەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستان و سروشتەکەی بە تایبەتی لە وەرزەکانی بەهار و هاویندا، بووەتە هۆی ڕاکێشانی گەشتیار لە شارەکانی عێراق و ئێرانەوە، بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوودا کەرتی گەشتیاری لە کوردستان پاشەکشەی کردووە.

بەپێی ئامارەکانی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، لەساڵی 2009دا 791 هەزار گەشتیار ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو، ئەو ژمارەیە لە ساڵی 2013دا گەیشتە 2 ملیۆن و 952 هەزار گەشتیار، ئەمەش هانی وەبەرهێنەرانی خۆماڵی و بیانی دا کە سەرمایەگوزاری لەو کەرتەدا بکەن، بەڵام قەیرانی دارایی و شەڕی داعش، پاشەکشەی بەو کەرتە کرد.

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی گشتیی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا ڕوپێوییەکی مەیدانی بۆ یەکە گەشتیارییەکان کردووە و بەراوردی ژمارەی مانەوەی میوانی لە یەکەیەکی گەشتیاری و داهات و خەرجی لەنێوانی ساڵانی 2013 و 2016 کردووە.

بەپێی ڕووپێوییەکە، لە ساڵی 2013 دا 2،872،681 میوان لە یەکە گەشتیارییەکاندا هەبووە، بەڵام لە ساڵی 2016دا 1،237،438 میوان هەبووە. واتە هاتنی میوان بەڕێژەی 56.8% کەمی کردووە. هەروەها ژمارەی شەوانی مانەوەی میوان لە یەکە گەشتیارییەکان لەساڵی 2013دا 6،607،132 شەو بووە، بەڵام لە 2016دا 3،739،022 شەو بووە. واتە بە ڕێژەی 43% کەمی کردووە.

هەر بەپێی ڕووپێوییەکە، داهاتی کەرتی گەشتیاری لە ساڵی 2013دا 328 ملیار دینار بووە، بەڵام لە ساڵی 2016دا 204،6 ملیار دینار بووە، واتە داهات بەڕێژەی 37.6% کەمی کردووە.

لە ئەنجامی ئەو پاشەکشەیە لە کەرتەکەدا لە ساڵی 2016دا 339 یەکەی گەشتیاری داخراون یان کاریان نەکردووە، و 101 شوێنی گەشتیاریش گۆڕدراون بۆ پیشەی دیکە، مۆڵەتی 37 یەکەی گەشتیاریش هەڵوەشێنراوەتەوە. هەروەها ژمارەی کارمەندانیش لە 5831 کەسەوە لە ساڵی 2013، بۆ 4823 کەس لە ساڵی 2016 کەمی کردووە. واتە 1008 کارمەندی یەکە گەشتیارییەکان کارەکەیان لەدەستداوە.

سیروان محەممەد، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "ئامانجمان لە ڕووپێوییەکە ئەوە بوو، داتا و زانیاری وردمان لەسەر کاریگەریی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش لەسەر کەرتی گەشتیاری دەستبکەوێ".

لەساڵانی 2009 و 2012 و 2013 هەمان ڕووپێوی بۆ کەرتی گەشتیاری کراوە. سیروان محەممەد دەڵێت: "لە ڕووپێوییەکانی پێشوودا هەمیشە زیادبوون و گەشە لە ژمارەی میوان و داهات هەبوو، بەڵام لە دوایین ڕووپێوی بۆمان دەرکەوت بەهۆی کاریگەری قەیرانی دارایی و شەڕی داعش پاشەکشەیەکی گەورە لە کەرتی گەشتیاری هەبووە".

ڕووپێوییەکە ئاماری زۆر وردی لەسەر داخران و گۆڕینی پیشە لە یەکە گەشتیارییەکان تێدایە، بۆ نموونە ئەو 339 یەکە گەشتیارییەی لە ساڵی 2016 داخراون، 159 یان لە هەولێرن، 110 یان لە سلێمانی و 69شیان لە دهۆک، لەنێویاندا 6 هۆتێلی پێنج ئەستێرە، 8 هۆتێلی چوار ئەستێرە هەن.

لەناو ئەو 101 یەکە گەشتیارییەشی کە پیشەکەیان گۆڕیوە 49 یەکەیان لە هەولێرن، 52 یەکەی دیکەیان لە دهۆکن کە چوار هۆتێلی چوار ئەستێرەیان تێدایە. لەو 52 یەکە گەشتیارییەی لە دهۆک پیشەیان گۆڕیوە 34یان کراونەتە شوێنی نیشتەجێبوون، 18شیان بەشە ناوخۆیی قوتابیان.

بەپێی ڕوپێوییەکە زۆرترین زیان بەر یەکە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر کەوتووە، بەجۆرێک 159 یەکەی گەشتیاری داخراون و 49 یەکە کراون بە شوێنی پیشەی دیکە. 37 هۆتێلیش بۆ ڕزگاربوون لە باج و ڕسومات، مۆڵەتەکانیان هەڵوەشاندووەتەوە.

زیرەک بیا، سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکانی هەرێمی کوردستان، بە (ڕووداو)ی گوت: "جگە لە کاریگەری قەیرانی دارایی و شەڕی داعش، زیادکردنی کرێی کارەبا و باج و ڕسوماتی نوێکردنەوەی مۆڵەتی هوتێل و موتێل و میوانخانە و شوێنە گەشتیارییەکان، زیانی زۆری لە کەرتی گەشتیاری داوە".

زیرەک دەڵێت: "حکومەت لە زیادکردنی ڕسومات، ڕەچاوی کەمیی گەشتیاری نەکرد، بۆ نموونە ئەگەر پێشتر ڕەسمی نوێکردنەوەی مۆڵەتی هوتێلێکی دوو یان سێ ئەستێرە 500 هەزار دینار بووبێ، حکومەت لە 2016 کردی بە نزیکەی سێ ملیۆن دینار. مۆڵەتی کردنەوەی باڕ کرایە 12 ملیۆن دینار، سەنتەری مەساج 15 ملیۆن دینار، مەلەوانگەی داخراو 10 ملیۆن دینار، هۆڵی ئاهەنگ 25 ملیۆن دینار. بۆ نموونە ئەگەر هۆتێلێکی 4 ئەستێرە هۆڵی ئاهەنگ و مەساج و مەلەوانگە و باڕی هەبووایە، دەبوو ساڵانە نزیکەی 70 ملیۆن دینار بدات".

هۆکارێکی دیکەی بەشێک لە داخستنی هوتێلەکان، وەک زیرەک بیا باسی دەکات بڕیارێکی وەزارەتی تەندروستی بوو، چونکە بڕیارەکە ڕێگری لەکردنەوەی سەنتەری مەساج لە هۆتێلی خوار چوار ئەستێرە دەکات، بەو هۆیەشەوە بەشێکی زۆری هۆتێل و مۆتێلەکان کاریان نەما و ڕووبەڕووی داخستن بوونەوە.

زیرەک بیا دەڵێت: "ئێستا بارودۆخی گەشتیاری کەمێک باشتر بووە، بەتایبەت دوای ئەوەی حکومەت لەسەر داوای ئێمە و دەستەی گشتی گەشتوگوزار هەندێ ڕسوماتی هەڵگرت، ڕسوماتی نوێکردنەوەی مۆڵەتیشی 50% کەمکردەوە".

گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان دەڵێت خەریکە کەرتی گەشتیاری دەکەوێتەوە سەر ڕێچکەی خۆی. نادر ڕووستی بە (ڕووداو)ی گوت: "بەهۆی ئاسانکاری بازگەکان و هێنانی گەشتیار لەلایەن کۆمپانیاکانەوە، هاتنی گەشتیار زیادی کردووە. بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو 2 ملیۆن و 100 هەزار گەشتیار هاتنە هەرێمی کوردستان، لەسەرەتای ئەمساڵیشەوە تاوەکو کۆتایی مانگی ئەیلول، نزیکەی 2 ملیۆن و 300 هەزار گەشتیار هاتوون، ئەمەش بارودۆخی کەرتی گەشتیاری باشتر کردووە و بەشێک لە هۆتێل و موتێلەکان دووبارە دەستیان بە کار کردووەتەوە".

339 یەکەی
گەشتیاری داخراون
و 101 یەکەش
پیشەکەیان گۆڕیوە



لە ماوەی ساڵانی 2013 تاوەکو 2016 داهاتی کەرتی گەشتیاری 37% کەمی کردووە

(فۆتۆ: ڕووداو)

# ئۆتۆمبێلە ئەلیکترۆنییەکان مەترسین لەسەر داهاتووی نەوت؟

سیپان عەزیز شێروانی


پێشبینی دەکرێ ژمارەی ئۆتۆمبێلە ئەلیکترۆنییەکان لە ساڵی 2030 دا لە 125 ملیۆن دانە تێپەڕ بکات

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا ئۆتۆمبێلە ئەلیکترۆنییەکان لە رووی چۆنیەتی و چەندێتی گەشەیەکی بەرچاویان کردووە، لە هەمانکاتیشدا تێچوون و نرخیشیان روو لە کەمبوونە، بۆیەش خواست لەسەریان زیاد بووە. ساڵی 2012 لە هەموو جیهاندا تەنیا 110 هەزار ئۆتۆمبێلی ئەلیکترۆنی هەبوون، ساڵی 2014 ژمارەیان گەیشتە نزیکەی 410 هەزار ئۆتۆمبێل و ساڵی رابردووش گەیشتە 1.92 ملیۆن دانە. ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە پێشبینی کردبوو ژمارەی ئۆتۆمبێلی ئەلیکترۆنی لە ساڵی 2018 بەراورد بە ساڵی رابردوو 54% زیاد بکات و ژمارەیان بگاتە 3.1 ملیۆن. بۆ ساڵی 2030یش لە 125 ملیۆن دانە تێپەڕ بکات. ئەگەرچی ناوەندەکانی دیکەی لێکۆڵینەوە پێشبینی زیاتریان خستووەتەڕوو، هەندێکیان دەڵێن لە ساڵی 2030دا ژمارەی ئۆتۆمبێلە ئەلیکترۆنییەکان دەگاتە 60 ملیۆن، بەڵام ئەوەی گرنگە سەرجەم توێژینەوەکان بە پۆزەتیف لە داهاتووی ئەم بەرهەمە دەڕوانن و پێیانوایە وەک دەستپێک، ئەم شۆڕشە ئۆتۆمبێلە بچوک و سوارییەکان دەگرێتەوە، دواتریش روو لە هۆکارە گەورەکانی گواستنەوە وەک کەشتی و بارهەڵگر دەکەن. بەپێی راپۆرتەکەی هەمان ئاژانس، لە 2035 – 2040 دا ژمارەی ئۆتۆمبێل لە جیهاندا دەگاتە دوو ملیار، کە 220 ملیۆنیان ئۆتۆمبێلی کارەبایین.

لە ماوەی سەدەی رابردوودا هۆکارەکانی گواستنەوە کە بە سووتەمەنی کاردەکەن، گەشەی بەرچاویان بەخۆوە بینی و پشکی شێریشیان لە نەوت بۆ خۆیان برد، بە شێوازێک کە هۆکارەکانی گواستنەوە زیاتر لە نیوەی خواست لەسەر نەوت پێکدێنن، واتە لە کۆی گشتیی خواست لەسەر نەوت کە نزیکەی 95 ملیۆن بەرمیلە لە رۆژێکدا، 50 ملیۆن بەرمیلی بۆ هۆکارەکانی گواستنەوەیە. لەو بڕەش نزیکەی نیوەی بۆ ئۆتۆمبێلە نەفەربەرەکانە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ئەو گەشە بەرچاوە لە ئۆتۆمبێلی ئەلیکترۆنی دەبێتە مەترسی لەسەر داهاتووی بازاڕی نەوت؟

وڵاتە پێشکەوتووەکان گرنگییەکی زۆر بە هەردوو دیوی ئەم ئۆتۆمبێلانە دەدەن کە ئەویش لایەنی بەرهەمهێنان و بەکاربردنن. وڵاتانی چین، ژاپۆن و ئەڵمانیا گەشەی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە لە بەکارهێنانی ئەم ئۆتۆمبێلانە. بۆ نموونە چین لە 2017 دا نزیکەی یەک ملیۆن ئۆتۆمبێلی ئەلیکترۆنی خستووەتە بازاڕەوە و کار بۆ ئەلیکترۆنیکردنی پاس و جۆرەکانی دیکەی ئۆتۆمبێل دەکات. ئۆتۆمبێلە ئەلیکترۆنییەکان لە چین لە ساڵی 2017 دا بەراورد بە ساڵی 2016 بەڕێژەی 75% زیادیان کردووە.

وڵاتە پیشەسازییەکان کە گەورە بەرهەمهێنی ئۆتۆمبێلن لە جیهاندا لەوانەش ئەڵمانیا، ژاپۆن و ئەمریکا، پاڵپشتییەکانیان بۆ بەرهەمهێنەران و داهێنەرانی ئەم جۆرە بەرهەمە چڕکردووەتەوە تا گەشە بە بەرهەمی ئۆتۆمبێلی ئەلیکترۆنی بدەن، بۆ ئەوەی شوێنی ئۆتۆمبێلی پێترۆڵی بگرنەوە، چونکە لە لایەک مەترسییەکانی پیسبوونی ژینگە کەمدەکاتەوە، لەلایەکی دیکە ملکەچبوونیان بۆ وڵاتانی ئۆپێک و دەرەوەی ئۆپێک کە بەرهەمهێنەری سەرەکی نەوتی خاون، کەم دەبێتەوە. گەشەکردن و پێشکەوتنی ئەم جۆرە ئۆتۆمبێلە ئەلیکترۆنیانە بەتایبەت بۆ کەسانی ژینگەدۆست و ئابووری، دەبنە شوێنگرەوەیەکی باشی ئۆتۆمبێلە پێترۆڵییەکان، چونکە ئۆتۆمبێلی کارەبایی کە بەبێ بەنزین و رۆن کاردەکەن، تێچوویان زۆر کەمترە.

پێشبینی دەکرێت نەوتی خاو تا رادەیەک گرنگیی خۆی لەدەست بدات، چونکە هەر شتێک کە جێگرەوەی بۆ پەیدا بوو، ئاستی دەگمەنێتی و نرخ و خواست لەسەری کەم دەبێتەوە. ئەم ئۆتۆمبێلانە کە لەڕووی خێرایی، کواڵیتی و نرخەوە لە ئۆتۆمبێلە پێترۆڵییەکان باشترن و مەترسی شۆکی نەوتیان لەسەر نییە، دەبنە جێگرەوەیەک و رکابەرێکی باش بۆ ئۆتۆمبێلەپێترۆڵییەکان.

ئەوە گومان هەڵناگرێ کە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، گەشەکردنی زیاتری ئابووریی چین و هیندوستان و وڵاتانی دیکە، خواست لەسەر نەوت زیاد دەکات لە ساڵانی داهاتوودا، رێکخراوی ئۆپێکیش پێشبینی دەکات خواست لەسەر نەوت بۆ ساڵی 2025 بگاتە 113 ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا. بەڵام ئەوەی دڵخۆشکەر نییە بۆ وڵاتە بەرهەمێنەرەکانی نەوت، ئەوەیە کە ناوەندەکانی توێژینەوە پێشبینی دەکەن لە ساڵی 2025 دا بەهۆی زیادبوون و گەشەی ئۆتۆمبێلە ئەلیکترۆنییەکان رۆژانە خواست بە بڕی حەوت ملیۆن بەرمیل لەسەر نەوت کەم ببێتەوە.

ئەگەر کەمبوونی بڕی حەوت ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا بەراورد بکەین بەو زیادبوونەی کە تا ساڵانی 2015 لە خواست لەسەر نەوت روویدا بۆ سەرجەم وڵاتە بەرهەمهێنەکان بەیەکەوە، لەوانەیە ئەوەندە زۆر نەبێت کە دەکاتە تەنیا 6%ی خواستی پێشبینیکراو بۆ 2025. واتە لەڕووی داهاتەوە ئەگەر داهاتی حەوت ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا کەم بکەینەوە، ئەوا تێکڕای ئەم وڵاتانە 6% داهاتیان لەدەست دەدەن، بەڵام مەترسییە گەورەکە لە لایەکی دیکەیە، ئەویش ئەوەیە کە بڕی حەوت ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا لە خواست لەسەر نەوت کەم ببێتەوە، هاوسەنگی خواست و خستنەڕووی نەوت تێکدەدات و نرخی نەوت زۆر دادەبەزێنێ. زیادەی خستنەڕووی نەوت بە بڕی حەوت ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێکدا دەبێتە مەترسییەکی گەورە لەسەر بازاڕی نەوت وەک ئەوەی لە 2014 روویدا و بەهۆی زیادەی خستنەڕوو تەنیا بە دوو ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، نرخی نەوتی خاو لە 120 دۆلارەوە هاتە سەر 26 دۆلار و زیانێکی گەورە بەر ئابووریی وڵاتە نەوتییەکان کەوت. دوای چەندین کۆبوونەوە و رێککەوتنی نێوان وڵاتانی ئۆپێک و دەرەوەی ئۆپێک، توانییان بڕێک لەو زیاد خستنەڕووە کەم بکەنەوە و جۆرێک لە هاوسەنگی بۆ بازاڕی نەوت بگەڕێننەوە و کەمێک نرخی نەوت بەرز بکەنەوە. ئەمە لە حاڵێکدابوو کە تەنیا دوو ملیۆن بەرمیل زیادەی خستنەڕوو هەبوو. ئەگەر بڕی زیادەی خستنەڕوو حەوت ملیۆن بەرمیل بێت، ئەوا رێککەوتنی وڵاتان لەسەر کەمکردنەوەی ئەم بڕە زیادەیە شتێک دەبێت لە نزیک ئەستەمەوە.

> "تا ساڵی 2025 بەهۆی ئۆتۆمبێلی ئەلیکترۆنییەوە خواست لەسەر 7 ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا کەمدەبێتەوە"

مەترسی بۆ سەر داهاتووی نەوت ئەوەیە کە وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان توانییان جێگرەوە بۆ ئۆتۆمبێلە پێترۆلییەکان بدۆزنەوە کە زۆرترین پشکیان هەبوو لە خواست لەسەر نەوتی خاو، رەنگە لە هەنگاوی داهاتوودا جێگرەوە بۆ نەوت لە بوارەکانی دیکەش بدۆزنەوە. زەحمەتە بتوانن خواست لەسەر نەوت سفر بکەن، بەڵام لە پێداویستییەکی دەگمەنەوە دەیکەنە شمەکێک کە جێگرەوەی هەبێت، بەمەش نرخی نەوت دادەبەزێت و وڵاتانی نەوتی کە زۆربەی داهاتیان لە فرۆشی نەوتەوەیە، تووشی کێشەی گەورەی ئابووری و دارایی دەبن.

# ئابووریی عێراق لەنێوان دابەزینی نرخی نەوت و ناسەقامگیریی سیاسیدا



ئەنگیلۆس زیتس*


عێراق دووەم گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی ئۆپێکە
(فۆتۆ: AFP)

بەپێی ئامارەکان، لە ئێستا و لەماوەی چەند هەفتەی رابردووشدا، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەلایەن ئەندامانی ئۆپێک و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە رووی لە بەرزبوونەوە کردووە، هەر یەکە لە داتای هەفتانەی پەیمانگەی نەوتی ئەمریکی (API) و سەکۆکانی بەرهەمهێنان ئەو بابەتەیان پشتڕاستکردەوە. ئەمەش دەمانگەیەنێتە بەشی دووەمی هاوکێشەی بازاڕ کە نەوتێکی زۆر لە بازاڕدایە و ئەوەش گوشار دەخاتە سەر نرخ و دەبێتە هۆکاری بەردەوامبوونی دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا.

لەهەمانکاتدا بازاڕ پێشبینی ئەوەی دەکرد کە ئێران دووربخرێتەوە لە هەناردەکردنی نەوت، بەڵام لە راستیدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رێگەی بە کڕیارە زەبەلاحەکانی نەوت داوە بەشێوەیەکی کاتی بەردەوام بن لە کڕینی نەوت لە ئێران، ئەمەش لە ئامارەکانی گواستنەوەی دەریاییدا رەنگی داوەتەوە کە ژمارەی کەشتییەکانی گواستنەوەی نەوتی ئێران، لە دوای کەمبوونەوەی لە دوو مانگی رابردوودا، پێشبینی دەکرێت لە مانگی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم دووبارە روو لە زیادبوون بکەنەوە. هەروەها پێشبینی دەکرێت کڕینی نەوتی ئێران لەلایەن چین و هیندستان کە بە دوو کڕیاری زەبەلاحی نەوتی ئێران دادەنرێن، بەردەوام بن لە کڕینی نەوتی ئێران تا ئەو وادەیەی بۆیان دەستنیشان کراوە. بەم شێوەیەش خستنەڕووی نەوتی ئێران لە بازاڕدا ماوەتەوە، ئەمە جگە لەوەی هەر یەکە لە ئەندامانی ئۆپێک و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتیان بەرزکردووەتەوە.

دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا کاریگەری نەرێنی لەسەر ئابووریی بەشێک لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق دروست دەکات، لەدوای ئەوەی عێراق بووە دووەم گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوت لەسەر ئاستی رێکخراوی ئۆپێک، لە ساڵی رابردووەوە عێراق توانی ئاستی بەرهەمهێنانی رۆژانەی بۆ 4 ملیۆن و 650 هەزار بەرمیل بەرزبکاتەوە، پێشبینیش دەکرێت ئەگەر نرخی نەوت بە بەرزی بمێنێتەوە، ئەوا بتوانێت ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی لە چەند ساڵی داهاتوودا زیاتر بەرزبکاتەوە.

دابەزینی نرخی نەوت رووداوێکی کاتییە کە بەهۆی زۆر خستنەڕووی نەوتەوەیە، بۆیە پێموایە نابێت بەرهەمهێنەرانی نەوت بڕیارێکی هەمیشەیی بدەن بۆ رووداوێکی کاتی.

لەلایەکی دیکەوە عێراق ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە وەبەرهێنانە لە ژێرخانی ئابووریدا بە تایبەتیش لە ژێرخانی نەوت و گازدا، ئەگەر نرخی نەوت بەردەوام بێت لە دابەزین، ئەوا کاریگەری لەسەر ناسەقامگیری رەوشی سیاسی ئەو وڵاتە دەبێت. وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئابووریدا بە سەرەکیترین فاکتەر دادەنرێت بۆ پێشخستنی ئاست و توانای عێراق لەناو رێکخراوی ئۆپێکدا.

سەبارەت بە کۆبوونەوەی داهاتووی ئۆپێک لە ڤییەنا، لە ئێستاوە زۆر روون نییە کە تێڕوانینی ئەندامانی ئۆپێک و بەرهەمهێنەرانی دەرەوەی ئۆپێک وەک یەک دەبێت، سعودیە داوا دەکات لە دوای کۆبوونەوەکەی داهاتوو ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت کەمبکرێتەوە بۆ ئەوەی بازاڕی نەوت زیاتر سەقامگیربێت، بەڵام رووسیا هێشتا بڕیاری کۆتایی نەداوە سەبارەت بەوەی کە لەگەڵ سعودیە هاوڕایە بۆ کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت، یاخود دەیەوێت بازاڕی نەوت بەم شێوەیە بێت و کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت نەبێتە رێگەخۆشکەر بۆ زیادکردنی پشکی کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە بازاڕی نەوتدا.

بەپێی چەند راپۆرتێک کە بڵاوبوونەتەوە، پێشبینی دەکەین لەکۆتایی کۆبوونەوەکەی داهاتوودا، ئۆپێک بڕیاری کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بدات بە بڕی ملیۆنێک و 400 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا.

لەلایەکی دیکەوە چاوەڕوان دەکرێت کە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت گۆڕانکاری لە پلانە ئابوورییەکانیاندا بکەن لەسەر ئاستی کورتخایەن بۆ ئەوەی بتوانن خەرجییەکانیان لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت و کەمبوونەوەی داهاتیان بگونجێنن، چونکە دابەزینی نرخی نەوت کاریگەری دەبێت لەسەر خەرجییەکانیان و گەشەکردنیان، بەواتایەکی دیکە دەبێت وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت خاوەنی چەند پلانێکی جۆراوجۆر بن، بەشێوەیەک کە لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، خەرجییەکانیان زیاد بکەن و وەبەرهێنانەکانیان لە ژێرخانی ئابووریدا چڕ بکەنەوە. لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوتیش بتوانن خەرجییەکانیان بەشێوەیەک کەمبکەنەوە کە کاریگەری نەرێنی لەسەر رەوشی ژیانی خەڵکی دروست نەکات.

> "پێشبینی دەکرێ ئۆپێک لە کۆبوونەوەی داهاتوویدا بڕیار بدات رۆژانە 1.4 ملیۆن نەوت کەم بکاتەوە"

ئەوان بۆ ئەوەی کاریگەری خراپی دابەزینی نرخی نەوت لەسەر ئابوورییەکانیان کەمبکەنەوە، دەتوانن پەیڕەوی سیاسەتی دارایی دژ بە ناسەقامگیرییە کاتییەکان بکەن وەک کەمکردنەوەی خەرجییەکانیان لەو ساڵانەی نرخی نەوت تێیدا دادەبەزێت و زیادکردنی خەرجییەکانیشیان لەو ساڵانەی دواتر کە نرخی نەوت بەرزدەبێتەوە. بەمەش دەتوانن قەرەبووی ئەو رەوشە بکەنەوە کە لە ئەنجامی دابەزینی نرخی نەوت دروست دەبێت، بەم شێوەیەش حکومەتەکان دەتوانن پاشەکەوتێکی باش بکەن لەو کاتەی داهاتیان زیاد دەبێت، بەکاریبهێنن بۆ ئەو کاتەی داهاتیان بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت کەمدەبێت.

*** شرۆڤەکاری دارایی لە کۆمپانیای (Ironfx)ئەم وتارەی بە تایبەتی بۆ تۆڕی میدیایی رووداو نووسیوە.**



## فێستیڤاڵی میوزیک و گۆرانی لە هەولێر سازدەکرێت

**ڕووداو– هەولێر**

بڕیارە ڕۆژی 2018/11/21 یەکەمین فێستیڤاڵی میوزیک و گۆرانیی کوردستان لە شاری هەولێر بەسەرپەرشتی وەرزارەتی ڕۆشنبیری بەڕێوەبچێت کە ماوەی سێ ڕۆژ دەخایەنێ. فەرهەنگ غەفوور، بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "خۆشحاڵین کە ئێمە وەکو بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبری و هونەری هەولێر، یەکەمین فێستیڤاڵی میوزیک و گۆرانیی کوردستان لە هەولێر. بەڕێوەدەبەین". لەم فێستیڤاڵەدا 8 گرووپی میوزیکی لە هەر چوار پارچەی کوردستان گۆرانی و میوزیکی خۆیان لە ماوەی سێ ڕۆژدا پێشکەش دەکەن. فەرهەنگ غەفوور دەڵێت "هەوڵدەدەین ساڵانە ئەم فێستیڤاڵە ساڵانە لە هەولێر سازبکەین".

### کچە ئەکتەری کورد نارین ئالان بۆ (ڕووداو):

# هێشتا زووە بۆ بەزاندنی سنوورەکان لە فیلمی کوردیدا

**لە سلێمانی لەدایکبووە، لە سوێد گەورە بووە و ئێستا لە دوبەی دەژی. نارین ئالان، دەمێک بوو خەونی بەوەوە دەبینی لە فیلمێکی کوردیدا ڕۆڵ ببینێ. خەونەکەی لەڕێگەی فیلمێکی سینەماکاری کورد شوان عەتووفەوە هاتەدی و ئێستا دەستیان کردووە بە وێنەگرتنی فیلمەکە. نارین کە لەگەڵ هونەرمەند هەڵوێست محەممەد و نزار سەلامی ڕۆڵی سەرەکی لە فیلمی "پەیکەری دڵ"دا دەبینێ، لەبارەی ئەو فیلمەوە قسە بۆ (ڕووداو) دەکات.**

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**





**ڕووداو: چۆن بوو بڕیارت دا بەشداری لە فیلمێکی کوردی بکەی؟**

**نارین:** هەر لە منداڵییەوە خەونم بەوەوە بینیوە ببمە ئەکتەر. چەندینجار لە دوبەی هەوڵمدا فیلم دروست بکەم، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێک نەمتوانی. دوای ئەوەی وەکو پێشکەشکار بەشداریم لە هەفتەی نمایشی جلوبەرگی کوردستان کرد، داوایان لێکردم بەشداری لە فیلمێکی کوردیدا بکەم کە لە دەرهێنانی سینەماکار شوان عەتووفە. بەخۆشحاڵییەوە ئەو داوایەم قەبوڵکرد، بەڕاستی جێی شانازییە بۆ من لەگەڵ هونەرمەندانی وەک شوان عەتووف و هەڵوێست و نزار سەلامی ڕۆڵ لە فیلمێکی کوردیدا ببینم، ئەوان لە بواری هونەردا زۆر ناسراون و کاری زۆر باشیان کردووە.

**ڕووداو: لەم فیلمەدا تۆ چ ڕۆڵێک دەبینی؟**

**نارین:** من لە فیلمەکە ڕۆڵی سەرەکیم هەیە، کارەکتەری کچێکی دەوڵەمەند کە حەز لە کوڕێک دەکات، بەڵام باوکی ڕازی نابێت و بە زۆر دەیدات بە شوو. دواتر لەلایەن مێردەکەی و باوکییەوە زۆر ئازار دەدرێ. ئەمە چیرۆکی فیلمەکەیە.

**ڕووداو: حەز دەکەی وەکو کامە ئەکتەری کورد یان بیانی ناوبانگ دەربکەیت؟**

**نارین:** بەداخەوە زۆر زانیاریم لەسەر خانمە ئەکتەرە کوردەکان نییە و باش نایانناسم، چونکە بەڕاستی فیلمی کوردی زۆر بەکەمی بڵاودەبێتەوە و بەهۆی ئەمەشەوە ئەکتەری ناودار و ئەستێرە دەرناکەوێت، بەڵام لە ئەکتەرە ناودارەکانی جیهان زۆر سەرسامی سۆفیا ڤێرگارام، کارەکتەرێکی زۆر جوانی لەنێو فیلمدا هەیە، حەز دەکەم لەو فێربم. هەروەها خانمە ئەکتەری ناوداری جیهانی ئەنجلینا جولیم زۆر خۆشدەوێت و شەیدای ڕۆڵەکانی ئەو خانمەم.

**ڕووداو: کارکردن لەگەڵ شوان عەتووف سەخت نییە؟**

**نارین:** بەڕاستی کاک شوان بۆ خۆی قوتابخانەیەکە، ئەو بەدڵ و گیان ئیش دەکات، ئەو بەلایەوە گرنگ نییە خۆی بەناوبانگ بێت و خۆی بەرێتە پێشەوە، بەڵکو حەز دەکات ئەو کەسەی لەگەڵی کار دەکات هەمیشە پێشبکەوێ، ئەمەش گوڕوتینێکی زۆری بە ئێمە داوە. من یەکەمجارمە لە فیلمێکدا ڕۆڵ دەبینم، بەڕاستی سەبرێکی زۆری لەگەڵ من هەبوو، وەکو مامۆستایەک هەموو شتێکی دەربارەی فیلم، سینەما، ڕۆڵ و ئەکتەر فێرکردووم. هەروەها کاک هەڵوێستیش یەکەمجارە لە فیلمێکدا بەشداری دەکات، کاک شوان زۆر هاوکار و پاڵپشتمان بووەو لەگەڵمان زۆر ماندووە بووە، باوەڕ بکە، ئەو لەگەڵ کاری دەرهێنان زیاتر لە 10 کەس فێری هونەری سینەما دەکات، ڕاستە تووڕە دەبێ، بەڵام تووڕەبوونەکەشی بۆ ئێمە سوودی هەبووە.

> ئەنجلینا جولیم زۆر خۆشدەوێت و شەیدای ڕۆڵەکانی ئەوم

**ڕووداو: هەمیشە دەرهێنەرانی کورد گلەیی دەکەن کە لە نێو سینەمای کوردیدا کچێکی بوێر نەبووە سنوورەکان بشکێنێ، تۆ دەتوانی ئەو سنوورانە بشکێنی؟**

**نارین:** باوەڕ ناکەم ئەو سنوورانە بشکێنم، چونکە خەڵک بە چاوێکی دیکە سەیرت دەکەن. ڕەنگە فیلمەکەی ئێمە دەستگرتن و باوەشێکی تێدا بێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ئەو هەستە بدەیتە بینەر کە ڕۆڵەکە وەکو خۆی دەبینێ. بینەریش دەبێت تێبگات و لەگەڵ ئێمەدابێت، بەڵام هێشتا کۆمەڵگای ئێمە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی ماچ و باوەش لە نێو فیلمی کوردیدا هەزم بکات. بۆ ئایندەش نازانم چۆن دەبێت، بەهەرشێوەیەک بێت جارێ بۆ ئەم کارانە لە کۆمەڵگای ئێمە زووە.

**ڕووداو: ئەم فیلمە چی وای تێدایە لە فیلمە کوردییەکانی دیکە جیاواز بێت؟**

**نارین:** بەڕای من ئەم فیلمە سەرکەوتنێکی باش بەدەستدەهێنێ، چونکە فیلمێکی میوزیکاڵییە و گۆرانیی تێدایە کە لە فیلمە کوردییەکانی دیکەدا ئەوەم نەدیوە. ڕەنگە کاک شوان لەوبارەیەوە باشتر بزانێت، بەڵام ئەم فیلمە کۆمیدی و ڕۆمانسی و گریانیشی تێدایە کە وا دەکات بینەر زیاتر بۆ خۆی ڕابکێشێت.

**ڕووداو: کارەکتەری ئەو کچە لە کەسایەتی ئاسایی خۆت نزیکە؟**

**نارین:** بەڕاستی کەسایەتی ئەم کچە زۆر لە کەسایەتی و کارەکتەری خۆم نزیکە، دەتوانم بڵێم ڕێک خۆمم، بۆیە لە ڕۆڵبینیندا هیچ ماندوو نەبووم و هەمووی وەکو ژیانی نۆرماڵی خۆم کردووە. لەم فیلمەدا ئەم کچە زۆر عەجولە، منیش ئەو عەجولیەم تێدایە، بەڵام چیرۆکی فیلمەکە و ڕۆڵی کچەکە لەناو فیلمەکە لە من ناچێت، تەنیا کارەکتەرەکەی لە من دەچێ.

> کۆمەڵگای ئێمە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی ماچ و باوەش لە فیلمدا قبوڵ بکات

**ڕووداو: ڕۆڵبینین لەگەڵ گۆرانیبێژێکی وەکو هەڵوێست چۆنە، چی لەو فێربوویت؟**

**نارین:** کارکردن لەگەڵ کاک هەڵوێست زۆر خۆشە، چونکە کەسێکی زۆر پرۆفیشناڵە و زۆر هاوکار و یارمەتیدەری من بووە. گوڕوتینم پێ دەبەخشێ، باوەڕ بکە ڕۆژ هەیە زیاتر لە 18 کاژێر کاردەکەین، ئەو دێتە لای من و دەڵێت سەبرت هەبێت، کارەکان زۆر لەبەرچاوم ئاسان دەکات. کەسێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆیە، بەشداری ئەو وەکو گۆرانیبێژ لە فیلمەکەدا زۆر گرنگە، چونکە تەنیا هەوادارانی ئەو بێنە سینەما بەسە.





### گۆرانی کچێکی کورد لە چەندین وڵات پڕفرۆشترینە

### نۆری، خانمە گۆرانیبێژی کورد بۆ (ڕووداو):

# کۆمێنتی خراپ بۆ کلیپەکەم هاتووە

**لە باوکێکی هەولێری و دایکێکی کەرکووکی لەدایکبووە. لە نیوزلەند دەژی، بەڵام بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی و بوون بە ئەستێرە خوێندنی جێهێشت و چووە ئەمریکا. چەند ساڵێک لە لۆس ئەنجلس هەوڵیدا تاوەکو هەفتەی ڕابردوو یەکەم کلیپی گۆرانی بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکردەوە. ڤیڤیان کە بە نۆری دەناسرێ، ئێستا شانازی دەکات بەوەی کە گۆرانییەکەی لە ڕیزبەندی پڕفرۆشترین گۆرانییەکانی هەفتەیە لە نیوزیلەند. هەروەها لە چەندین وڵات لە ڕیزبەندی تۆپ 10 دایە. دوای بڵاوبوونەوە و سەرکەوتنی بەرهەمەکەی، وەڵامی پرسیارەکانی (ڕووداو) دەداتەوە.**

**هەڤپەیڤین: دەرباز یونس**
**ڕووداو - هەولێر**

**ڕووداو: ماوەیەک بەر لە ئێستا بۆ (ڕووداو) قسەت کرد، ئەوکات ئامادەکاریت بۆ ئەم کلیپە دەکرد، ئێستا کە بڵاوبووەتەوە و لە ماوەیەکی کەمدا کلیپەکەت نزیکدەبێتەوە لە یەک ملیۆن بینەر لە یوتیوب، پێم بڵێ هەستت چۆنە؟**

**نۆری:** هەستێکی زۆر خۆشم هەیە. ئەو پشتگیرییەی خەڵک و هەوادارانم هێزێکی زۆریان پێداوم، ئێستا ناتوانم چاوەڕێ بکەم بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نوێ. دەمەوێت گۆرانی و میوزیک و کلیپی زیاتر بڵاوبکەمەوە بۆ هەموو کەسێک، ئێستا پشوو دەدەم، چونکە ماندووبوونەکەم بەرهەمی هەبووە.

**ڕووداو: دڵنیام لە دوای بڵاوکردنەوەی کلیپەکەت، نامەی زۆرت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پێگەیشتوون، کاردانەوەی خەڵکی لە بەرامبەر کارەکەی تۆ چۆنە؟ نامەکانی بۆت دەنێرن چۆنن؟**

**نۆری:** زۆریان ئەرێنین، لەگەڵ ئەوەش بەدڵنیاییەوە کۆمێنت و بۆچوونی خراپ هەیە، بەڵام من دڵخۆشم و شانازی دەکەم بەو بیرکردنەوە جیاوازانەی لە نێو وڵاتەکەمدا هەن. ئەمە چێژم پێدەبەخشێت. جارێکی دیکەش سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە پشتگیرییان کردووم.

**ڕووداو: من چاودێری سۆشیالمیدیای تۆم کردووە، هەندێک بۆیان نووسیوی کە باوەڕ ناکەن تۆ کورد بیت؟**

**نۆری:** پێیاندەڵێم 100% کوردم و شانازی بەوە دەکەم.

**ڕووداو: ئەندامانی خێزانەکەت پشتگیریت دەکەن؟**

**نۆری:** بەڵێ، هەموو ئەندامانی خێزانەکەم پشتگیریم دەکەن، دایکم بەشێکە لە کارەکانم و ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە، ئەو ئێستا دڵخۆشە کە من لە نێو بەدیهێنانی خەونەکانمدا دەژیم.

> کلیپەکەم شوێنی خۆی گرتووە و پشوو دەدەم

**ڕووداو: بەشێک لە هەوادارانت مەبەستیانە لەبارەی ژیانی تایبەتی تۆوە پرسیار بکەن، تۆ بە دیاریکراوی خەڵکی کامە شاری کوردستانی؟ ئێستا لە کوێ دەژیت؟ چوویتە ژیانی هاوژینییەوە؟**

**نۆری:** شووم نەکردووە، لە نیوزیلەندا دەژیم، بەڵام بۆ کارەکانم زۆرجار گەشت دەکەم بۆ لۆس ئەنجلس، باوکم خەڵکی هەولێرە و دایکیشم خەڵکی کەرکووکە.

**ڕووداو: بەنیازنیت سەردانی کوردستان بکەی؟ داوای کۆنسێرتت لێ ناکەن؟**

**نۆری:** بەدڵنیاییەوە، زۆر حەز دەکەم، لە پلانمدایە و لە دەرفەتێکی نزیکدا دێمە کوردستان، دەمەوێ لەوێ هەموو ئەو کەسانە ببینم کە پشتگیریم دەکەن، دێم بەمزووانە دێم، بەدڵنیاییەوە داوای کۆنسێرت دەکەم و حەز دەکەم بیکەم، بە دڵنیاییەوە ئەوە ڕوودەدات.

**ڕووداو: حەز دەکەی لەگەڵ گۆرانیبێژێکی کورد گۆرانی دوێت تۆمار بکەن؟ ئەگەر بەڵێ، هیچ ناوت لە پلاندایە؟**

**نۆری:** بەڵێ زۆر حەزدەکەم گۆرانی هاوبەشم لەگەڵ گۆرانیبێژێکی کورد هەبێت، لە هەموو کارە میوزیکییەکانی دەشیانکەم کاریگەری میوزیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەسەرەوەیە، من بۆ هەموو پێشنیازێکی تۆمارکردنی گۆرانی دوێت کراوەم بۆ گفتوگۆ.

**ڕووداو: ئێستا کە یەکەم کلیپت بڵاوکردەوە، پلانت چییە بۆ کارەکانت؟**

**نۆری:** پلانی ئێستام چاودێریکردنی ئەم کلیپەیە بۆ ئەوەی بگات بەو شوێنەی کە من دەمەوێت و شایەنیەتی، پلانیشم بۆ داهاتوو بە دڵنیاییەوە بڵاوکردنەوەی میوزیک و گۆرانی و کلیپی نوێیە، کاری نوێ دەستپێدەکەم لە دەرفەتێکی نزیکدا.

> بەدڵنیاییەوە دەگەڕێمەوە کوردستان و کۆنسێرتیش دەکەم

**ڕووداو: گۆرانییەکەت کە لە نیوزیلەند لە پلەی یەکەمدایە و پڕفرۆشترینە، لە چەند وڵاتێکیش لە ڕیزبەندی تۆپ 10 دایە، تۆ چ هەستێکت هەیە بۆ ئەم ڕیزبەندییە بەرزە؟**

**نۆری:** ئەمە خۆشترین هەستە کە هەمە، کاتێک دەبینم گۆرانییەکەم پڕفرۆشترینە و لە ڕیزبەندی یەکەمی نیوزیلەند-دایە، ناتوانم ئەو هەستەم دەرببڕم، دەمەوێت لێرەوە سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەم کە پشتگیریم دەکەن.

> کە گۆرانییەکەم لە ڕیزبەندی یەکەمی نیوزیلەند دەبینم خۆشترین هەستم هەیە







زانکۆی ستراتفۆردی ئەمریکی کە 8 لقی لە ئەمریکا هەیە و دوای وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی لە حکومەتی هەرێم، لقی خۆی لە هەولێر دەکاتەوە و تاکە زانکۆی راستەقینەی ئەمریکی یە لە ئێراق و کوردستان. ئەم زانکۆیە خاوەنی 10 دانپێدانانی ئەمریکی و جیهانی یە و سەرجەم سیستمی خوێندن، مەنهەج، کامپێسی ئەلکترۆنی و بڕوانامەکانی لە ئەمریکاوە دێن. ئەم زانکۆیە ئەمساڵ 2 سکول بە چەندین بەشەوە دەکاتەوە:

- سکولی بیزنس و بیزنسی نێودەوڵەتی بەم بەشانەوە:
- ژمێریاریی و دارایی
- سەرچاوە مرۆیی یەکان
- بەڕێوەبردنی کار
- بەڕێوەبردنی گاز و نەوت

**سکولی ئەندازیاریی کۆمپیوتەر بەم بەشانەوە:**
- ئەندازیاری پرۆگرامەکانی مۆبایل و وێب
- ئەندازیاری سایبەر سکیوریتی
- ئەندازیاری تێلێکۆمیونیکەیشن
- ئەندازیاری نێتۆورک
- ئەندازیاری داتابێیس
- ئەندازیاری سۆفتوێر

هەروەها ئەم زانکۆیە ئینستیتوتی زمانی ئینگلیزی کردۆتەوە بۆ خوازیارانی فێربوونی زمان کە 6 ئاستی هەیە و قوتابییان ئامادە دەکات بۆ خوێندنی ئاکادیمی، بیزنس، گفتوگو یان بۆ تاقیکردنەوەی ئایل و تۆفل.

**بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارانەی خوارەوە:**
1616 970 750 00964
1616 980 750 00964

ئادرێس: هەولێر- شەقامی گوڵان

ڕووداو
ژنان
ژمارە (530) - دووشەممە 2018/11/19



## لە کەلار ئافرەتێک خۆی دەخنکێنێ

**ڕووداو- کەلار**

بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندنی پۆلیسی کەلار بڵاوی کردەوە کە ئێوارەی ڕۆژی 2018/11/17 ئافرەتێکی دانیشتووی قەزای کەلار لە ماڵەکەی خۆیدا خۆی هەڵواسیوە و بەو هۆیەوە خنکانەوە. پۆلیس دەڵێت پۆلیس چوونەتە شوێنی ڕووداوەکە و دەرکەوتووە ئافرەتێکی بە ڕەگەز عەرەب دانیشتووی گەڕەکی مەگارەکەی قەزای کەلار بەناوی (ن،م، ح) لە دایکبووی 1990 بەهۆی خۆهەڵواسینەوە خنکاوە. بەگوتەی مێردەکەی، ئافرەتەکە لەگەڵ دوو منداڵەکەی لەماڵەوە بوون. لەکاتی گەڕانەوەیدا بینیویەتی هاوژینەکەی، خۆی هەڵواسیوە. پۆلیس پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە و دۆسیەکەی ڕەوانەی بەشی توندوتیژی دژی ژنان دەکرێ، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە هۆکار و چۆنیتیی ڕووداوەکە.

# کچێکی 17 ساڵان کتێبێک لە بارەی منداڵانی کوردی ئێزدی بڵاودەکاتەوە

**دەریاز یونس**
**ڕووداو — هەولێر**

باوکی ڕۆژنامەنووسە و دایکیشی پێشتر بێژەری تەلەڤزیۆن بووە و ئێستاش لە زۆربەی بۆنە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستاندا پێشکەشکارە. شەم هەر لە منداڵییەوە حەزی لە خوێندنەوەی چیرۆک و چیرۆکنووسینە، زمانی ئینگلیزی بەباشی دەزانێت. ڕۆژی 13ی ئەم مانگە لە شاری هەولێر، لە ڕێوڕەسمێکدا یەکەمین کتێبی خۆی بە زمانی ئینگلیزی بەناوی: (Your are just watching) – ئێوە تەنیا سەیر دەکەن- بڵاوکردەوە.

شەم کچی بەرهەم عەلی و ناز عەبدوڵڵایە، لەبارەی کتێبەکەی بە (ڕووداو)ی گوت: "کتێبەکەم چیرۆکی 10 منداڵی کوردی ئێزدی ڕزگاربووی دەستی داعش باس دەکات، ئەو منداڵانە لای داعش بوون و دواتر ڕزگاریان بووە، چیرۆکەکان لە زاری منداڵەکانەوە وەرگیراون، واتە کە کتێبەکە دەخوێنیتەوە، منداڵەکان خۆیانن قسەت بۆ دەکەن، باس لەوە دەکەن کە کاری زۆر قورسیان پێکراوە، بۆ نموونە کراونەتە چەکدار، هەندێکیان خەڵکیان لە بەردەم سەربڕدراوە، چیرۆکی جیاوازی تراژیدی و سەرنجڕاکێشی تێدایە".

شەم ماوەی زیاتر لە ساڵێک خەریکی نووسینی کتێبەکەی بووە، سەردانی ئەو منداڵانەی کردووە کە قسەیان بۆ کردووە. ئەو دەڵێت: "سەردانی کەمپەکانم کردووە و چیرۆکەکانم لە منداڵەکان خۆیان وەرگرتووە، منداڵەکان زۆر ئازان و چاونەترسن، من لە نێو کەمپەکان گەڕاوم، چیرۆکی هەموو منداڵانی ڕزگاربووی دەستی داعش سەرنجڕاکێشە، بەڵام من 10 سەرنجڕاکێشترین چیرۆکم هەڵبژاردووە".

ئەم نووسەرە گەنجە دەشڵێت: "حەزم نەکرد یەکەم کتێبی من بە زمانی ئینگلیزی چیرۆکێکی تراژیدی بێت، بەڵام خۆتان دەزانن ئەوەی بەسەر کوردی ئێزدی هات هەموومانی خەمبار کرد، بۆیە بڕیارمدا کتێبەکە ئامادە بکەم و دایک و باوکم زۆر هاوکارییان کردم بۆ ئەوەی چاپی بکەم، ئەوان گوتیان ئەم کتێبە دەبێتە بەڵگە و دۆکیومێنت".

کتێبەکە 10 چیرۆکی تێدایە کە هەر چیرۆکە و ناوێکی هەیە، ناوەکەشی لە بەسەرهاتی منداڵەکەوە وەرگیراوە. پرسیاری ئەوە دەکرێت کە شەم بۆچی تەنیا چیرۆکی منداڵانی لە کتێبەکەیدا جێکردووەتەوە، شەم لەوبارەیەوە دەڵێت: "لە میدیاکاندا بایەخی زۆر بە کارەساتی کوردی ئێزدی دراوە، بەڵام کارێکی وا لەسەر منداڵانی قوربانی نەکراوە، من خۆشم تەمەنێکی کەمم هەیە و تەنیا 17 ساڵم، بۆیە فۆکەسم تەنیا خستە سەر منداڵانی کوردی ئێزدی".

نرخی کتێبەکەی شەم تەنیا پێنج دۆلارە. شەم دەڵێت: "جاری یەکەم بۆ وەرگرتنی چیرۆکەکان بە دەستی بەتاڵ چوومەتە لای منداڵەکان، بەڵام ئەمجارە کە دەچمەوە بە دەستی پڕ دەڕۆم، چونکە تەواوی داهاتی فرۆشی کتێبەکەم بۆ ئەو 10 منداڵە کوردە ئێزدییە دەبێت کە چیرۆکی نێو کتێبەکەمن".

کۆپی کتێبەکەی شەم کە بە زمانی ئینگلیزییە، بۆ کونسوڵخانەی چەندین وڵاتی دونیا لە هەولێر و لە بەغدا نێردراون، لە ڕێوڕەسمی ناساندنی کتێبەکەشدا ئەو کەسایەتییە بیانییانەی لە کوردستان دەژین بانگهێشتکراون، چونکە شەم دەیەوێت کتێبەکەی بگاتە هەموو جیهان و بڵێت "سەیربکەن منداڵانی ئێوە چۆن دەژین و منداڵانی ئێمەش چۆن گەورە دەبن".

سەبارەت بە نووسینی کتێبەکە بە زمانی ئینگلیزی، شەم گوتی: "سەرەتا بیرم لەوە کردەوە کە کتێبەکە بە زمانی کوردی بنووسم، بەڵام دواتر گوتم ئێمەی کورد زۆر شت لە بارەی زوڵمی داعش دەزانین، کتێبی دیکەی زۆریش بە زمانی کوردی لە بارەی داعش و کوردی ئێزدی نووسراون، بۆیە بڕیارم دا کە کتێبەکەم بە زمانی ئینگلیزی بێت، بۆ ئەوەی دونیای دەرەوە لە زاری منداڵەکان خۆیانەوە، چیرۆکەکەیان بخوێننەوە".

**شەم بەرهەم:**

**نرخی کتێبەکەم پێنج دۆلارە**
**و تەواوی داهاتەکەی بۆ 10**
**منداڵی نێو کتێبەکەم دەبێت**




## دەڵێت لەگەڵ چەند کچێک چووین بۆ قەندیل

# کچێک سێ هەفتەیە بێسەروشوێنە

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕانیە**

کچێکی دانیشتووی ناحیەی چوارقوڕنەی سەر بە قەزای ڕانیە، ماوەی سێ هەفتەیە لە ماڵ دەرچووە و نەگەڕاوەتەوە، کچەکە لە دوای خۆی نامەیەکی جێهێشتووە و دەڵێت چووەتە قەندیل، بەڵام بەرپرسێکی یەکێتی ژنان گومانی لە نامەکە هەیە و پێیوایە تەنیا بۆ پەردەپۆشکردنی کێشەیەکی نێو خێزانەکەیە.

لە ڕۆژی 2018/10/28 وە کچە قوتابییەکی تەمەن 18 ساڵ بەناوی ئاڤان موخلیس، دانیشتووی ناحیەی چوارقوڕنەی سەر بە قەزای ڕانیە بەناوی چوون بۆ دەوامی قوتابخانە دەرچووە و نەگەڕاوەتەوە. کەسوکاریشی دەڵێن هیچ لەبارەی چارەنووسی کچەکەیان نازانن، تەنیا ئەو نامەیە نەبێ کە لە دوای خۆی جێیهێشتووە.

بەپێچەوانەی ئەو کچ و کوڕانەی کە سەرسامن بە پەکەکە، یان بەرخودانێکی پەکەکە سەرنجی ڕاکێشاون، یان لە ڕقی دەوڵەتی تورکیا چوونەتە قەندیل، ئاڤان لە داخی قسە و قسەڵۆکی خەڵک سەری خۆی هەڵگرتووە و خۆی گوتەنی چووەتە "ناو پەکان" — پەکەکە.

موخلیس محەممەد، باوکی ئاڤان بە (ڕووداو)ی گوت: "ئاڤان بەناوی چوون بۆ قوتابخانە چووەتە دەرەوە و نەگەڕاوەتەوە، بەڵام لە دوای خۆی نامەیەکی جێهێشتووە و داوای گەردنئازادی لێکردووین و دەڵێت بەدوامدا مەگەڕێن، چوومەتە نێو پەکەکە".


ئاڤان موخلیس

وەک باوکی باسی دەکات، ئاڤان لە نامەکەیدا هۆکاری ڕۆیشتنەکەی باسکردووە و گوتوویەتی کە لەدەست قسە و بوختانی خەڵک ڕایکردووە. ئێستا موخلیس خەمەکەی بووە بە دوو خەم، یەکەمیان ڕۆیشتنی کچەکەیەتی، دووەمیشیان ئەو قسە و بوختانانەی کە ئاڤان باسی دەکات.

باوکی ئاڤان دەڵێت کچەکەی هیچ کێشەیەکی نەبووە، تاوەکو ناچار ببێ ڕابکات، لەو باوەڕەدایە کچەکەی بە ویستی خۆی چووبێتە نێو پەکەکە. باوکی ئاڤان دوای دۆزینەوەی نامەکە پەنای بردووە بۆ قەندیل. ئەو دەڵێت: "هەفتەیەک لە قەندیل گەڕام، چوومە لای گەریلاکانی پەکەکە، بەڵام ئەوان دەڵێن لەلای ئێمە نییە".

باوکی ئاڤان سکاڵای لەلای پۆلیس تۆمار نەکردووە، ئەو وایزانی لە قەندیل هەواڵێکی لەبارەی چارەنووسی کچەکەی دەستدەکەوێ، بەڵام هیچی دەستنەکەوت، ئێستا بەنیازە لە پۆلیس سکاڵا تۆمار بکات.

لەو ڕۆژەوەی ئاڤان ونبووە، کەسوکارەکەی بەدوایدا دەگەڕێن، بەڵام ئاڤان لە نامەکەیدا دەڵێت: "بە دوای مندا گەڕان هیچ سوودی نییە، من نابیننەوە تەواو، ئێوە خەریکی ژیانی خۆتان بن. بیر لە من مەکەنەوە، جێگام باشە، من لە مێژە هەوڵ دەدەم بچمە ناو پەکان، ئێستا هەوڵم دا و چووم. خەمتان نەبێ، ئێمە چەند کچێکین بەیەکەوە چووین".

فاتیمە ڕەسوڵ، دایکی ئاڤان باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە کچەکەی لە ماڵ دەرچووە. فاتیمە گوتی: "بەیانی لەگەڵ هاوڕێیەکی بەیەکەوە چوون بۆ قوتابخانە. لە ڕێگا بە هاوڕێکەی گوتووە شتم بیرچووە و دەگەڕێمەوە ماڵەوە، بەڵام نەگەڕاوەتەوە. سەعات یەک کە دەوام تەواو بوو نەهاتەوە، چووین بۆ قوتابخانەکەی، مامۆستاکان گوتیان ئەمڕۆ نەهاتووە بۆ قوتابخانە و غیاب دراوە".


نامەکەی ئاڤان

کاتێک فاتیمە بەنێو کەلوپەلی کچەکەیدا گەڕاوە، بینیویەتی هیچ پەرتووکێکی لەگەڵ خۆی نەبردووە، بە جلی قوتابخانەوە دەرچووە و دەستێک جلیشی خستووەتە نێو جانتاکەی. فاتیمە دەڵێت: "لەو ڕۆژەوەی ئاڤان ڕۆیشتووە، هەر کاتێک لە دەرگا دەدرێ ڕادەچڵەکێم، وادەزانم ئاڤان هاتووەتەوە، یان کەسێکە هەواڵی ئاڤانی پێیە".

دوای ونبوونی ئاڤان، دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە ئاڤان پەیوەندی سۆزداری هەبووە و هەڵاتووە. بەڵام دایکی دەڵێت: "گوتیان پەیوەندی لەگەڵ کەسێک هەیە لە دەرەوەی کوردستان، ڕۆژێک دوای ونبوونی ئاڤان، ئەو کەسە هاتەوە کوردستان، پەیوەندیمان پێوەکرد، ئەو گوتی نە پەیوەندیم لەگەڵی هەیە و نە زانیاریشم لەبارەیەوە هەیە".

هەرچەندە کەسوکارەکەی پێیانوایە ئاڤان چووەتە قەندیل، بەڵام ڕێکخراوێکی ژنان گومانی هەیە و پێیوایە ئاڤان بەهۆی کێشەیەک ماڵی جێهێشتووە. ئاشنا حەسەن، بەرپرسی کۆمیتەی ناحیەی حاجیاوا و چوارقوڕنەی یەکێتی ژنانی کوردستان دەڵێت: "بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکانی ئێمە کە بەدواداچوونمان بۆ دۆسیەی بزربونی ئاڤان کردووە، بەڵگەیەکی لاوازی لە دوای خۆی جهێشتووە گوایە چووەتە قەندیل، نامەکە هیچ ڕێکەوت و واژوویەکی لەسەر نییە. ئەگەر ئاڤانیش نووسیبێتی بۆ چەواشەکردنە و ڕەنگە لەبەر توندوتیژیی دەوروبەرەکەی ڕایکردبێ".

ئاشنا حەسەن هەروەها دەڵێت: "هەر خێزانێک کەسێکی لێ ون بێ، لەلای پۆلیس سکاڵا تۆمار دەکات، بەڵام ئەوان سکاڵایان تۆمار نەکردووە، وەک ئەوەی زانیارییان لەسەر کچەکەیان هەبێ بۆ کوێ ڕۆیشتووە".

### لە ڕاپەڕین 18 کەس شوێنبزرن

ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت: "کەسوکاری ئاڤان سکاڵایان تۆمار نەکردووە و هیچ دۆسیەیەکیش بۆ ئاڤان نەکراوەتەوە. ڕائید شۆڕش لەبارەی ژمارەی ئەو کەسانەشی کە لە ماوەی ڕابردوودا بێسەروشوێن بوونە، گوتی: "لە سەرەتای ساڵی ڕابردووەوە تا ئێستا 18 کەس لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین بێسەروشوێن بوونە، زۆربەیان بە ناوی کێشەی کۆمەڵایەتی دۆسیەیان بۆ کراوەتەوە".

## پێشتریش دوو جار هەوڵی خۆکوشتنی دابوو

# سوممەیە لە ماڵی باوکیدا خۆی خنکاند

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕانیە**

پێشتر دووجار هەوڵی خۆکوشتنی دابوو، جارێک لە ڕێگەی خواردنی دەرمان و جارێکیش لە ڕێگەی بڕینی دەماری دەستی. سوممەیە لە هەردوو هەوڵەکەی شکستی هێنا، بەڵام جاری سێیەم لە ماڵی باوکیدا بە پەتێک خۆی هەڵواسی و گیانی دەرچوو. باوکی سوممەیە، زاواکەیان بەهۆکاری خۆخنکاندنی کچەکەی دەزانێ، بۆیە بەنیازە سکاڵای لەسەر تۆمار بکات.

سوممەیە عەبدوڵڵا ڕەسوڵ، تەمەن 19 ساڵ، کە کەسوکارەکەی بە ڕۆژگاریش ناویان دەهێنا، ڕۆژی 2018/11/11 لە نێو ماڵی باوکیدا لە ناحیەی بێتواتەی سەر بە قەزای ڕانیە، بە پەت خۆی خنکاند.

ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕانیە، خۆخنکاندنی ئەو ئافرەتەی بۆ (ڕووداو) پشتڕاستکردەوە و گوتی: "ئەو ژنە خۆی خنکاندووە، بەڵام هێشتا ڕوون نەبووەتەوە بۆچی خۆی خنکاندووە، دوای تەواوبوونی پرسەکەی، کەسوکارەکەی بۆ ئیفادە بانگ دەکرێن و ڕەنگە ئەوکات هۆکاری خۆخنکاندنەکەی بزانرێ".

تەمەنی سوممەیە کەمتر لە 18 ساڵ بووە کاتێک شووی کردووە، تەنیا ساڵ و نیوێک لەگەڵ هاوژینەکەی مایەوە. لەو ماوەیەدا چەندینجار کێشە لە نێوانیان دروست بووە و تۆراوە.

عەبدوڵڵا ڕەسوڵ، لە پرسەی کچەکەیدا قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی: "کچەکەم منداڵ بوو لەڕێی ئاشنایەکمانەوە هاتنە داخوازی، ئێمەش بنەماڵەکەمان بەلاوە باش بوو، بە ڕەزامەندیی هەموو لایەک، سوممەیەمان بەشوو دا. ماوەیەک بەیەکەوە بوون و پاشان کێشە کەوتە نێوانیان، چەند جارێک بۆمان چارەسەرکردن، بەڵام سوودی نەبوو".

باوکی سوممەیە باسی هۆکاری کێشەکانی نێوان کچەکەی و زاواکەی کرد و گوتی: "زاواکەمان خەرجی سوممەیەی نەدەکێشا، بەردەوام بەجێیدەهێشت، سەرباری ئەوەش دڵی لێی پیس بوو".

لە ڕۆژی ڕووداوەکەدا باوکی سوممەیە لە ماڵ نەبووە، سوممەیە دایکیشی ناردووە بۆ بازاڕ. بۆیە باوکی سوممەیە پێیوایە کچەکەی بەرنامەی بۆ خۆکوشتنی داناوە. خوشکێکی سوممەیە کە لە قوتابخانە گەڕاوەتەوە، بینیویەتی سوممەیە بە پەتێک خۆی هەڵواسیوە. ئیدی هاواری بۆ دراوسێکانی بردووە.

عەبدوڵڵا ڕەسوڵ دەڵێت: "کێشەی سوممەیە و مێردەکەی درێژەی کێشا و چارەسەر نەبوو، بۆیە پەنایان برد بۆ دادگا بۆ ئەوەی لە یەکدی جیاببنەوە، ڕۆژی 13ی ئەم مانگە دوایین دانیشتنی دادگا بوو لەبارەی کەیسەکەیان، بەڵام سوممەیە بەر لەو وادەیە خۆی خنکاند".

باوکی سوممەیە پێیوایە مێردی کچەکەی هۆکاری خۆخنکاندنی کچەکەیەتی، بۆیە دەڵێت: "دوای تەواوبوونی پرسەی سوممەیە، هەر کاتێک پۆلیس بانگمان بکات بۆ ئیفادەدان، سکاڵا لەسەر مێردی سوممەیە تۆمار دەکەم".

سەبارەت بە هەڵوێستی ماڵە خەزوورانی سوممەیەش، گوتی: "ئێمە حەزمان نەکرد کەسە نزیکەکانیان بەشداری پرسەکەی بکەن، بەڵام ڕێگریمان لە ڕیشسپی و پیاوماقوڵانی بنەماڵەکەیان نەکردووە، کەچی بەداخەوە کەسیان نەهاتن بۆ پرسەکەی، لەسەر ئەوە گلەییمان لێیان هەیە".

کەسوکاری محەممەد، هاوژینی سوممەیە، نایشارنەوە کە ئەو ژن و مێردە کێشە لە نێوانیاندا هەبووە، بەڵام کێشەکە بەهۆی ماڵی باوکی سوممەیە بووە.

فەرمان محەممەد کە مامی محەممەدە، دەڵێت: "ئەوان سەرەتا هیچ کێشەیان نەبوو، دواتر کێشە کەوتە نێوان ماڵی سوممەیە و خەزووری، زۆرجار لەگەڵ محەممەدیش لەو بارەیەوە قسەم کردووە، ئەویش بەردەوام دەیگوت من هیچ شتێک لە خۆم شک نابەم".

فەرمان پێیوایە سوممەیە و محەممەد خۆبەخۆ کێشەیان نەبووە، بەڵکو خەڵکی دیکە دەستی وەرداوەتە ژیانیان و کێشەی بۆ دروستکردوون. فەرمان گوتی: "سوممەیە و محەممەد یەکدییان خۆشدەویست، تەنانەت بڕیاریاندابوو لە دوایین دانیشتنی دادگا پەشیمان ببنەوە کە لە یەکدی جیاببنەوە، قسەی تۆمارکراویش هەیە کە سوممەیە دەڵێت من و محەممەد یەکدیمان زۆر خۆشدەوێ، بەڵام خەڵک وازمان لێناهێنن".

فەرمان ئاشکرای کرد کە سوممەیە پێشتریش دووجار هەوڵی خۆکوشتنی داوە، جارێکیان ویستبووی بە چەقۆ دەماری دەستی ببڕێ، بەڵام زوو فریای کەوتبوون، جارێکی دیکەش حەبی خواردبوو، ئەوجاریش فریای کەوتبوون و لە مردن ڕزگاریان کردبوو.

فەرمان دەڵێت کاتێک هەواڵی خۆخنکاندنی سوممەیەیان بیستووە، زۆریان پێ ناخۆش بووە، ویستوویانە بەشداری ڕێوڕەسمی ناشتن و پرسەکەی بکەن، بەڵام ماڵی باوکی سوممەیە هەواڵیان بۆ ناردوون کە هەر کەسێکی ئەوان بێت بۆ پرسەکەی دەریدەکەن، بۆیە ئەوان لەلای خۆیان پرسەیان بۆ دانا.


سوممەیە دوو پرسەی بۆ دانرا



کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە (530) - دووشەممە 2018/11/19

## بکوژی کچێکی نیپاڵی لە هەولێر دەستگیردەکرێ

**ڕووداو- هەولێر**

پۆلیسی هەولێر دەستگیرکردنی ئەو کەسەی ڕاگەیاند کە هەفتەی ڕابردوو لە ماڵێکدا لە شاری هەولێر "دوای دزیکردن کچێکی نیپاڵیشی کوشتووە". ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو ڕووداوێکی کوشتنی کچێکی نیپاڵی لە کۆمەڵگەی گەنجان ستی هەبوو، دوای گەڕان و لێکۆڵینەوەی ورد توانیویانە شەوی 18ی ئەم مانگە، بکوژەکە دەستگیربکەن. هۆگر عەزیز گوتیشی :"بکوژەکە خەڵکی مووسڵە و سەربازی سوپای عێراق بووە. بەناوی کارمەندی کارەباوە چووەتە ماڵی کەسێکی سەرمایەدار کە بە تەنیا خزمەتکارێکی نیپاڵی لە ماڵ بووە، دوای ئەوەی کچەکە ویستویەتی ئاشکرای بکات، بە گوللەیەکی دەمانچە کچەکەی کوشتووە".

### گرتەیەکی ڕووتی کچەکە لە فەیسبووک بڵاودەکەنەوە

# هەشت کەس دەستدرێژی دەکەنە سەر کچێکی 12 ساڵان

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

کچێکی 12 ساڵان، بەناوی هەڕەشەی کوشتن لە دایک و باوکی، لەلایەن پیاوێکەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر، دواتریش حەوت کەسی دیکە دەستدرێژی دەکەنە سەری. کچەکە سکاڵای لەسەر کوڕێک و کچێک تۆمار کردووە کە بوونەتە هۆی ئەوەی بەرەوڕووی ئەو دەستدرێژییە ببێتەوە.

(م.ک)، تەمەن 12 ساڵ، لەڕێگەی فەیسبووکەوە کوڕێک بەناوی (س.ی) دەناسێت کە فەرمانبەرە، دوای ماوەیەک کوڕەکە قسەی نەشیاوی پێدەڵێت، پاشانیش هەڕەشەی کوشتنی دایک و باوکی لێدەکات. (م) دەڵێت: "دوو مانگ لەمەوبەر (س) هەڕەشەی لێکردم و پێیگوتم ئەگەر لەگەڵم نەبی، باوک و دایکت دەکوژم. منیش زۆر ترسام بۆیە ڕازیبووم. منی بردە ماڵی خۆیان. هەر کە چوومە ژوورەوە لە دواوە دەستدرێژی کردە سەرم".

(س) لەماوەیەکی کورتدا چوار جار دەستدرێژی دەکاتە سەر کچەکە. (م) دەڵێت: "دوای چەند ڕۆژێک دووبارە (س) داوای لێکردم کە بچمەوە ماڵەکەی، بەڵام ئەمجارە هیچی لێنەکردم. تەنیا ڕووتیکردمەوە و گوتی چاوت داخە. منیش چاوم داخست. دواتر زانیم وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی منی بە ڕووتی گرتووە. دواتر دوو جاری دیکەش دەستدرێژی کردە سەرم".

(س.ی) نکۆڵ لەوە ناکات کە (م)ی بردووەتە ماڵی خۆی. ئەو دەڵێت: "ئەو کچەم لەڕێگەی کوڕێکی هاوڕێمەوە ناسی. چوار جار بردوومەتەوە ماڵەوە و جلەکانیم داکەندووە و وێنەم گرتووە، بە ڕەزامەندی خۆی یەکدیمان لە باوەش گرتووە، بەڵام دەستدرێژیم نەکردووەتە سەری".

### ڤیدیۆکەی بڵاودەکرێتەوە

دوای ماوەیەک گرتە ڤیدیۆکەی (م) لە پەیجێکی فەیسبووک بڵاودەکرێتەوە، بەڵام (س.ی) ڕەتیکردەوە کە خۆی بڵاوی کردبێتەوە و دەڵێت: "گرتەکە لە نێو میمۆرییەک بوو. ڕۆژێک چووم بۆ کافتریایەک و کەسێک بەناوی (ە) کە لە کافتریاکە کاردەکات، بەدزی منەوە گرتەکانی بردبوو. ئەو داوای 10 هەزار دۆلاری لێکردم لەبەرامبەر بڵاونەکردنەوەی و گوتی ئەگەر ئەو بڕە پارەیە نەدەی ئابڕووت دەبەم، بەڵام من ئەو پارەیەم نەبوو بیدەمێ، بۆیە لە فەیسبووک بڵاوی کردەوە و داویشیەتی بە چەند کەسێک".

(م) قوتابییە و چەند مانگێک لەمەوبەر لەگەڵ (گ.ی) کە کچێکی تەمەن 15 ساڵی قوتابخانەکەیانە، دەبێتە هاوڕێ، بەڵام دواتر هاوڕێکەی لەشفرۆشی پێدەکات. (م.ک) کە سکاڵای لەسەر (گ)یش تۆمار کردووە، دەڵێت: "(گ) زۆر خۆی لێم نزیککردەوە. دووجار چوومە لای لە ماڵەوە و شەویش لەلای دەمامەوە، نەمزانی پیلانی بۆ داناوم".

(م) گوتی: "ڕۆژێک (گ) بە هەڕەشەوە گوتی ژمارەی چەند کوڕێکت دەدەمێ دەبێ تەلەفۆنیان بۆ بکەی، ئەگەرنا دایک و باوکت دەکوژن. منیش ترسام و بەناچاری ڕازی بووم. یەکەمجار (ئە) تەلەفۆنی بۆ کردم. منی برد بۆ شوقەیەک و بە گوریس دەست و پێی بەستمەوە. سێ جار لەدواوە دەستدرێژی کردە سەرم. 40 هەزار دیناری دامێ بۆ هاوڕێکەم. دوای سێ ڕۆژ (ە) تەلەفۆنی کرد و بردمی، ئەویش دەستی بەستم و دووجار دەستدرێژی کردە سەرم و 40 هەزار دیناریشی دامێ و گوتی بیدە (گ). ڕۆژانە کوڕ دەهاتنە لام و بەزۆر سێکسیان لەگەڵ دەکردم، پارەشیان دەدا بە (گ). لە ماوەی 10 ڕۆژدا 7 کەس لە یەک شوێن دەستدرێژییان کردە سەرم".

### تۆمەتبارەکان دەستگیرکراون

لەبارەی ئەم کەیسەوە سەرچاوەیەکی ئەمنی بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی کچێک سکاڵای تۆمار کرد کە دەستدرێژی کراوەتە سەر. دەرکەوت کە بەهۆی پەیوەندییەکەوە کوڕێک گرتەی ڤیدیۆیی کچەکەی لەسەر میمۆری هەبووە، بەڵام هاوڕێیەکی کوڕەکە میمۆریەکەی بردووە و داویەتی بە چەند چەکدارێک، ئەوانیش هەڕەشەیان لە کوڕەکە کردووە بۆ ئەوەی پارەیان بداتێ. دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە ڕووداوەکە، توانیمان هەموو تۆمەتبارەکان دەستگیر بکەین".

لەبارەی کەیسەکانی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل و ئامێرەکانی پەیوەندی، ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر گوتی: "زۆربەی ئەو سکاڵایانەی لەلای ئێمە تۆمارکراون، ماددەی دووی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندین کە زیاترن لە جۆرەکانی دیکەی سکاڵا. تەنانەت بەشێکی ئەو تاوانانەی دیکەش کە کوشتن و فێڵکردن و هەڕەشەن، دوای لێکۆڵینەوە دەردەکەوێت بەشێکیان پەیوەندییان بە مۆبایل و خراپ بەکارهێنانیەوە هەیە".

ساڵی ڕابردوو 325 سکاڵای یاسایی لەسەر کێشەکانی مۆبایل لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر تۆمارکراون، ئەمساڵیش تاوەکو سەرەتای ئەم مانگە 119 سکاڵا تۆمارکراون.

تەنیا پیاوان نین کە هەڕەشە لە ئافرەتان دەکەن، بەڵکو ژنانیش ئامێرەکانی پەیوەندی بۆ هەڕەشەکردن لە پیاوان بەکاردەهێنن. گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێت: "ئەو هەڕەشانەی پیاوان و ئافرەتان لەڕێگەی ئامێرەکانی پەیوەندییەوە لە یەکدی دەکەن جیاوازە. پیاوان زیاتر بۆ پارە و سێکسە. بەڵام ئافرەتان زیاتر بۆ هاوسەرگیرییە، هەندێکجاریش بۆ وەرگرتنی پارە هەڕەشە لە پیاوان دەکەن"



تۆمەتبارەکان گیراون و دەڵێن ئەو کچە منداڵکارە بە ئارەزووی خۆی سێکسی لەگەڵ کردوون

### دوای هەفتەیەک لە ونبوونی

# تەرمی عەبدولخالق بە سووتاوی دۆزرایەوە

**ڕووداو – هەولێر**

ماوەی هەفتەیەک بوو کەسوکارەکەی بەدوایدا دەگەڕان، بەڵام نەیاندۆزییەوە، دوای هەفتەیەک پۆلیس لە دۆزینەوەی تەرمێکی سووتاو ئاگاداری کردنەوە، کە چوون بینیان تەرمی عەبدولخالقە. کەسوکارەکەی دەڵێن عەبدولخالق بۆ پیاسە چووەتە دەرەوە و نەگەڕاوەتەوە. ڕۆژێک دوای ڕووداوەکە پۆلیس کەسێکی دەستگیر کردووە کە دەگوترێ هاوڕێی عەبدولخالق بووە.

عەبدولخالق حەمەدەمین، تەمەن 57 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی موفتیی شاری هەولێر، باوکی حەوت منداڵ بوو، پاسەوانی دووکانەکانی شەقامی سوڵتان موزەفەر بوو. کەسوکارەکەی دەڵێن ڕۆژی 2018/11/5 بۆ پیاسەکردن چووەتە دەرەوە، بەڵام بەرەبەیانی ڕۆژی 2018/11/12 تەرمەکەی بە سووتاوی لە نێو ئۆتۆمبێلەکەیدا لە ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر دۆزرایەوە.

هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر، تەنیا دۆزینەوەی تەرمەکەی بە سووتاوی پشتڕاست کردەوە و وردەکاریی زیاتری لەبارەی ڕووداوەکە ئاشکرا نەکرد، لەبەرئەوەی هێشتا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن لە ڕووداوەکە.

ئیبراهیم جەلال کە زاوای عەبدولخالقە، دەڵێت: "ڕۆژی پێنجی ئەم مانگە، خەزوورم سەعات هەشتی شەو لە ماڵ دەرچووە، بە خەسووی گوتبوو، ئەمشەو پشووم، دەچم پیاسەیەک دەکەم و زوو دەگەڕێمەوە".

عەبدولخالق نەک زوو ناگەڕێتەوە، هیچ هەواڵێکیشی نامێنێ، هاوژینەکەی چەند جارێک پەیوەندی پێوەدەکات و وەڵام ناداتەوە. ئیبراهیم گوتی: "ئەو شەوە زۆر چاوەڕێمان کرد نەگەڕایەوە، بۆیە بەیانی پۆلیسمان ئاگادار کردەوە".

کەسوکاری عەبدولخالق زۆر شوێن گەڕابوون، هەر شوێنێک گومانیان لێی هەبووبێ چوون، بەڵام هیچ هەواڵێکیان دەستنەکەوت.

ئەوان چاوەڕێی پۆلیسیان دەکرد هەواڵێکی خۆشیان بداتێ، بەڵام بەیانییەک پۆلیس پەیوەندی بە کوڕە گەورەکەی عەبدولخالقەوە دەکات و لە دۆزینەوەی تەرمێکی سووتاو ئاگاداری دەکەنەوە.

ئیبراهیم دەڵێت: "کاتێک کوڕە گەورەکەی دەچێت تەماشای تەرمەکە بکات، دەبینێ تەرمی باوکیەتی، لەو ڕۆژەوە لە ژوور نایەتە دەرەوە و بەردەوام دەپرسێ بۆچی باوکمیان سووتاندووە، خۆ هیچ تاوانێکی نەبووە".

کەسوکاری عەبدولخالق لەو ڕۆژەوە کە هەواڵی مەرگی ئەویان زانیوە، بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە دەگەڕێن: بۆچی کوشتیان؟ کێ کوشتی؟ چۆن کوژرا؟ ئیبراهیم دەڵێت "خەزوورم دوژمندار نەبووە، کێشەشی لەگەڵ کەسدا نەبوو، نازانین بۆچی کوشتیان".

هەروەها دەڵێت: "پۆلیس پێیگوتین عەبدولخالق پێشتر گوللەیەکی لێ دراوە، پاشان ئاگری تێبەردراوە و بە ئۆتۆمبێلەکەیەوە سووتاوە. باشە کوشتیان، ئەی بۆچی سووتاندیان".

خەسووی ئیبراهیم بە ئیبراهیمی گوتبوو شەوێک پێش ئەوەی هاوژینەکەی بدۆزرێتەوە، یەکێک بە مۆبایلی عەبدولخالق پەیوەندی پێوە کردووە، کە وەڵامی داوەتەوە بە عەرەبی قسەی کردووە، هیچی لێتێنەگەیشتووە، دواتر پەیوەندیان پێوە کردووەتەوە، بەڵام مۆبایلەکە داخراوە.

مستەفا خالید کە حەوت ساڵە هاوڕێ و هاوپیشەی عەبدولخالقە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە لەمێژە هاوڕێین، شەوان بەیەکەوە لەناو بازاڕ و شەقامەکان دەسوڕاینەوە، لە خۆشی و ناخۆشی بەیەکەوە بووین، حەوت ساڵە بە یەکەوەین، ڕۆژێک گوێم لێنەبووە قسەیەکی ناشیرین بکات، ئەوەی ڕۆژێک سڵاوی لێ کردبێ، خۆشیویستووە".

مستەفا گوتیشی: "کاتێک هەواڵەکەم زانی، باوەڕم نەکرد، چونکە ئەو شەوەی ونبوو، دەوامی نەبوو پێیگوتم سبەی شەو دێمەوە، کەچی ڕۆیشت و منی بە تەنیا جێهێشت".

دوای ڕووداوەکە پۆلیس هەرزەکارێکی تەمەن 15 ساڵانی بەناوی (ر) دەستگیر کردووە کە دەگوترێ هاوڕێی عەبدولخالق بووە. باوکی (ر) پشتڕاستی کردەوە کە کوڕەکەی لەسەر ئەو دۆسیە دەستگیرکراوە و گوتی: "کوڕەکەم زۆر هاوڕێی ئەو پیاوە بوو، ئێمەش ئەو پیاوەمان زۆر خۆشدەویست، بەداخین لەوەی کە بەسەری هێنراوە".

گوتیشی: "پۆلیس پێیگوتین کوڕەکەتان تەنیا بە مەبەستی لێکۆڵینەوە دەبەین و دواتر ئازادی دەکەین".

سەبارەت بە دەستگیرکردنی ئەو هەرزەکارە، زاواکەی عەبدولخالق گوتی: "پۆلیس هیچی لەبارەی دەستگیرکردنی ئەو کوڕە پێنەگوتووین، ئێمە نازانین ئەو کەسە کێیە؟ ئایا هاوڕێی خەزوورم بووە یان نا، چونکە خەزوورم هاوڕێکانی خۆی نەدەهێنایەوە ماڵەوە".



پۆلیس هەرزەکارێکی لەسەر کوشتنی عەبدولخالق دەستگیرکردووە

# پێشمەرگەیەک لەلایەن هاوڕێکەیەوە دەکوژرێ

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

هاوڕێکانی تەلەفۆنیان بۆ کرد بۆ ئەوەی بە یەکەوە پیاسەیەک بکەن، پێکەوە چوونە دەرەوە، بەڵام هەر کە گەیشتەوە بەر دەرگای ماڵی خۆیان، هاوڕێیەکی نزیکی تەقەی لێکرد و کوشتی. برایەکی شێرکۆ دەڵێت، ئەوەی تەقەی لە براکەی کردووە نزیکترین هاوڕێی بووە.

شێرکۆ محەممەد، تەمەن 21 ساڵ، نیشتەجێی شارۆچکەی چەمچەماڵ، پێشمەرگە بوو لە لیوای 16، ڕۆژی 2018/11/8 لەلایەن هاوڕێیەکی خۆیەوە لە گوندی حەفتەغاری سەر بە قەزای داقووق، تەقەی لێکرا و کوژرا.

عەمید ئەسیر محەممەد، بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی فیدراڵیی عێراق لە قەزای داقووق بە (ڕووداو)ی گوت: "پۆلیس دۆسیەی بۆ ڕوواوەکە کردووەتەوە، سێ لە هاوڕێکانی قوربانییەکەی دەستگیرکردوون کە یەکێکیان تەقەی لێکردووە".

گوتیشی: "هاوڕێکەی ئیعترافی لەسەر تاوانەکە کردووە، بەڵام تا ئێستا هۆکاری کوشتنەکەی باس نەکردووە، ئێمە لە لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا بەردەوام دەبین، تا هۆکاری کوشتنەکەیمان پێدەڵێ".

کەسوکاری شێرکۆ بۆ پرسەی ناسیاوێکیان گەڕابوونەوە گوندەکەیان، نەیانزانی هەر لەوێ پرسە بۆ کوڕەکەیان دادەنێن.

محەممەد ئەمین کە باوکی شێرکۆیە، بە (ڕووداو)ی گوت: "پێش 16ی ئۆکتۆبەر لەو گوندە دادەنیشتین، پاشان چووین بۆ چەمچەماڵ و لەوێ نیشتەجێ بووین. ڕۆژێک پێش ڕووداوەکە خزمێکمان پەیوەندی پێوەکردین و پێیگوتین ناسیاوێکمان لە گوند مردووە، وەرن بۆ پرسەکەی".

هەموو ئەندامانی خێزانەکەی شێرکۆ دەگەڕێنەوە گوندەکەیان، دوای ئەوەی بەشداری پرسەکە دەکەن، هەر لە گوندەکەیان دەمێننەوە. کاتێک هاوڕێکانی شێرکۆ زانیویانە شێرکۆ هاتووەتەوە، پەیوەندیان پێوە کردووە.

باوکی شێرکۆ دەڵێت: "شێرکۆ گوتی باوکە هاوڕێکانم دەڵێن مادام هاتوویت بۆ ئێرە، وەرە پیاسەیەک دەکەین. نەمزانی شێرکۆ بە دەستی هاوڕێی منداڵیی خۆی دەکوژرێ".

محەممەد وەک ئەوەی دڵی خەبەری دابێ کە بەڵایەک بەسەر کوڕەکەیدا دێت، ئەو ڕۆژە زوو زوو تەلەفۆنی بۆ کوڕەکەی کردووە "چەندینجار پەیوەندیم بە شێرکۆوە کرد. گوتم: کوڕم لە کوێیت؟ گوتی: لەگەڵ هاوڕێکانم دانیشتووم قسە دەکەین و کەمێکی دیکە دەگەڕێمەوە".

زۆری نەبرد شێرکۆ ئۆتۆمبێلەکەی لەبەر دەرگا ڕاگرت، لەناکاو دەنگی تەقەش هات، باوکی کە بەپەلە چووبووە دەرەوە، کوڕەکەی لەبەردەرگا لە نێو خوێندا بینیبوو.

محەممەد دەڵێت: "شێرکۆم بینی هەموو گیانی خوێنە، ڕامکێشایە ژوورەوە، لێمپرسی: کێ تەقەی لێکردی، گوتی (ز)ی هاوڕێم بوو. لێمپرسی بۆچی تەقەی لێکردی؟ گوتی نازانم، تازە بە یەکەوە بووین و هیچ کێشەیەکمان نەبوو، نازانم چۆن دڵی هات تەقەم لێبکات. شێرکۆ لە نێو دەستەکانم گیانی دەرچوو".

برایەکی شێرکۆ دەڵێت دوو هەفتە پێش ڕووداوەکە، براکەی بە بێتاقەتی بینیوە، زۆر هەوڵی لەگەڵ داوە تاوەکو پێیگوتووە بۆچی بێتاقەتە.

سۆرانی برای شێرکۆ بە (ڕووداو)ی گوت کە شێرکۆ پێیگوتووە "ئەگەر شتێکم بەسەرهات یەخەی (ز) بگرن. چونکە چەند هەفتەیەکە بە ژمارەیەکی نەناسراو پەیوەندیم پێوە دەکات. بە عەرەبی قسە دەکات وا دەزانێت نایناسم، بەڵام من دەنگەکەی دەناسمەوە. (ز) داوای 3500 دۆلارم لێدەکات، لە کاتێکدا دەزانێ من پێشمەرگەم و ئەو پارە زۆرەم نییە، نازانم ئەو پارەیەی بۆ چییە".

بەڵام سۆران دەڵێت لەو باوەڕەدا نەبووە براکەی بە دەستی نزیکترین هاوڕێی خۆی بکوژرێ. ئەو دەڵێت: "نازانین بۆچی داوای 3500 دۆلاری لێکردووە، بۆچیش کوشتی، چاوەڕێی تەواوبوونی لێکۆڵینەوەی پۆلیسین".



تۆمەتبارەکە داوای 3500 دۆلاری لە شێرکۆ کردبوو

# عەلی عەسکەری لە ئاوێنەی مێژوودا



مامۆستا جەعفەر




## کتێبی (دیداری تەمەن) زیانێکی زۆری لە ناو و ناوبانگی مام جەلال دا

### پێشەکی

پاش چل ساڵ لە شەهیدبوونی عەلی عەسکەری (1935 ـــ 1978) و هەڤاڵەکانی، هێشتا هەڵسەنگاندنێکی بابەتی بۆ کەسایەتی و دەوری بەرچاوی ئەو لە رووداوە سیاسییەکانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا نەکراوە. نە هەڤاڵ و دۆست و لایەنگرانی بایەخیان بە نووسینی بیۆگرافی و رۆڵی سیاسی ئەو داوە، نە بیرەوەری و نامەکانی بڵاوکراونەتەوە. من دەیان جار لەگەڵ شاڵاوی عەلی عەسکەری دانیشتووم و شەنوکەوی لاپەڕەکانی مێژوومان کردووە و چاک دەزانم ئەو زۆری لە دڵدایە و نایەوێت پەپوولە و وشەکان لاپەڕەی کتێبێک بنەخشێنن و، ناشیەوێت لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا رەشەبا و باوبۆران هەڵبکات. کتێبی (دیداری تەمەن) بڵاوکرایەوە، کە بەڕاستی زیانێکی زۆری لە ناووناوبانگی مام جەلال دا.. شاڵاو لە فەیسبووک چەند رستەیەکی تەلیسماوی بڵاوکردەوە و راستییەکانی روونکردەوە، دەربارەی (هەڵوێستی عەلی عەسکەری) کە بەرپرسیارێتی شکان و لەناوچوونی (حەملەی هەکاری) لەو کتێبەدا بە ناڕاستەوخۆ دەستۆی ئەم سەرکردەیە خراوە.

### کەسایەتی و هەڵوێست

عەلی عەسکەری ناوێکی گەورەیە و هەر بە گەورەییش دەمێنێتەوە! سەرەڕای تێپەڕبوونی چل ساڵ بەسەر شەهیدکردنی ئەم کەسایەتییە سیاسی و عەسکەریە مەزنە، هێشتا ناوی بەجوانی ماوەتەوە و بە ئەوپەڕی رێز و حورمەتەوە یاد دەکرێتەوە.

ئەو، لەو سەرکردە بچووک و گومناو و بێناونیشانانە نەبوو کە پاش شەهیدکردنی، شەپۆلەکانی دەریای بیرچوونەوە هیچ ناو و شوێنەوارێکی لەسەر لمی کەنار ئاو نەهێڵێتەوە. سەرکردەیەکی کاریزمای دینامیکی چالاک و هەڵکەوتوو، لەناو سەنگەرەکانەوە، ئەستێرەی توانای سەرکردایەتی درەوشایەوە و بەجوامێری و ئازایی و بوێری ناوی رۆیشت. ئەو، لەو سەرکردانە نەبوو کە لەپشت بەرەکانی شەڕەوە، بەدووربین و هۆکی تۆکی، سەرپەرشتی شەڕ و ئاگرباران بکات. هەمیشە سەرکردە و پێشمەرگەی ریزی یەکەم و ناو دڵی پێشمەرگەکان بوو. خۆی لە هاوسەنگەرەکانی جیانەدەکردەوە و نانەڕەقە و لێفە شڕەو شەونخونی و برسێتی لەگەڵیاندا بەش کردووە.

سەرکردەی ئەفسانەیی، لە تاراوگە و سالۆنی پڕ گڵۆپ و سورەبیا و بریق و باق، لەدایک نابێت. تەنگی مادێنە و ئەشکەوتی زۆنگ و داروەوەنەکانی بناری ئاسۆس و قەندیل خەرمانەی فروسمان و سەرسوڕمانی بەدەوری ئەودا کێشا. ئەو، لەو سەرکردانە نەبوو، لەناو کەژاوەی زەردوسووری چاوەڕوانیدا، سەیری دەست و بازووی ئەم و ئەو بکات، شۆڕشی بۆ هەڵگیرسێنن و هەموو شتێکی بۆ ئامادە بکەن و ئەو لەدوا چرکەکانی سەرکەوتندا، فریای ئاهەنگ و جەژنی ئازادی بکەوێت و گەورەترین پۆست و پلەو پایە بۆ خۆی بپچڕێت.

عەلی عەسکەری، ئەگەر یەکەم پێشمەرگە نەبووبێت کە چەکی کردبێتە شان و مژدەی دەستپێکردنەوەی شۆڕشی بەخەڵک دابێت، ئەوە گومانی تێدا نییە کە لە پێکەوەنان و دامەزراندنی بەشێکی زۆری مەفرەزە سەرەتاییەکاندا، دەوری بنەڕەتی و سەرەکی هەبووە. شانبەشانی سەرکردە و کادر و ئەندامانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، ئەرکێکی یەکجار گەورەی خستووەتە ئەستۆی خۆی، هەر لە کۆکردنەوە و چەکدارکردنی پێشمەرگە تا دەگاتە رێکخستن و پلاندانان و سەرکردایەتی هێزی پێشمەرگە.

ئەو، بەئەزموونترین و شارەزاترین و ناسراوترین کەسایەتی ناو هێزی پێشمەرگە بووە و هیچ کەسێکی تر، لەو سەردەمەدا، هاوشانی ئەو نەبووە و نەیتوانیوە چاو ببڕێتە شوێنەکەی و بتوانێت پاش ئەو جێگەکەی پڕبکاتەوە. وێڕای ئەوەش، عەلی عەسکەری، سەرکردەیەکی سەربازیی رووت نەبووە، کە تەنیا بیری لای لولەی تفەنگ و هێزی ئاگر و هێرش و پەلامار بێت، بەڵکوو سەرکردەیەکی سیاسی خاوەن بیروباوەڕ و هەڵوێست و پرۆژە و کۆنسێپتی سیاسی بوو.

کەس ئەوەندەی عەلی عەسکەری لە شەڕی براکوژی نەپرینگاوەتەوە و نەسڵەمیوەتەوە. لەماوەی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش ـ حوزەیرانی 1976 ـ تا بەدیلگرتن و شەهیدکردنی لە ـ حوزەیرانی 1978 ـــ ئەو، ئاڵاهەڵگری تەبایی و ئاشتی بووە لەگەڵ هێزە کوردستانییە چەکدارەکانیدا. لەهەر کوێ لەگەڵ دەستەیەکی چەکدار بە یەک گەیشتبایە، لەگەڵیاندا دادەنیشت و گفتوگۆی دەکرد و رێککەوتننامەی لەگەڵ ئیمزا دەکرد. هەر بۆ نموونە: بەشێک لە کادرە سەربازی و سیاسییەکانی کۆمەڵە کە سەرمەستی فەنتازیای ئایدیۆلۆجیا و خەیاڵ و ئەندێشەی رۆمانتیکی بوون، بڕوایان بە شێوەی بیرکردنەوەی کەسانی وەکو عەلی عەسکەری نەبوو. بەڵام ئەو توانی بەسەبر و دڵفراوانی، شێوەی کاری بەرەیی و هاریکاری و هاوسەنگەری فراوان بکات و هەموو لولەی تفەنگەکان ئاڕاستەی یەک دوژمن بکرێت.

ئەو هەمیشە تفەنگی بەشانەوە بووە، چڵە زەیتوونێکیشی بەدەستەوە بووە: تفەنگ و گوللە، دژی داگیرکەران، چڵە زەیتوون و پەپوولە و کۆتر بۆ هێزە کوردستانییەکان.

کاتێک هێزی پێشمەرگە لە نۆکانەوە ـ بەهاری 1978 ـــ بەرەو ناوچەی سێسنوور بەرێدەکەوێ، جووڵەی ئەو هێزە، بڕیاری کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بووە. پاش ئەوەی ئێران و عێراق، بە دووقۆڵی و بە هاریکاریی یەکتر و ئاگاداربوون لەپلان و نیازی یەکتر، گوشاری توند دەخەنە سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) بەنیازی تەنگپێهەڵچنین و دەرپەڕاندن و جێ پێ چۆڵکردن... خەباتی چەکداری، بەبێ پەیداکردنی چەک و تەقەمەنی و یارمەتی و پەیوەندی و رایەڵ لەگەڵ جیهاندا، لەجێگەی خۆیدا قەتیس دەبێت. ئەم هەلومەرجە نالەبارە لەسەر سنووری ئێران و نەبوونی هیچ دەروازەیەک بۆ هەناسەدان، ناچاریان دەکات، بیر لەوە بکەنەوە، بەرەو سنووری تورکیا بگەڕێنەوە، بەهیوای ئەوەی دەروازەیەک بەرەو سووریا، یان نزیک لە سنوورەکانی سووریا بکرێتەوە و هەلی "هەناسەدان" فەراهەم بکرێت.

### سەرکردەیەکی ئاشتیخواز لەناو دارستانی شەڕوشۆڕدا

من ئەوکاتە چەندین جار پرسیارم لە بەڕێز مام جەلال کردووە: ئایا لە کۆبوونەوەکانی نۆکاندا، بڕیاری شەڕ و پەلاماری هێزەکانی (ق. م)ی سەرکردایەتی (پ.د.ک) درا؟ ئەو، هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە بەهیچ شێوەیەک بڕیاری شەڕ و پێکدادان لەئارادا نەبووە و یەکێتی ویستوویەتی بارەگاکانی پار (1977) لە دۆڵە گۆستە ئاوەدان بکاتەوە. بڕیاری ئەوەش نەدراوە، سنووری تورکیا بشکێنن و بچنە خاکی ئەوانەوە، بەقووڵایی دەیان کیلۆمەتر!

عەلی عەسکەری، هەر لە یەکەم رۆژی هاتنە دەرەوەی، ئاڵای دژایەتیکردن و چارەسەرکردنی کێشە نیشتمانییەکانی لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان، لە رێگەی زەبروزەنگ و چەکەوە، بەرز نەکردووەتەوە. تا ئەو رۆژەی بەدیل دەگیرێت، رەنگە تەنیا بایی داکۆکی لەخۆکردن، رێگەی بەهێزی پێشمەرگە دابێت بچنە سەنگەرەوە و داکۆکی لە خۆیان بکەن و نەهێڵن بێنە سەریان.

عەلی عەسکەری، وەکو سەرکردەیەکی دووربین و بە ئەزموون، هەر پێش ئەوەی بەرەو (دۆڵە گۆستە)* بکەوێتە رێ، ئەو مەترسیە پێشبینی دەکات کە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر رێگاکانی ئەو ناوچەیە بنەو بارەگایان هەیە و ئەگەری شەڕ و پێکدادانی چەکدارانە لەبەرچاوە. ئەو، هەر بۆ ئەوەی پێشەکی تەمومژی گومان و دوودڵی برەوێنێتەوە، نامەیەک لە نۆکانەوە رەوانەی ئیدریس بارزانی دەکات و دڵنیای دەکاتەوە، ئەوان تەنیا بۆ چەکهێنان بەرەو (دۆڵە گۆستە) بەڕێ دەکەون و نایانەوێت کێشە و سەرئێشە لەگەڵ (پ. د.ک) ـ سەرکردایەتی کاتی ـ دروست بێت. بەڵێنیشی دەداتێ کە هەرچی چەک و تەقەمەنی لە سووریاوە بۆیان دێت، لەگەڵیاندا برابەشی بکەن.

عەلی عەسکەری، بەگوێرەی گێڕانەوەی هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی بێت: کەسایەتییەکی ئەفسانەیی، کاریزمایی، پڕ لە سیحر و فروسمان بوو. ئەو هێشتا لەدڵی خەڵکدا دەژێت و گەورەیی و باڵادەستیی ئەو، پاش (40) ساڵ کەمی نەکردووە. بەڵام ئەم کەسایەتییە، ئەگەر لە ئاوێنەی مێژوودا سەیر بکرێت، بەرامبەر ئەو فیداکاری و خۆبەختکردن و تێکۆشانەی بۆ ئازادیی گەلەکەی کردوویەتی، مافی خۆی نەدراوەتێ! ئەوەی بۆ نەکراوە کە دەبوو بۆی بکرێت!

ئەو، کەسایەتییەکی لاوەکی نەبوو رێکەوت دروستی کردبێت، دەستکردی هەلومەرجێکی پڕ نیشانەی پرسیار بووبێت: ئەو خۆی خۆیی دروستکرد و پێگەیاند و جێگە پەنجەی بە لاپەڕەکانی مێژوومانەوە دیارە: فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە و ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) بووە و یەکێک بووە لە هەڵگیرسێنەرانی شۆڕش و دینەمۆی کاروچالاکی پێشمەرگانە. ئەم کەسایەتییە، سەرەڕای سێبەر و دیوارێک لە تەمومژ، بەڵام هێشتا لە ویژدانی خەڵکی کوردستاندا دەژێت. کاروچالاکی و قسەکانی فێرگەن و لەناو لاپەڕەی بیرەوەریی ئەو خەڵکەدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە. وێڕای پەڵە هەورەکان کە بەری راستی دەشارنەوە، هێشتا ناوەندە سیاسی و ئەکادیمییەکان لەبەر چەند هۆیەک، نایانەوێت هەڵسەنگاندنێکی بابەتی و زانستی بۆ رۆڵی عەلی عەسکەری بکەن.

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کولتووری سیاسی ئەوەندە گەشەی کردووە، هەر رووداوێک لە مێژووی کۆن و نوێدا روویدابێت، بەشێوەیەکی راشکاوانە تیشکی دەخرێتە سەر. هەر کەسایەتییەک دەورێکی بەرچاوی لە مێژووی ئەو وڵاتەدا گێڕابێت، بەگوێرەی رۆڵ و قورسایی و کاریگەری و جێ پەنجەی، هەڵدەسەنگێنرێت و یادی بەرز دەنرخێنرێت. ناپلیۆن و کرۆمۆیل و بسمارک و... هتد. دەوریان لە مێژوودا هەرچییەک بووبێت، مافی خۆیان دراوەتێ و سەدان کاری گەورەیان لەسەر نووسراوە.

ئەگەر ئەو کەسایەتییانە، لە کارو بیرکردنەوەدا، هەڵەیەکیشیان کردبێت، ئەوە بەشێکی دەخرێتە بری لاپەڕە گەش و پرشنگدارەکانی. هەر بۆ نموونە: ئەمڕۆ چینی رووناکبیر و سیاسی لە چین، ئەو راستییە دەزانن کە ماوزەتۆن (بە هەڵە دەگوترێت: ماوتسی تۆنگ) لەکاتی ئەو بزاڤەی ناوی لێنراوە "شۆڕشی روناکبیری"، گەورەترین هەڵەی کردووە، ئەگەر نەڵێن: گەورەترین تاوانی کردووە و زیانی زۆری بە گەلی چین گەیاندووە، بەڵام ئەوان ئەوەشیان بیرناچێتەوە کە ماوزەتۆن گەلی چینی تا رۆژی سەرکەوتن، سەرکردایەتی کرد و چوارسەد ملیۆن ئینسانی لە ژیانی داگیرکراوی و ژێردەستەیی ئازاد کرد.

> بەشێک لە رۆشنبیرانی کۆمەڵە، بە خەونی دامەزراندنی (سوپای سوور) و (کۆموونە) و (کۆڵخۆز و سۆڵخۆن)ـەوە هاتنە ریزی شۆڕش



عەلی عەسکەری

> نەوشیروان شانازی بەوەوە دەکرد کە گوایە: ئەو کەسێکی ئەوەندە بوێر و ئازایە، رووبەڕووی عەلی عەسکەری وەستاوە

کارەکانی ناپلیۆن و کرۆمۆیل و بسمارک و.. هتد. هەرهەمووی گوڵ و گوڵزار نەبوون، هەریەکەیان دەیان هەڵەیان کردووە و زیانیان بە مێژووی وڵاتەکەیان گەیاندووە. وێڕای ئەوەش هەڵسەنگاندنی مێژوویی، هەڵسەنگاندنی مێژووییە! دەبێ مێژوونووس هەموو لایەنەکان لەبەرچاو بگرێت.

پاش یەکەمین جەنگی جیهانی، دەوڵەتی ئەڵمانیای قەیسەری هەرەسی هێنا، سۆسیال دیموکراتەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست، رۆزا لوکسمبوورگ و کارل لیبکنێشت بوونە پێشەنگی خەبات لەپێناوی دامەزراندنی کۆماری شووراییی. بە فەرمانی وەزیری ناوخۆی ئەوکاتەی ئەڵمانیا کە سۆسیال دیموکرات بوو، هەردووکیان گیران و گوللەباران کران و لاشەکەیان خرایە رووبارێکەوە. بێگومان سۆسیال دیموکراتەکانی ئەمڕۆ، ئیدانەی ئەم تاوانەی سۆسیال دیموکراتەکانی دوێنێ دەکەن! پێیانوایە ئەوە تاوانێکە کە نەدەبوو بکرێت! ئەمانە کەسایەتی سیاسی گەورە بوون و شایانی ئەو چارەنووسە نەبوون!

### سۆسیال دیموکرات

زۆربەی سەرکردەکانی شۆڕش، دوای نەورۆزی (1975) بە نیمچە دەستبەسەری رەوانەی خوارووی عێراق کران و رژێم هەموویانی لەبن چاودێریی ورد دانابوو. وێڕای ئەو هەلومەرجە نالەبارە، عەلی عەسکەری و هەڤاڵەکانی (بزووتنەوەی سۆسیال ـــ دیموکراتی کوردستان)یان دامەزراند. رۆژی (1977/3/1) عەلی عەسکەری و هەڤاڵەکانی بەیانێکیان بڵاوکردەوە و لەدایکبوونی رێکخراوێکی نوێیان راگەیاند. تەنیا لەم بەیانەدا ناوی ئەم هێزە سیاسییە (بزووتنەوەی سۆسیال ـــ دیموکراتی کوردستان)ـە*. لە بڵاوکراوە و نامە و نووسراوەکانی تردا وشەی (دیموکرات) سڕاوەتەوە. من لە دکتۆر مەحموود عوسمانم پرسی: بۆچی بزووتنەوە ناوەکەی خۆیان گۆڕی: لە سۆسیال ـ دیموکراتەوە، ناوەکەیان بۆ بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کورتکرایەوە؟

دکتۆر مەحموود گوتی: "عومەر مستەفا (عومەر دەبابە) هات بۆ شام و بەیانە زەردەکەی پێبوو. ئێمە تێبینی ئەوەمان کرد کە ناوی رێکخراوەکەیان: سۆسیال ـ دیموکراتە! بە کاک عومەرمان گوت: ئەم ناوەتان چۆن هەڵبژاردووە؟ گوتی: ئێمە کەسانێکی پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕین و بڕوامان بە (سۆسیالیزم) و (دیموکراسی) هەیە، ئیدی گوتمان با ناوی رێکخراوەکەمان بزووتنەوەی سۆسیال ـ دیموکرات بێت! ئێمەش لەوێ خەڵکێکی زۆر بووین و پێمانگوت: سۆسیال دیموکراتەکانی جیهان، هەر لە سەردەمی ئینتەرناسیۆنالی دووەمەوە بڕوایان بە شۆڕش و راپەڕین و خەباتی چەکداری نەماوە. ئێوە ئەگەر بڕواتان بە شۆڕش و شەڕی پارتیزانی هەبێت، دەبێت ناوەکەی خۆتان بگۆڕن.. کاک عومەر گوتی: ئەی چار چییە؟ ئێمەش گوتمان (دیموکرات) ەکەی لێبکەنەوە کێشەیەکی تیۆریی قورستان لەکۆڵ دەبێتەوە. کاک عومەر گوتی: ئاسانە با (دیموکرات) ـەکە بۆ ئێوە بێت و ئەوە ناوەکەمان گۆڕی و ناوەکەی دەکەینە (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)...".

هاوینی 1976 بەشێک لە سەرکردە و کادرە سەربازی و سیاسییەکانی (بسک) بە سەرکردایەتی عەلی عەسکەری روویان کردە شاخ و ژمارەیەک پێشمەرگەی دێرینیان لێ کۆبووەوە و دەستیان کرد بە خۆڕێکخستن و پەیداکردنی چەک و چالاکیی پێشمەرگانە.

خەبات کەریمی حاجی مارف ساڵی 1976 ئەندامی کۆمەڵە بووە و یەکێک بووە لە پێشمەرگە سەرەتاییەکان، گوتی: "سەعات چوارـ پێنجی بەیانی لە دێ دەرچووین و بەشاخێکدا هەڵگەڕاین. کاتێک گەیشتینە شوێنی یەکتر بینین، دەبینین کاک عەلی لە سەرەوەیە و دەستی راستی بەدار بەڕوویەکی بەساڵاچووەوە ناوە و سەیری هەڵکشانی ئێمە دەکات. پاک ریشی تاشیوە و بەرچایی کردووە و چاوەڕوانی ئێمەیە. کراسەکەی سپی سپی بوو، پاک و خاوێن. ئەو کڵاوجامانە بەستنە هەر لەخۆی دەهات، بەڕاستی سەرکردەیەکی کەم وێنە بوو.."

### کۆمەڵە و بزووتنەوە

20 ی تەمووزی 1977 مام جەلال دەگەڕێتەوە. مەکتەبی سیاسی بەم شێوەیە پێکدەهێنرێت، هەر باڵێک دوو ئەندام لە (م. س) نوێنەرایەتی دەکات:

سکرتێری گشتی: مام جەلال

کۆمەڵە (کملک): شاسوار جەلال (ئارام) و سالار عەزیز

بزووتنەوە (بسک): عەلی عەسکەری و رەسوڵ مەمەند

هێڵی گشتی: تەنیا نەوشیروان و شێخ حسێنی بابە شێخ لە وڵات دەبن و ئەوەکانی تر لە دەرەوەی وڵات دەبن.

عەلی عەسکەری دەبێتە (فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان) و هەر خۆیشی کەسایەتی ژمارە یەکی بزووتنەوە بووە. خەبات پێیگوتم: "عەلی عەسکەری لە کاروباری پێشمەرگایەتیدا، ئیدارەی شەڕ و کاری لۆجستی دەکرد. لە بواری کۆمەڵایەتیدا مرۆڤێکی نەرمونیان و قسەزان و زۆر رێزی لە خەڵک دەگرت و کێشەکانی بە نوکتە و قسەی خۆش چارەسەر دەکرد. لەڕووی تەمەنەوە من و ئەو وەکو باوک و کوڕ بووین، کەچی هەر لە رۆژی یەکەمی یەکترناسینەوە هەستکردن بە هاوڕێیەتی زۆر قووڵ یەکێک بوو.."

لە نێوان (بزووتنەوە) و (کۆمەڵە)دا، دیوار و شوورە و خەرەند هەبوو، یان هاوسەنگەرایەتی و دۆستایەتی و هاوپەیمانی؟ سێ رێکخراوی چەکدار، لەناو چوارچێوەیەکی نیمچە بەرەیی، دەڵەمەیی، پێکەوە کاریان دەکرد. هەڵەکە لەوەدا بوو کە دەبووایە یەک هێزی پێشمەرگە هەبێت و هێزە سیاسییەکان کاری سیاسی و رێکخراوەیی سەربەخۆی خۆیان بکەن. هەر هێزێک، یان دەستەیەک لەلایەن لێپرسراوێکەوە یان رێکخراوێکی سیاسییەوە سەرکردایەتی بکرایە، ئەوە ئیدی مۆرکی ئەو لایەنەی لێدەدرا. ئیدی رێگە بەهێز و لایەنی تر نەدەدرا، پێ بخەنە سنووری ئەو ناوچەیەوە. کەم کەس دەیتوانی بەمیوانی سەردانی ئەوێندەرێ بکات!

لە سەرەوە دۆستایەتی و سەردان و میوانداری، لە خوارەوەش هەریەکە خۆی (حاکم)ی رەها و دەسەڵاتی ژمارە یەک بوو: ناکۆکی و پێکهەڵپژان و دەستبادان و چاوسوورکردنەوە و مۆرەکردن هەبوو. هەریەکە خۆی بەخاوەن دەزگای ئایدیۆلۆژی و جیهانبینی تایبەت و پرۆژەی سیاسی و سەربازی دەزانی.

کۆمەڵە مەست و حەیرانی ئایدیۆلۆژیا و ئەندێشەی (ماوزەتۆن) بوو. دەیانویست شۆڕشەکەیان شۆڕشێکی (سوور) و (سۆسیالیستی) و (ڤێتنامی دووەم) بێت. بەشێک لە رۆشنبیرانی کۆمەڵە، بە خەونی دامەزراندنی (سوپای سوور) و (کۆموونە) و (کۆڵخۆز و سۆڵخۆن)ـەوە هاتنە ریزی شۆڕشەوە.

عەلی عەسکەری، شارەزا لە گەمە سیاسییەکانی رۆژهەڵات و هونەری مناوەرات و (مفاوەزات) و راکێشانی دڵی کۆمەڵانی خەڵک، دەیزانی (هێز) لە یارییە سیاسی و سەربازیەکاندا کلیلی چارەسەرە. کێ هێزی هەبێت، کەواتە کلیلی زێڕینی چارەسەرەکانی بەدەستەوەیە. ئەو کەسەی هێزی نەبێت، (ئیفلاتۆن) بێت، یان (هابەرماس) پوولێکی قەڵپ ناهێنێت، کەس ئاردەوا بە کڵاوی ناپێوێت و بە گورگان خواردوو دەچێت!

لە رۆژهەڵاتدا (هێز)ی سەربازی و سیاسی گرنگ و کاریگەرە و هەر کەس هێزی هەبوو، لافاوی دڵان روودەکەنە ئەوێ. بیروباوەڕ، بەتەنیا و بەبێ هێز و دەسەڵات وەکو تیرێکە لەناو تیراندا ژەنگی هێنابێت. ئەو دەیزانی تا کورد هێزی چەکداری خۆی نەبێت، دەسەڵاتی خۆی بەسەر رووبەرێکی فراوانی کوردستاندا نەسەپێنێ، رژێم بەهیچی نازانێت و لەناخەوە حیسابی ئەوەی بۆ دەکات: ژیلەمۆ بە پووش و پەڵاش بگات، مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندیە بنچینەییەکانی دروست بکات.

کۆمەڵە بە گوێرەی سیستێمی ئایدیۆلۆژی خۆی بڕوای بە شەڕی پارتیزانی و شەڕی درێژخایەن و رووخاندنی رژێم و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سۆسیالیستی و دیموکراسی هەبوو. عەلی عەسکەری لە گۆشەنیگای خۆیەوە بڕوای بە خەباتی چەکدار هەبوو بۆ بەدیهێنانی یەک ئامانجی بەرچاوی دیاریکراو، بڕوای بە شەڕی درێژخایەن و رووخاندنی رژێم نەبوو.

دروشمی سەرەکیی ئەو لەو قۆناغەدا ئەم رستەیە بوو: "دەبێ خۆپیشاندانێکی چەکدار بکەین بۆ ئەوەی رژێم بۆ داواکارییە رەواکانمان مل بدات.."

عەلی عەسکەری بەگوێرەی ئەم تێزەیە کاری دەکرد و هێزی پێکەوە دەناو پشتیوان و خەڵکی بۆ شۆڕش و بەرەنگاری کۆدەکردەوە. واتە: بایەخ بە چۆنێتی و رێکخستن و بیروباوەڕ نەدەدرا. تەنیا بایەخ بە چەندایەتی و ژمارەی چەکدار و شەڕکەر دەدرا. کەسانی ناودار و خاوەن هۆز و عەشیرەت و رابردوو، رێبازەکەی عەلی عەسکەرییان پەسەند دەکرد. ئەوەی راستی بێت، مام جەلال و نەوشیروان و زۆربەی فەرماندەی هەرێم و کادرە عەسکەرییەکان پەیڕەوی ئەم رێبازەیان دەکرد، ئەگەر بە نووسین و بە سەرزارەکیش بەشێوەیەکی جیاواز قسەیان کردبێت.

عەلی عەسکەری سەرکردەیەک بوو دەیزانی چی دەڵێت و چۆن ئیدارەی هێزی پێشمەرگە دەدات و ئامانجی چییە؟

من رۆژێک لە رۆژان نەوشیروانم نەبینیوە لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یان مەکتەبی سیاسی پێداگری لەسەر کردنەوەی دەورەی مەشق و راهێنانی هێزی پێشمەرگە بکات. رۆژێک رێسا و رێنوێنی بۆ شێوەی کاری هێزی پێشمەرگە دەرنەکرد، کەچی ئاڵای دژایەتی (بزووتنەوە)ی بەرز کردبووەوە و شەو و رۆژ نەفرەت و تاڵاوی بەسەریاندا دەباراند!

ئەوکاتەی لە دۆڵ بلوێر و دۆڵەنێ بووین، نەوشیروان شانازی بەوەوە دەکرد کە گوایە: ئەو کەسێکی ئەوەندە بوێر و ئازایە، رووبەڕووی عەلی عەسکەری وەستاوە و (چەق بەردۆکێ) ی لەگەڵدا کردووە! رەخنەی توندی لە بزووتنەوە گرتووە: ((کاک عەلی! تۆ هێزێکی هەرچی و پەرچی و دز و جەردە و جاسووس و خەڵکی هیچ و پووچ لەخۆت کۆدەکەیتەوە...)) ئەم شێوەیە لە تاوانبارکردن و پەلاماری ناڕەوا و هێرشی بێ بنەما زۆر تووڕەی کردووە، ئەویش خراپ هەڵچووە و بەڕەقی وەڵامی داوەتەوە:

((نەوشیروان گوێ بگرە! ئێمە ئازادین کێ کۆدەکەینەوە و کێ کۆناکەینەوە! ئەمە هیچ پەیوەندی بەتۆوە نییە! تۆ بڕۆ هێزێک بۆ خۆت کۆبکەرەوە، هەر هەمووی قارەمان و ئازا و نموونەیی و پاک و خاوێن بن.. من دەچم جاسووس و گەواد و قەحپە کۆدەکەمەوە.. ئەمە کێشەی تۆ نییە..))

نەوشیروان دەیگوت: منیش پێمگوت:

((فیعلەن تۆ حیز و گەواد و جاسووس کۆدەکەیتەوە..))

لە چرکەی دەمەقاڵێ و مشتومڕ و لێکهەڵبەزینەوەدا من لەوێندەرێ نەبووم. قسەکانیشم بەلاوە وەکو بەڕووی کولاو بوو، ئیدی نە ئەوکاتە و نە دواتر تاقەتی لێپێچانەوە و بەدواداچوونم نەبوو. بڕواناکەم عەلی عەسکەری خۆی لەو ئاستەدا دانابێت، بایەخ بە قسەی ئەم و ئەو بدات و لە شوێنێکدا یادداشتی بکات. رەنگە (دانوستاندن) لە چوارچێوە و هەلومەرج و بە ئاواز و مۆسیقایەکی جیاواز بووبێت. ئیدی مرۆڤ هەندێ جار حەزی لە هەڵشلینگانەوە هەیە و جاری واش هەیە لە خەونیشدا رووداوەکەی نەبینیوە، رۆڵی سەرەکی بۆ خۆی قۆرخ دەکات و هۆڵیودیش لەو نزیکانە نەبووە بۆ فیلمێکی (ساینفیکشن) سوودی لێوەربگرێت.

سالار عەزیز ئەم سەربردەیەی بۆ گێڕامەوە کە مێژووەکەی بۆ سەرەتای شۆڕش دەگەڕێتەوە:

"من و کاک ئارام سەردانی کاک عەلیمان کرد. ئێمە دە دوانزە پێشمەرگە بووین و کاک عەلی و ئەوانیش سەد و پەنجا کەس دەبوون.

کاک عەلی گوتی: من لێپرسراوی هەموو هێزی پێشمەرگەم و لێپرسراوی ئێوەشم!

کاک ئارام: کاک عەلی ئێمە رێزی تۆ دەگرین، بەڵام ئێمە تۆ بە لێپرسراوی خۆمان نازانین!

کاک عەلی دەستی بە بەرباخەڵیا کرد و نامەیەکی مام جەلالی دەرکرد کە لە شامەوە رەوانە کرابوو:

– فەرموون ئەوە نامەی مام جەلالە، ئەو منی بە لێپرسراوی هەموو هێزی پێشمەرگە داناوە..

کاک ئارام: ئێمە کۆمەڵەین و تۆ مەسئوولی ئێمە نیت و تۆمان بە مەسئوولی خۆمان قبووڵ نییە!

کاک عەلی تۆزێک بە تووڕەییەوە گوتی: ئارام من ئەم قسانەی تۆم قبووڵ نییە!

کاک ئارام: عەلی من ئەم قسانەی تۆم قبووڵ نییە!

بەڵام کاک عەلی هەر خۆی بە نوکتە و قسەی خۆش هەوری تاڵ و گرژی ئاسمانی دانیشتنەکەی رەواندەوە.."

من لە چەند پێشمەرگە و کادری شۆڕشی ئەیلوولم پرسیوە، هەر زۆر بە ستایشەوە ناوی عەلی عەسکەرییان هێناوە وەکو سەرکردەیەکی راستگۆ، بە ئەمەک، سادە، زمان شیرین و ئازا و دلێر...

لە کوردەواریدا جوانیان گوتووە:

"پیاوی ئازا و ژنی زۆر جوان دوژمنیان زۆرە"

ڕووداو
ژمارە (530) - دووشەممە 2018/11/19



ئاراس برادۆستی

## وەزیری نوێی تەندروستی

سەرەڕای پینە و پەڕۆی ڕۆژانەی وەزارەتی تەندروستی، ژێرخان و سەرخانی تەندروستی لە کوردستان هێندە لاوازە کە خەریکە بەسەر پزیشکان، پەرستاران و نەخۆشەکانی وڵاتدا دەڕووخێت. وەزیری تەندروستی لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئەرکی قورسی لەسەرشانە، کەرتی تەندروستی هەستیارە، لە هەمانکاتیشدا فشۆڵ و وێرانە، ئەمە جگە لەوەی فۆکەسێکی زۆری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی لەسەرە و لەسەر دەبێت.

وەزیری نوێ پێویستە کەسێکی شارەزا، مەرد و بوێر بێت، شارەزا لە بەڕێوەبردنی تەندروستی، بوێر لە بڕیاری ڕیشەیی و گۆڕانکاری و مەرد لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو لەشکرە گەندەڵکارەی نێو و دەرەوەی کەرتەکە کە مۆرانەیان لە هەموو جومگەکانی سێکتەرەکە گرتووە و سەر و دەستی گەورەشیان لەپشتە.

وەزیری نوێی تەندروستی دەبێت یاریزانێکی قورسی نێو ئەنجوومەنی وەزیران بێت، پێویستە کەسێک بێت هێندە متمانەپێکراو بێت لەلایەن سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە کە داوای بینینیانی کرد دەستبەجێ ببینرێ. ئاخر ئەو نوێنەری کەرتێکی هەستیاری خزمەتگوزارییە و نابێت دەرفەتی بینینی ئەوانی لە میدیاکارێکی وەک من کەمتربێت، ئینجا کە بینرا بتوانێت بە جورئەتەوە کێماسییەکانی کەرتی تەندروستی بگەیەنێت. دەبێت کەسێک بێت برینەکان وەک خۆی بگەیەنێت، وای پێشان نەدات کە کەرتەکە شامی شەریفە و پزیشکانیش لە بەرنامەی تەلەفزیۆنی بە ڕۆژی ڕووناک و بە ئاشکرا بڵێن 10%ی دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکانمان لەژێر دەستن، وەزیری نوێی تەندروستی، دەبێت کەسێک بێت گوێی لێبگیرێت و هەر وشەیەک کە دەیڵێت بە هەند وەربگیرێ.

وەزیری نوێی تەندروستی نابێت پرۆژەی گەورە لە ترسی ئەندامی کۆمیتە، ناوچە، سەندیکا و ڕێکخراوی مەدەنی ڕابگرێت. نابێت ئەندامێکی چالاکی حیزب بێت، نابێت وەزیری ئەندام و لایەنگرانی حیزبەکەی یان هی دەڤەر و پارێزگەیەکی دیاریکراو بێت.

وەزیری نوێی تەندروستی دەبێت دیدگا و ڤیژنێکی ڕوونی هەبێت، دیدگاکەشی بە پلان داڕشتبێت، بەپێی خشتەیەکی کاتبەندیی ورد ڕێکیخستبێت و بە جوانی جێبەجێی بکات. پێویستە پاڵپشتی سیاسی و ئیداری دەسەڵاتی سیاسی بەدەستبهێنێت بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی، ئینجا بەبڕوابەخۆبوونێکی بەهێزەوە بەرەو پێش بچێت و نەگەڕێتەوە.

نابێت بەو بودجە کەمەی ئێستا تەرخانکراوە بۆ کەرتی تەندروستی ڕازی ببێت، نابێت بە هەموو فەرمانێکی سەرووی خۆی "لە حکومەت" بڵێت بەسەرچاو، پێویستە گفتوگۆڤانێکی سەخت و شاخی بێت، لە هەمانکاتدا لە هەموو وەزیرەکانی دیکەی کابینەکە دیپلۆماسیتر بێت، چونکە ئاسان نییە بتوانی ئەنجوومەنێک کە هیچ لە زانست و کاری ئاڵۆزی پزیشکی نازانن، بخەیتە سەر هێڵ لەگەڵ خۆت و وایان لێبکەی پشتگیریت بکەن لە هەنگاوەکانت.

وەزیری نوێی تەندروستی دەبێت خۆی لە دژی ئەو گروپە مافیائاسایە یەکلابکاتەوە کە کەرتەکە دەدۆشن، پێویستە لە سەرکردایەتی سیاسییش تێبگات، ئایا پشتی ئەو دەگرن یان ئەو گروپەی کە هەندێک سەری گەورەی نێو حیزبە گەورەکان پاڵپشت و شەریکیانن؟ ئەگەر دڵنیا نەبێت لەوەی پشتگیری دەکرێت، دەستپێنەکات باشترە.

بێگومان وەزیری تەندروستی لە کوردستان دەبێت پزیشک بێت، چونکە ئێمە سیستمێکی پتەومان نییە کە ئەرک و ماف چەسپێنرابن و کەسێک پزیشکیش نەبێت بتوانێت ئیدارەی کەرتی تەندروستی بکات. لێرە هیچ کەس وەکو پزیشک لە پێداویستییەکانی کەرتەکە تێناگات، لەوەش گرنگتر ئەوەیە تیمێکی تۆکمە بۆخۆی دابنێت کە توانا مرۆییەکانیان لە ئاستێکی بەرزدا بن، ماوەی کارکردنیان هەفتانە دوو ڕۆژ نەبێت کە لەو دوو ڕۆژەشدا وەکو بامیە سەر و کلکی دەوامەکە ببڕن، نابێت ڕازی بێت بە بەڕێوەبەرێکی گشتیی لاواز، بەڕێوەبەرێکی گەندەڵی نەخۆشخانە و کارمەندێکی کەمتەرخەم کە ئێستا سێکتەرەکەیان بە خراپی تەنیوە.

پێویستە ئەزموونی کارگێڕی هەبێت، پێشتر لە شوێنێک جێدەستی دیار بووبێت و کاری باشی کردبن، گرنگیشە بتوانێت باڵانسی ناسکی نێوان نەرمونیانیی پزیشکی لەلایەک و دیسیپلین لەلایەکی دیکە بپارێزێ، زیادەڕەوی لە هەریەک لەم دووانە شکستی لەدوایە.

هەندێک جیاکەرەوەی کەسێتی لە وەزیری نوێدا گرنگن، هێمنی، ڕاستگۆیی، ڕووناکبیری و مۆدێرن لە کاراکتەری ئەودا سەرخەرن.

وەزیری نوێی تەندروستی پێویستە سیستمی ئامار چاک بکات، بێ ئامار توێژینەوە نابێت، بێ توێژینەوە کێماسییەکان نازانرێن، بێ زانینی کەموکوڕییەکانیش هەرگیز پێشکەوتن وەدی نایێت.

وەزیری نوێی تەندروستی دەبێت پلانی هەبێت بۆ پێگەیاندنی پزیشکی پسپۆڕ بەپێی پێداویستیی کوردستان، نەک ئەو بێپلانییەی ئێستا کە هەمووی دەیەوێت ببێتە پسپۆڕی پێست، جوانکاری و سۆنەر.

وەزیری نوێی تەندروستی پێویستە کار لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستی چوونیەک بکات لەنێوان سەنتەری پارێزگاکان و شوێنە دوورەکان، ئەمەش بە بنیاتنانی ژێرخان و سەرخانی تەندروستی لە ناوچە نزیک و دوورەکان و هاندانی پزیشک بۆ کارکردن لە ناوچە دوورەدەستەکان.

وەزیری نوێی تەندروستی دەبێت کەسێک بێت بڕوای تەواوی بەوە هەبێت کە وەزارەتی تەندروستی تەنیا دەرمان و دروستکردنی باڵەخانەی نەخۆشخانە نییە، تەنیا نەشتەرگەری نییە، تەنیا کردنەوەی بێسەروبەری بەش و یەکە و نەخۆشخانەی نوێ نییە. تەندروستیی گشتگیرتر و فراوانترە لەوانە، وەزارەتی تەندروستی هی هاووڵاتییە نەک نەخۆش، شەڕی وەزارەتی تەندروستی بۆ پێشگیرییە لە ڕوودانی نەخۆشی نەک چاوەڕێکردن تاوەکو نەخۆشییەکە تووشی هاووڵاتییەکی ساخ دەبێت و پاشان "بە خراپی" چارەسەری بکات.

زۆر گرنگە ڤیژن و پلانەکانی وەزیر هێندە ڕوون بن کە هەر لە سەرەتاوە کۆتایی لێ دیاربێت، بزانێت چی دەکات و بۆچی دەیەوێت ئەو ئەرکە قورسە وەربگرێت. وەزیری نوێی تەندروستی پێویستە کار لەسەر چاودێری بەرایی و خۆپاراستنی تەندروستی بکات بۆ ئەوەی لە شێوازی کارکردنی سیستمە تەندروستییەکانی جیهان زۆر دوور نەبێت.

هەروەها پێویستە پلانی تۆکمەی بۆ ڕێکخستنەوەی بواری فریاکەوتن لە کەرتەکە هەبێت، چاودێری بەرایی و فریاکەوتن پشتی کەرتی تەندروستین، لای ئێمە پشتگوێخراو و بێنازن.

وەزیری نوێی تەندروستی پێویستە سەرکردایەتی داڕشتنەوەی سیستمی تەندروستی بکات، دەست بۆ بڤە "بەرژەوەندی تایبەتی هەندێک کەس" ببات مادام لە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتیدایە. وەزیر دەبێت هاوکێشەی بایەخدان هەڵگەڕێنێتەوە، لێرە تاوەکو ئێستا بایەخ بە چاودێریی سێیەمی "tertiary care" دراوە، لەکاتێکدا چاودێری بەرایی و دووەمیمان ئیفلیجن، ئێستا ڕێک وەک ئەوە وایە بناخەمان نەبێت، کەچی بۆ تاقمی قەنەفەی جوان بگەڕێین، ئاخر خانووەکە بەسەر خۆت و قەنەفە جوانەکانیشتدا دەڕووخێت جەنابی وەزیر.

بەپێی توێژینەوەی پزیشکێکی کورد:

# 31%ی تووشبووانی نەخۆشییەکانی دڵ لە بادینان گەنجن



ڕووداو- دهۆک

پاییزێکی ساردە لە شارە سنوورییەکەی باشوور، ئەگەر پلەکانی گەرما پێوەربن، پاییزی زاخۆ، زستانە.

دەڵێن لە سنووری بادینان نەخۆشییەکانی دڵ لە بەرزبوونەوەدان، منیش بڕیارمدا بەدواداچوون بکەم، دەمەوێ بزانم ئەمانە هەر قسەن، یان ڕاستیی سەلمێنراو.

سەرەتا چوومە سەر پردی دەلال، گەشتیارێکی زۆری لێبوون، بەشێک لە سەردانکەرانی ئەوێ خەڵکی زاخۆ بوون. پردی دەلال لەگەڵ گوڵ و سرووشتی جوانی و ڕووبارەکەی ژێری، ڕۆژانە پێشوازی لە گەشتیاران دەکات، پشتی بۆ چەماندوون و بەسەریدا هاتوچۆ دەکەن، بەڵام بێ ئاگایە لەوەی دڵی زاخۆییەکان بە گەنجی دەچەمێت.

چوومە نەخۆشخانەی گشتیی زاخۆ، باڵەخانەیەکی جوان لەسەر زەوییەکی فراوان، تژییە لە نەخۆشی خەڵکی زاخۆ و دەوروبەری کە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانیان هاتوون.

چوومە بەشی دڵی نەخۆشخانەکە، گەنجێک کێشەیەکی دڵی هەیە، د.مەلەڤان ئیکۆی دڵی بۆ دەکات، ڕۆژانە لەوێ چەندین کەس ئیکۆیان بۆ دەکرێت وەک بەشێک لە پشکنینی دڵ.

پاشان بردیانە ژوورێکی دیکە بۆ پشکنینی هێڵکاریی دڵ بە ڕۆیشتنەوە، پەلەکانی هێڵکارییەکە بەسەر جەستەی نەخۆشە گەنجەکەدا هەڵواسران، دەستیانکرد بە پشکنین.

د.مەلەڤان محەممەد پسپۆڕی نەخۆشییەکانی دڵە، دەڵێت ڕێژەی تووشبوونی گەنجان بە نەخۆشییەکانی دڵ لە سنووری زاخۆ بەرزبووەتەوە: "هەرچەندە توێژینەوەمان نەکردووە، بەڵام داتاکان بەرزبوونەوەی نەخۆشییەکەیان لەنێو گەنجدا بە ئاشکرا دەرخستووە".

چاوێکم لەسەر گەنجەکەیە و ڕادەکات، مۆنیتەرێک هێڵکاریی دڵی پێشاندەدات. هاوکات تۆماریشی دەکات. ڕاکردنەکە خێراتر کرا، ئەگەر تاوەکو ئێستاش کێشەکە دەرنەکەوتبێ، ئێستا کاتی دەرکەوتنیەتی.

د. مەلەڤان ئەنجامەکە بە گەنجەکە ڕادەگەیەنێت، وادیارە کێشەی دڵی زۆر گەورە نییە، بەڵام د.مەلەڤان پێیگوت کە پێویستە ستایلی ژیانی بە تەواوی بگۆڕێ، ئەگەرنا جاری داهاتوو مەترسی لەسەر دڵی زیاتر دەبێت.

د.مەلەڤان بانگکرایە سەرەوە، لەوێ دەبێت قەستەرە بکات. سدیق پیاوێکی زاخۆییە، ئەمە دووەم جارە لە سەرەتای وەرزی سەرمادا دەبێتە میوانی یەکەی دڵی نەخۆشخانەی زاخۆ، ئەو تەمەنی 47 ساڵە، هەستی بە ئازارێکی زۆر لە شان، قۆڵ و باسکی ڕاستیدا کردووە "نەفەسا من تەنگ بوو، من قەستا خەستا تەواری کر". سدیق دەڵێت لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن هەموو ڕێکارە پێویستەکان گیرانەبەر، بەڵام دوای پشکنینەکان پێیانگوتووە کە پێویستی بە قەستەرە هەیە. سدیق برایە بەشی قەستەرە، منیش لەگەڵی چووم، پێش پرۆسەکە د.مەلەڤان بە وردی بۆی ڕوونکردەوە کە چی بۆ دەکەن.

قەستەرەی دەستنیشانکردن پرۆسەیەکی زانستیی وردە و کاتی زۆری پێویستە، هەستیارییەکی زۆریشی گەرەکە. سدیق بە ئاگایە، لەسەر شاشە لوولەخوێنەکانی دڵی دەبینێت، د.مەلەڤان بۆی ڕوونددەکاتەوە کە کێشە لە کام لوولەی خوێنی هەیە، ئەویش ئامادەیە هەموو فەرمانەکانی پزیشکە پسپۆڕەکە جێبەجێ بکات لەپێناوی لابردنی مەترسی لەسەر دڵی.

لە نێو نەخۆشخانەی گشتیی زاخۆ، قەرەباڵغییەکی زۆر هەیە، هەموان چاوەڕێی وەرگرتنی چارەسەرن. لەو نەخۆشخانەیە کافتریایەکیش هەبوو، کەسوکاری نەخۆشەکان لەوێ هەستی برسێتی و سترێسیان دەڕەوێننەوە. بەشی من لەو کافتریایە دوای دانەڕۆژێک کارکردن لەگەڵ پزیشکانی زاخۆ، ئاو و چایەک بوو، ئیدی دەبووایە ئەوێ بەجێبهێڵم.

هاتمە پایتەختێ بەهدینان، دهۆکا ڕەنگین. چوومە نەخۆشخانەی ئازادی، لە سەنتەری دڵی نەخۆشخانەکە، هاووڵاتیان بە ئارامییەکی زۆرەوە چاوەڕێی چارەسەربوونی ئەزیزانیانن.

برایەکێ زەلامەکی کو وی ڕۆژێ ل سەنتەرێ دلی بوو، بەری کو بگەهیتە ژیێ 40 سالیێ، ب نەخۆشییەکا ژنشکێ یا دلی، گیانێ خۆ ژدەست دا، نوژدار ژ وێ یەکێ دترسن کو نەخۆشییەکا دلی، دیماهیکێ ب ژیانا ڤی ژی بینیت.

بۆیە ئەو ڕۆژە پزیشکان قەستەرەی بۆ دەکەن، جگە لە دەستنیشانکردن، چارەسەری نەخۆشییەکەشی دەکەن. قەستەرەکە تەواو بوو، برای قوربانییەکەی نەخۆشییە کتوپڕەکەی دڵ دەبرێتە یەکەی چاودێریی چڕ، لەوێ سەردانم کرد، ئەو دەڵێت بۆ من ئاسایی و چاوەڕوانکراو بوو کە تووشی نەخۆشیی دڵ ببم، "چونکە براکەم لە تەمەنێکی زووتر بە هەمان نەخۆشی مرد".

بەرزیی ڕێژەی نەخۆشییەکانی دڵ لەنێو گەنجانی سنووری بادینان، پزیشکانی دەڤەرەکەی تووشی سەرسوڕمان کردووە، بەڵام بۆچی ئەو حاڵەتە لەنێو گەنجانی دهۆک زیاترە؟ توێژینەوەکانی پزیشکێکی دهۆکی وەڵام دەداتەوە.

د.ئەمین موسا پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە نەخۆشییەکانی دڵ، توێژینەوەیەکی لەسەر حاڵەتەکانی جەڵتەی دڵ لەنێو گەنجانی بادینان لە گۆڤارێکی زانستیی ئاستبەرزی جیهانیدا بڵاوکردووەتەوە "31%ی تووشبووانی نەخۆشییەکانی دڵ لە بادینان گەنجن، ئەمە بەرزترە لە ڕێژەی 171 وڵاتی جیهان".

د. ئەمین جگەرەکێشان، قەڵەوی، کەمجووڵەیی، خۆراکی نادروست، دەرنگخەوتن، سترێس و ئاڵۆزییە دەروونییەکان بە هۆکار دەزانێت.

پسپۆڕەکەی دهۆک داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات ئەم بابەتە بە هەند وەربگرێت، ئەگەرنا پاشهاتی خراپتر چاوەڕێی هاووڵاتیانی سنووری بادینان دەکات.

# حەوت خواردن و خواردنەوەی خراپ بۆ منداڵان

ڕووداو- ئاژانسەکان

ئێستا لە جیهاندا ژمارەیەکی زۆر منداڵ بە دەست چەندین نەخۆشییەوە دەناڵێنن کە سەرچاوەکەیان خۆراکی خراپە. بۆیە دەبێ دایکان و باوکان ئاگادار بن کاتێک منداڵەکەیان لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ مارکێت، نابێ هەڵبژاردنی هەموو جۆرە خواردنێک بدەنە دەست منداڵەکانیان.

### خۆراکی منداڵ چۆن بێت؟

- شەکری کەم بێت
- وزە کەم بدات
- ڕەگەزە خۆراکییە گرنگەکان بدات بە جەستە
- ڕیشاڵی خۆراکیی زۆر بێت

### ئێستا لە جیهاندا

- قەڵەویی منداڵان دیاردەیەکی بەربڵاوە.
- خۆراکە خراپەکان دەبنە هۆی قەڵەوی.
- شەکرەی جۆری دوو لە منداڵاندا ڕوو لە زیادییە.
- قەڵەوی هۆکاری سەرەکیی شەکرەی جۆری دووە.
- کەمخوێنی گرفتێکی بڵاوی منداڵانە.
- کەمخوێنی هۆکارێکی دواکەوتنی گەشەی منداڵانە.
- هۆکاری یەکەمی کەمخوێنی کەمیی ئاسنە لە خۆراکدا.
- خۆراکە خراپەکان وادەکەن منداڵ کەمترین ئاسن وەربگرێت.

### نموونەی خۆراکە خراپەکان:



**1 چپسی پەتاتە:**
- خراپترین جۆری چەوریان تێدایە
- کالۆرییەکی زۆر دەدات
- بڕێکی زۆر خوێی تێدایە
- هۆکارێکی دیاری قەڵەویی منداڵانە

**2 مەساسە و هاوشێوەکانی:**
- بڕێکی زۆر شەکریان تێدایە.
- ڕەنگی دەستکردیان تێدایە.
- ڕەنگی دەستکرد مەترسی درێژخایەنی هەیە.
- زۆر بە ددانەکانەوە دەمێنێتەوە.
- کلۆربوون دروستدەکات.
- ڕیشاڵی خۆراکی تێدا نییە.

**3 خواردنەوە گازییەکان:**
- بڕێکی زۆر شەکریان تێدایە
- وزەیەکی زۆر دەدەن
- هەژارترینن لەڕووی ڕەگەزە خۆراکییەکان
- ڕیشاڵی خۆراکییان تێدا نییە

**4 نەستەلە**
- بڕێکی زۆر شەکری تێدایە
- بڕێکی زۆر چەوریی زیانبەخشی تێدایە
- کالۆرییەکی زۆر دەدات

**5 هەنگوین**
- هەنگوین بەکتریای تێدایە
- نابێت بدرێتە منداڵی خوار تەمەنی یەک ساڵ، چونکە بەرگرییان لاوازە دژی بەکتریا
- بۆ منداڵی خوار دوو ساڵیش مەترسی هەیە

**6 ئیندۆمی**
- زۆر هەژارە لە ڕەگەزە خۆراکییەکان.
- بڕێکی زۆر خوێی تێدایە.

**7 ئایسکرێم**
- کالۆرییەکی زۆر دەدات.
- بڕێکی زۆر شەکری تێدایە.
- بڕێکی زۆر چەوریی تێدایە.

ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکان:

# ئێران لە بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی

شارەزایەکی چەکی ئەتۆمی

## ئێران لە ڕێککەوتنی 1+5 دەربچێ، دەتوانێ بە چەند مانگێک چەکی ئەتۆمی دروست بکات

ڕووداو- هەولێر

سەرەتای ئەمساڵ دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل دەستی بەسەر ئەرشیفێکی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێراندا گرت. شارەزایانی کاروباری ئەتۆمی کە چاویان بە ئەرشیفەکە کەوتووە، دەڵێن لە کاتی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی 2015دا، ئێران تەنیا چەند مانگێک لە بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی دوور بووە و ئێستاش دەتوانێ لە ماوەیەکی کورتدا بۆمبی ئەتۆمی دروست بکات.

سیخوڕەکانی دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل لە مانگی یەکی ئەمساڵدا و لە ئەمبارێکدا لە تاران ئەرشیفەکەیان ڕفاند. دواتر بنیامین نتانیاهو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بەشێک لە ناوەڕۆکی ئەرشیفەکەی ئاشکرا کرد. وتارەکەی نتانیاهو مانگێک پێش بڕیاری کۆشکی سپی لەبارەی دەرچوون لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران و کۆمەڵەی 1+5 هات.

ئەوکات عەباس عێراقچی، جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران، ڕایگەیاند کە گوتارەکەی "نمایشێکی ڕێکخراوە" بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر بڕیاری دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا دابنێ.

دەیڤید ئۆڵبرایت، زانای فیزیا لە پەیمانگای زانست و ئاسایشی نێودەوڵەتی (ISIS) لە واشنتن، یەکێکە لەو زانایانەی کە چاوی بە ئەرشیفەکە کەوتووە. ئەو بە گۆڤاری (فۆرین پۆلسی)ی ئەمریکی ڕاگەیاند کە ئەگەر ئێرانیش هاوشێوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکەی 2015 دەربچێ، ئەوە ڕەنگە بتوانێ لە چەند مانگێکدا بۆمبی ئەتۆمی دروست بکات، چونکە تاران شارەزایی پێویستی بەدەستهێناوە.

بەگوێرەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، ئێران دەبووایە 97%ی سووتەمەنی ئەتۆمیی خۆی ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکات و زۆرینەی سێنتریفیوژە ئەتۆمییەکانی لەناوبەرێت، بەڵام ئۆڵبرایت پێیوایە ئەگەر ئێران دەست بە دروستکردنەوەی سێنتریفیوژە ئەتۆمییەکانی بکات، ئەوە دەتوانێ لە ماوەی 12 مانگی داهاتوودا بەپێی پێویست سێنتریفیوژی هەبێ.

شارەزا ئەمریکییەکە بە (فۆرین پۆلسی) دەڵێ: "ئەرشیفەکە پڕە لە شتی نوێ لەبارەی پرۆگرامی چەکی ئەتۆمیی ئێران". یەکێک لە ئەنجامگیرییەکانی ئەو زانیارییانەش ئەوەیە کە ئێرانییەکان زۆر زیاتر لەوەی کە دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕۆژئاوا پێیان زانیبوو، بەرەوپێش چووبوون".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، ئەرشیفە دزراوەکە زیاتر لە 100 هەزار لاپەڕە زانیاری لەبارەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران لە نێوان ساڵانی 1999 بۆ 2003 لەخۆدەگرێ. زانیارییەکان ئاشکرای دەکەن کە واشنتن و ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی نەیانزانیوە ئێران چەند لە دروستکردنی چەکی ئەتۆمییەوە نزیکە.

ئۆڵبرایت لەبارەی مەزندەکانی ئەمریکا بۆ ئاستی پێشکەوتنی بەرنامە ئەتۆمییە سەربازییەکەی ئێران دەڵێ: "لە ڕاگەیەندراوەکانی ئەمریکادا بەلایەنی کەم ساڵێک بۆ دوو ساڵی دەویست بۆ ئەوەی ئێران چەکی ئەتۆمی دروستبکات، بەڵام زانیارییەکانی ناو ئەرشیفەکە وا دەردەخەن کە ئەوان دەیانتوانی زۆر خێراتر بەو ئامانجەی خۆیان بگەن".

حکومەتی حەسەن ڕوحانی، سەرۆککۆماری ئێران، بە ئەندازیاری سیاسەتی دانوستاندنە ئەتۆمییەکانی ئێران و شەش وڵاتە زلهێزەکە دادەنرێ. ڕوحانی لە ساڵی 1989 بۆ 2005 ئەمینداری ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی بووە، لە ساڵی 2003ش پۆستی سەرۆکی دەستەیەکی تەکنیکی، سیاسی، یاسایی وەردەگرێ کە ئەرکیان دانانی نەخشەڕێیەک بۆ دانوستاندنی ئەتۆمی لەگەڵ ئەوروپییەکان بوو. ئەو کات ڕوحانی بە "شێخی دیپلۆمات" ناسرابوو.

لە بەشێکی ڕاپۆرتی پەیمانگای زانست و ئاسایشی نێودەوڵەتیدا هاتووە: "ڕوحانی کەسایەتییەکی سەرەکی و بەردەوامی ناو بەرنامەی چەکی ئەتۆمیی ئێران بووە لە نەوەدەکان و سەرەتای دووهەزارەکاندا، سەختە بەڵگەیەک بدۆزینەوە کە پێمان بڵێ پشتگیریی ڕوحانی لە چەکی ئەتۆمی کۆتایی هاتووە".

فۆکەسی ڕاپۆرتەکە کە کۆپییەکی دەست (فۆرین پۆلس) کەوتووە، لەسەر ئەوەیە بزانن چۆن ئێران لە کۆتایی 2003دا توانیویەتی ژێرخانی بەرنامەیەکی چەکی ئەتۆمی دابمەزرێنێ کە لە قۆناغی بەرایی‌دا بتوانێ پێنج کڵاوەی ئەتۆمی دروست بکات.

جگە لە ئۆڵبرایت، هەر یەکە لە ئۆلی هەینۆنین، بەرپرسێکی پێشووی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی و ئەندریا ستریکەر، شرۆڤەکار لە (ISIS) لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەدا بەشدارن و هەرسێکیان کۆکن لەسەر ئەوەی ئێران لە نەوەدەکاندا توانایەکی ئەتۆمی تەواوی هەبووە، ئەمەش پێچەوانەی ڕاپۆرتەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی (IAEA) لە 2015 یە کە دەیگوت ئێران هەندێک توانای لەو بوارەدا هەبووە.

هەرچەند ئێران بە چاودێری (IAEA) و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەشێکی زۆر لە ژێرخانی پێویست بۆ چەکی ئەتۆمی خۆی هەڵوەشاندەوە، بەڵام نووسەرانی ڕاپۆرتەکە پێیانوایە تاوەکو ئەمڕۆش شتانێکی زۆر لەبارەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران بە نەزانراوی ماونەتەوە "پاشماوەی پرۆگرامەکە و لەوانەیە هەندێک چالاکیش هەتا ئەمڕۆ بەردەوام بن، بۆیەش پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە ئاخۆ ئەو کەرەستانە لە کوێ دانراون".

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی و شارەزایانی ئەتۆمی جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئێران لە ماوەی زیاتر لە سێ ساڵی ڕابردوودا پابەندی ڕێککەوتنەکە بووە، تەنانەت دوای دەرچوونی ئەمریکاش لەسەر ئەو ڕێچکەیە بەردەوامە. ئیدارەی ترەمپیش لە دوو ڕاپۆرتی سێ مانگانەی یەکەمی خۆیاندا جەختیان لەوە کردەوە کە ئێران پێشێلی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننای نەکردووە. بڕیارەکەی ترەمپیش بۆ دەرچوون لە ڕێککەوتنەکە لەبەر ئەوە نەبووە کە ئێران پێشێلی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی کردووە، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە ڕێککەوتنەکە بەرنامەی مووشەکیی ئێران و چالاکییە ناوچەییەکانی تاران لەخۆناگرێ.

مەسیو لێڤیت، شارەزای کاروباری ئێران لە پەیمانگای واشنتن، پێیوایە دوای ئاشکرابوونی ئەو زانیاریانە پرسیاری سەرەکی ئەوەیە بەرنامەی



ئەرشیفی بەرنامەی چەکی ئەتۆمیی ئێران لەبەردەستی ئیسرائیله

پشتگیری بن سەلمان دەکات

# وەلید بن تەلاڵ دەردەکەوێ



بن تەلاڵ لە نۆڤەمبەری ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ 500 شازادە و کاربەدەست و بازرگان دەستگیرکرا

ڕووداو- هەولێر

وەلید بن تەلاڵ، شازادە ملیاردێرەکەی سعودیە، سەردەمانێک بە باڵیۆزی بازرگانیی سعودیە دەناسرا، بەڵام دوای ئەوەی ساڵی ڕابردوو لە هەڵمەتێکی بەرفراواندا لەگەڵ دەیان شازادە و بەرپرس و بازرگانی دیکەی سعودی دەستگیر کرا، لەبەر چاوان دیار نەما. ئێستا لەسەر داوای حکومەتی سعودیە جارێکی دیکە خەریکە ڕۆڵە کۆنەکەی خۆی وەردەگرێتەوە و وەکو دیپلۆماتێکی بازرگانی ئەرکی ڕاکێشانی وەبەرهێنەرە ڕۆژئاواییەکانی پێدراوە.

مانگی ڕابردوو کۆنفرانسی "دەستپێشخەری وەبەرهێنانی داهاتوو" لە ریاز بەڕێوەچوو، ئەوکات سێ هەفتە بەسەر کوژرانی جەمال خاشوقچی، ڕۆژنامەنووسی سعودیدا تێدەپەڕی، ژمارەیەکی زۆر لە وەبەرهێنەر و کۆمپانیاکانیش بایکۆتی کۆنفرانسەکەیان کردبوو. کۆنفرانسەکەی ریاز بۆ ڕاکێشانی سەرمایەی بیانی بۆ پڕۆژەی "ڕوئیای 2030" ڕێکخرابوو کە محەممەد بن سەلمان، شازادەی جێنشین، بۆ چاکسازیی ئابووری و دوورخستنەوەی ئابووریی شانشین لە نەوت دەستیپێکردووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، ئۆفیسی بن سەلمان ڕۆژێک پێش دەستپێکردنی کۆنفرانسەکە پەیوەندییان بە بن تەلاڵەوە کردووە و داوایان لێکردووە لە کۆنفرانسەکەی ریازدا بەشدار بێ. ڕۆژی دواتر لە هۆتێلی ریاز ریتز کارڵتۆن، هەمان ئەو شوێنەی سێ مانگ شازادەکان تێیدا دەستبەسەر بوون، بن تەلاڵ شانبەشانی بن سەلمان تەوقەی لەگەڵ بەشداربووانی کۆنفرانسەکە دەکرد و سێڵفی لەگەڵ دەگرتن.

کەسانی نزیک لە بن تەلاڵ بە ڕۆژنامەکەیان ڕاگەیاندووە کە شازادە لە چەند هەفتەی ڕابردوودا دەستی بە کارە بازرگانییەکانی خۆی کردووەتەوە. بۆ نموونە گرێبەستێکی بە بەهای 300 ملیۆن دۆلار لەگەڵ وەبەرهێنەرانی فەرەنسی واژۆ کردووە. لەگەڵ کۆمەڵێک کۆمپانیای تەکنەلۆژی ڕۆژئاوایی دیکەش گرێبەستێکی 500 ملیۆن دۆلاری واژۆ کردووە. ئێستاش لەگەڵ لیۆنارد بلاڤانتیک، خاوەنی گرووپی وارنەر موزیکی ئەمریکی، دانوستاندن دەکات بۆ ئەوەی گرووپە ئەمریکییەکە لە کۆمپانیای ڕۆتانادا وەبەرهێنان بکات.

وەلید بن تەلاڵ، 63 ساڵ، پێش هاتنە سەر دەسەڵاتی شا سەلمان و کوڕەکەی ڕوخسارێکی ناسراوی نێودەوڵەتی بوو کە لەگەڵ سەرکردەی وڵاتان کۆدەبووەوە، ڕێککەوتنی ستراتیژی لە نێوان سعودیە و وڵاتانی ڕۆژئاوایی واژۆ دەکرد، وەبەرهێنانی گەورەشی لە کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وەکو تویتەر و سیتی بانکدا هەبوو، بەڵام لە یەک ساڵی ڕابردوودا هیچ دەرکەوتنێکی نەبووە.

شازادە سعودیەکە لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵەوە ئازادکرا. بەگوتەی کەسانی نزیک لێی لەو کاتەوە مافی ئەوەی نییە گەشتی دەرەوە بکات، بۆیەش زۆربەی گرێبەست و ڕێککەوتنە بازرگانییەکانی لە سعودیەوە تەواو دەکات.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)، زۆربەی بازرگان و وەبەرهێنەرەکان پێشوازی لە گەڕانەوەی بن تەلاڵ بۆ کاری بازرگانی دەکەن، یەکێک لە وەبەرهێنەرکانیش پێیوایە وجودی بن تەلاڵ بۆ بەرەوپێشچوونی کەرتی بازرگانیی سعودیە "شتێکی حاشا هەڵنەگرە"، بازرگانێکی دیکەش دەڵێت "بێ ئەو دانوستاندنەکانی خۆمان (لەگەڵ حکومەت و کۆمپانیا سعودیەکان) دەوەستێنین".

خاشوقچی هاوڕێیەکی نزیکی شازادە ئەلوەلید بووە، تەنانەت سەردەمانێک بۆ دامەزراندنی یەکێک لە تەلەفزیۆنەکان یارمەتی شازادە ملیاردەرەکەی داوە، بۆیەش لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی (فۆکس نیوز)ی ئەمریکیدا گوتی "ئەوەی لە کۆنسوڵخانەی سعودیە (لە ئیستەنبوڵ) ڕوویدا، ترسناک، قێزەوەن و کارەسات بوو". کەسانی نزیک لە شازادەکەش دەڵێن بن تەلاڵ لە ڕۆڵە نوێیەکەی خۆی لە حکومەتی سعوودیەدا دڵنیا نییە.

لە لێدوان بۆ دەزگا میدیاییەکانیدا، بۆچوونی بن تەلاڵ سەبارەت بە ڕووداوەکەی مانگی ڕابردووی کۆنسوڵخانەی سعودیە لە بۆچوونی فەرمی حکومەتی سعوودیەوە نزیکە و گوتوویەتی: "شازادەی جێنشین 100% بێبەرییە لە تاوانەکە". کەسانی ئاگاداریش بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەیان ڕاگەیاندووە بن تەلاڵ بڕیاریداوە لە کاتی قەیران لە پشتماڵی شاهانە بێ و هەر لە سەرەتاشەوە لایەنگرێکی سەرسەختی پلانە چاکسازییەکەی بن سەلمان بووە، لەوانەش ڕێگەدان بە ئۆتۆمبێل لێخوڕینی ئافرەتان و کرانەوەی سینەماکان لە سعودیە.

مانگی ڕابردوو، بن تەلاڵ لەگەڵ بەرپرسانی سندوقی یەدەگی نیشتمانیی فەرەنسا کۆبووەوە، لە کۆبوونەوەکەدا داوای لە لایەنی فەرەنسی کردبوو وەبەرهێنان لە سعودیە بکەن و دڵنیای کردبوونەوە کە خۆیشی لە پڕۆژەکاندا هاوبەشیان دەبێ. کەسانی بەشدار

# سێ سیناریۆ بۆ جیۆپۆلیتیکی جیهان لە 25

ڕووداو- هەولێر

بۆ تێگەیشتن لە پێشهاتە نێودەوڵەتییەکانی قۆناغێکی مێژوویی پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێ کە ئاخۆ ڕووداوەکان بەشێکن لە قۆناغێکی جێگیر و وەستاو، یان لە چوارچێوەی قۆناغێکی ئینتیقالی و تێپەڕدا ڕوودەدەن. شارەزایان لەسەر ئەوە کۆکن کە جیهان بەگشتی بە قۆناغێکی ئینتیقالی و گۆڕاودا تێدەپەڕێ، لەو پەیوەندییەشدا ئەوەی گرنگە پێشبینیکردنی کاریگەرییەکانی ئەو قۆناغەیە لەسەر هاوسەنگیی هێز لە دوای تەواوبوونی قۆناغەکە.

دەڤید لۆ، لێکۆڵەر لە ناوەندی جنێڤ بۆ کۆنترۆڵکردنی دیموکراسییانەی هێزە چەکدارەکان، لە وتارێکدا لە ماڵپەڕی کۆڕبەندی ئابووریی جیهان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "هەموو شتەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی جیهان بە قۆناغێکی گواستنەوەی مێژوویی دیکەدا تێدەپەڕێ". لە کاتێکدا کۆمەڵێک لە پەرەسەندنەکانی ئەمدواییە ئاماژەن بۆ ئەوەی دۆخی سیاسیی نێوخۆی زۆر لە هێزە سەرەکییەکانی گۆڕەپانی نێودەوڵەتی و پەیوەندیی نێوان ئەو هێزانە گۆڕانی بەسەردادێ.

لێکۆڵەرەکە ئاماژە بۆ سێ پەرەسەندنی سەرەکی دەکات کە وەک ئاماژەکانی قۆناغی گواستنەوە دەردەکەون، لەوانەش لاوازبوونی هێزە میانڕەوەکان لە وڵاتە دیموکراتە پێشکەوتووەکان. زیادبوونی مەیلی دوورکەوتنەوە لە دامەزراوە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان (دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا وەک نموونە)، جەختکردنەوە لە دەسەڵاتی پاوانخواز لە ڕووسیا و چین و دواجاریش پاشەکشەی سەرکردایەتی ئەخلاقیی ئەمریکا لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا.

جۆشوا ستۆول، لێکۆڵەر و سەرۆکی ناوەندی گلۆباڵ سێکیوریتی ریڤیوو، پێیوایە توندڕەویی ئایینی و تیرۆر و ناسەقامگیریی ئەمنی لە ئاسیای نزیکەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا، سێ پەرەسەندنی سەرەکیی ساڵانی ڕابردوون کە ئاکامی گەورەیان بۆ گۆڕانە جیۆپۆلیتیکییەکان لە جیهاندا دەبێ.

لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە نەزمێک هاتەئاراوە کە ململانێکانی بەرەی ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتی ئەمریکا و بەرەی ڕۆژهەڵات بە سەرکردایەتی یەکێتیی سۆڤیەتی کۆنترۆڵ کرد. ژمارەیەک ڕێکخراو و ڕێککەوتننامەی سیاسی، ئابووری و ئەمنی ئەرکی کۆنترۆڵکردنی ئەو ململانێیانەیان لەسەرشان بوو.

دەیڤید لۆ پێیوایە لە ماوەی کورت و مامناوەندی داهاتوودا پرسی سەرەکی بریتی دەبێ لە "پەیوەندییەکانی ئەو هێزانەی بەشێوەیەکی سەرەکی بەرپرسیارن لە دروستکردنی نەزمی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، لەگەڵ ئەو هێزانەی تەگەرەیان بۆ نەزمەکە دروست دەکرد، لە سێ بۆ پێنج ساڵی داهاتووشدا دەردەکەوێ پەیوەندییەکانی ئەو لایانە بەرەو کوێ دەچێ"، ئەم قۆناغەش چاوەڕێی سێ دەرهاویشتەی سەرەکی لێدەکرێ.

یەکێک لە دەرهاویشتەکان ئەوەیە مۆدێلی ڕۆژئاوایی (واتە لیبراڵیزمی نێودەوڵەتی) دەتوانێ بەسەر لاوازی و ناکۆکییە هەنووکەییەکانی خۆیدا زاڵ بێ و "فەزای پێویست بۆ دروستبوونەوەی جووڵە بەرەو شۆڕشێکی دیموکراتیک دروست بکات"، لە کۆی پرۆسەکەشدا ژینگەیەک دروستبکات کە وڵاتە تەگەرەسازەکان هانبدات تێکەڵ بە ڕەوتەکە بن. ئەو جەخت دەکاتەوە کە "ئەمە نوسخەیەکی نوێیە لەو مۆدێلەی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە زاڵە".

دەرهاویشتەیەکی دیکەی قۆناغەکە بریتییە لەوەی ئەو هێزانەی تەگەرە بۆ ڕۆژئاوا دروستدەکەن، بەتایبەتیش ڕووسیا و چین، ناکۆکی و لێکدژییەکانی نەزمی ڕۆژئاوایی بقۆزنەوە و بە ڕێگەیەکی کەم تا زۆر ئاشتیانە بناغەکانی جیهانێکی فرەجەمسەر دابنێن. لۆ ئەم دەرهاویشتەیە بە "کۆنسێرتی سەدەی 21" ناودەبات، ئەمەش بە پەیڕەوی لە بیرۆکەی "کۆنسێرتی گەلان" کە لە کۆنگرەی ڤیەننا لە ساڵی 1815، لە چوارچێوەی کۆمەڵێک بنەما بۆ پەیوەندیی گەلانی ئەوروپا خرایەڕوو.

دەرهاویشتەی سێیەمی ئەو قۆناغە لە هەردوو دەرهاویشتەکەی دیکە مەترسیدارترە و تێیدا "سەرهەڵدانی وڵاتانی لایەنگری فرەجەمسەری توندوتیژی لێدەکەوێتەوە و ململانێ و پێکدادانی ئاڵۆزتر ناوچەیەکی زیاتر لە جیهان دەگرێتەوە". لۆ پێیوایە ئەو دەرهاویشتەیە لە هی ئەو کاتە دەچێ کە "کۆنسێرتی گەلان" ڕووی لە لاوازی کرد و جەنگی نێوان وڵاتان سەریهەڵدا و ئەم قۆناغەش دەکرێ بە "توانەوەیەکی جیۆستراتیژی" یان "قۆناغی جەنگ لەسەر ئاستی هەموو جیهان" ناوببردرێ.

ستۆول پێیوایە گۆڕانی نەزمی جیهان "کێشە بۆ چاکسازی لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش دروستدەکات". لەوانەش نەتەوە یەکگرتووەکان، بانکی جیهانی و سندوقی نێودەوڵەتی نەختینە و یەکێتیی ئەوروپا، جیا لەمە بەردەوامی نۆرمە لیبراڵەکانی وەکو مافە سیاسی، مەدەنی و مرۆییەکانیش دەباتە ژێر گومانەوە، لە کاتێکدا زلهێزەکانی وەکو چین و ڕووسیا هەوڵدەدەن نۆرمە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بە قازانجی خۆیان دابڕێژنەوە.

وتارەکەی دەیڤید لۆ ئاماژە بە پێنج فاکتەری سەرەکی دەکات کە پاڵنەر و ئاراستەدەری

# نزیکە



ئەتۆمیی ئێران لە کاتی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا لە چ ئاستێکدا بووە؟ هەر لەبەر ئەوەش بووە کە هەندێک لە خەڵکانی دەزگا هەواڵگرییەکان سوور بوون لەسەر ئەوەی ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران بکرێ، چونکە لە کاتی ڕێککەوتنەکەدا ئێران ڕێگەی دەرچوونی زۆر بووە.

# سوپای یەکگرتووی ئەوروپی؛ دەرفەت و ئاستەنگەکانی



زانا هەڵۆ کوردە - بڕوکسل

بیرۆکەی سوپای ئەوروپی کەی و لە کوێوە سەرچاوی گرتووە؟

ئاستەنگەکان چین و کێن ئەو لایەنانەی کە پشتگیری لەم پرۆژەیە دەکەن؟ نەیارەکانی کێن؟

ئایا پێکهێنانی سوپای یەکگرتووی ئەوروپی مەحاڵە یان بووەتە ئەمری واقیع؟

سوود و زیانەکانی سوپای ئەوروپی بۆ ئەوروپا و جیهان چین؟

بیرۆکەی پێکهێنانی سوپایەکی یەکگرتووی ئەوروپی کۆنە و بۆ چەند سەدەیەک پێش ئێستا دەگەڕێتەوە کاتێک ستروکتوری دەسەڵات لە ئەوروپا لە پاش ڕێککەوتننامەی ویستفالیا (1648) ، لە سیستمی میرنشینی دەسەڵاتەوە گۆڕا بۆ دەوڵەتی قەومی. ئەوکات کۆمەڵێک لە سیاسەتوانان، پیاوانی ئاینی و بیرمەندانی گەورەی ئەوروپا خواستی پێکهێنانی سوپایەکی هاوبەشی ئەوروپییان هێنایە پێشەوە، بەڵام لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی قەومیدا ناکۆکی نێوان وڵاتانی ئەوروپا و بەرژەوەندییەکانیان لە ناوخۆ و دەرەوەی خاکی ئەوروپا زیاتر و فراوانتر بوون. ئەمەش نەک بووە ڕێگرێک لەبەردەم پێکهێنانی سوپایەکی ئەوروپی، بەڵکو بووە هۆکاری دروستبوونی جەنگ و ناکۆکیی بەردەوام لە نێوان وڵاتانی ئەوروپادا.

بەڵام لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، وڵاتانی ئەوروپا، بەتایبەتی گەورە هێزانی وەک بەریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیا گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە پێکهێنانی هێزی هاوبەشی ئەوروپی و لانیکەم هاریکاری لە بواری سەربازیدا دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ ڕێگرتن لە جەنگ و هێنانەکایەی سەقامگیریی درێژخایەن لە ئەوروپادا. ئەمەش وایکرد کە لە کۆتایی ساڵانی چل و سەرەتای ساڵانی پەنجای سەدەی ڕابردوودا، کۆمەڵێک بیرۆکە و پرۆژەی سەربازی بۆ هاوکاریی نێوان وڵاتانی ئەوروپا پێشنیاز بکرێن. یەکێک لەو پرۆژانەی کە هەر لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانییەوە کاری بۆ کرا، بریتی بوو لە پەیماننامەی سەربازیی بڕوکسل کە دامەزراندنی "یەکێتیی ئەوروپای ڕۆژئاوا"ی بەدوای خۆیدا هێنا و بریتی بوو لە هاریکاریی سەربازی لە نێوان بەریتانیا، فەرەنسا و سێ وڵاتەکەی بەنەلوکس. هەرچەندە ئەم پرۆژەیە لە سەرەتادا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و میکانیزمی هاوبەش بۆ هەماهەنگیی سەربازی پێکهێنران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشدارینەکردنی ئەڵمانیا لەو ستروکتورەدا وەک کەماسییەک دەبینرا. ئەڵمانیا یەکێک بوو لەو وڵاتانەی کە بە هێنانەکایەی هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم تاوانبار کرا و وەک مەترسییەک بۆ سەر سەقامگیری لەسەر ئەوروپا دەبینرا. لەو ڕوانگەیەشەوە هەر پرۆژەیەکی سەربازی بێ بەشداریکردنی ئەڵمانیا شانسی سەرکەوتنی درێژخایەنی نەبوو.

هەر لەو ساڵانەدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و فەرەنسا کەوتنەخۆ بۆ پێشنیازکردنی پرۆژەی سەربازیی تا ڕادەیەک ڕکابەر. خواستی ئەمریکا ئەوە بوو بەرەیەکی سەربازی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا پێکبهێنێ وەک میکانیزمێک بۆ بەرگرتن بە فراوانبوونی هەژموونی سۆڤیەت لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا. لە بەرامبەردا فەرەنسا بە سەرکردایەتی ژەنەڕاڵ (دگۆل) کاری دەکرد بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتێکی سەربازیی ئەوروپی، هاوچەشنی کۆمەڵگەی ئەوروپی کە ڕۆڵی سەرکردایەتیکردنی ئەو دەسەڵاتەی بۆ خۆی بەڕەوا دەبینی. فەرەنسا لە ساڵی 1952 دا پرۆژەی (کۆمەڵگەی سەربازیی ئەوروپی پێشنیارکرد کە لە فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و وڵاتانی بەنەلوکس پێکدەهات. بەریتانیا هەر لەو کاتەوە بەشداری پرۆژەکەی نەکرد و لەو باوەڕەدا بوو کە هیچ پرۆژەیەکی سەربازی بۆ پاراستنی ئەوروپا بەبێ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرکەوتوو نابێ. هاوکات ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاری کرد بۆ پێکهێنانی ئەو بەرە سەربازییەی کە ئارەزووی دەکرد، ئەویش (هاوپەیمانیی ئەتڵەسی- ناتۆ) بوو لە ساڵی 1949دا. هەژموونی فراوانی ئەمریکا لە ڕۆژئاوای ئەوروپادا وایکرد کە پرۆژەی سەربازیی ناتۆ سەرکەوتوو بێ و لە ساڵی 1954دا ئەڵمانیای ڕۆژئاواش بووە ئەندامێکی ڕێکخراوی ناتۆ.

لەو کاتەوە ناتۆ وەک سەرەکیترین ڕێکخراوی هاریکاری سەربازی لە ڕۆژئاوادا ڕۆڵ دەگێڕێ. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە وڵاتانی ئەوروپا لە چوارچێوەی یەکێتی ئەوروپادا هەوڵیان داوە ڕێکخراو و میکانیزمی تایبەتی ئەوروپی لە بواری سەربازیدا پێکبهێنن.

پاش لەبەریەک هەڵوەشانی بەرەی سۆڤیەت و یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا، گەورەهێزانی ئەوروپا پرسی هاریکاری سەربازییان خستە ئەجێندای سیاسی ئەوروپاوە. لەو چوارچێوەیەشدا لە کۆتایی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا (سیاسەتی هاوبەشی دەرەوە و ئاسایش) بووە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی یەکێتیی ئەوروپا. ئەم ستروکتورە ڕێکخراوەیی و سیاسییە نوێیە ڕێخۆشکەر بوو بۆ پێکهێنانی چەند میکانیزمێکی سەربازیی هاوبەش کە ڕۆڵی ئەمانە پتر بریتییە لە ڕێگرتن لە جەنگ و هێنانەکایەی ئاشتی و سەقامگیری لە جیهاندا. لەو چوارچێوەیەدا یەکێتیی ئەوروپا لە نێوان 1997 و 2017 دا 35 ئۆپەراسیۆنی سەربازی و مرۆیی لە هەریەک لە ئەفریقا، ئاسیا و ئەوروپادا ئەنجامداوە. بەڵام بەگشتی ئەم ئۆپەراسیۆنە سەربازی و مرۆییانە دەسەڵاتی جەنگ و بەرگیرکردنیان نییە و جگە لەوەش درێژخایەن و بەرفراوان نین. بە واتایەکی دی ناکرێ وەک هێزی سەربازی لێیان بڕوانرێ. ئەمەش وایکردووە کە خواستی سوپای یەکگرتووی ئەوروپی وەک خەونێک بمێنێتەوە. لە ساڵانی ڕابردوودا هەریەک لە فەرنسا و بەریتانیا لەلایەک و فەرەنسا و ئەڵمانیا لەلایەکی دی، هاریکاری سەربازیی دووقۆڵییان پەرەپێداوە، بەڵام هیچیەک لەمانە و هیچ لە پرۆژە ئەوروپییەکانی دیکە نەبوونەتە سەرەتایەک بۆ دروستکردنی سوپایەکی هاوبەشی ئەوروپی. لە کۆتایی 2017 دا وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بڕیارێکی گرنگیان دەرکرد کە ئەویش بریتییە لە دروستکردنی بازاڕێکی سەربازیی هاوبەشی ئەوروپی کە ئامانج لێی بەرهەمهێنان و بەبازاڕکردنی چەکی هاوبەشی ئەوروپی و تەکنەلۆژیای سەربازیی ئەوروپییە، ئەمەش وەک تەکانێکی گرنگ بە ئاڕاستەی سوپایەکی هاوبەشی ئەوروپی لێکدەدرێتەوە. ئێستاش ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا خواستی دروستکردنی سوپای هاوبەشی ئەوروپی وروژاندووە کە ئەمەش کاریگەری لەسەر ئایندەی ناتۆ و هەژموونی ئەمریکا لە ئەوروپادا هەیە.

## ئاستەنگەکان چین؟

لەڕاستیدا کۆمەڵێک فاکتەر وەک ئاستەنگ لەبەردەم دروستبوونی سوپای یەکگرتووی ئەوروپیدا هەن. یەکێک لەو فاکتەرە سەرەکیانە پراکتیکیە، وڵاتانی ئەوروپی سەرەڕای چەند دەیەیەک لە هەماهەنگیی سەربازی، فەرهەنگی سەربازی و سیستەمی بەرگری و میکانیزمی سەربازیی تایبەت بە خۆیان هەیە کە ئەمەش وا دەکات پێکهێنان و هارمۆنیزەکردنی ئەم فەرهەنگ و سیستەمە بەرگرییە جیاواز بەیەکانە تا ڕادەیەک مەحاڵ بێ. لە سەرووی ئەوانەشەوە خواستی وڵاتانە کە ئەوەش وەک ئاستەنگێک دەبینرێ. بواری بەرگری سەرەکیترین کایەی (ستراتیژی نەتەوەیی) هەر وڵاتێک پێکدێنێ. لەو ڕوانگەیەوە بەدەستەوەدانی دەسەڵاتی سەربازی وڵاتان و ناردنی هێزی تایبەت بە خۆ بۆ ناو "هێزێکی ئەوروپی" کە دەسەڵاتی جوڵاندنی لە بڕوکسل بێ، بیرۆکەیەکی تا ئێستاش نەخوازراوە لەلایەن زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپاوە. فاکتەرێکی دیکەی ڕێگر لە بەردەم سوپای یەکگرتووی ئەوروپیدا بریتییە لە ڕێکخراوی ناتۆ. ئەم ڕێکخراوە لە سەرەتای دروستبوونیەوە وەک پارێزەری سەرەکی ئەوروپا ڕۆڵی گێڕاوە و تەواوی توانا و پێداویستییە سەربازییەکانی لەبەردەستدایە بۆ گێڕانی ئەو ڕۆڵە. لەو سۆنگەیەشەوە پێکهێنانی سوپایەکی تایبەتی ئەوروپی وەک پرۆژەیەکی ڕکابەر بە ناتۆ لە قەڵەم دەدرێ و لە هەر کاتێکدا بیرۆکەیەکی لەو جۆرە کاری لەسەر کرابێ، ئەوا بووەتە هۆی دووبەشکردنی وڵاتانی ئەوروپی بەسەر دوو بەرەی پشتگیر و بەرهەڵستکاری ناتۆ. ئەم دووبەرەکییە سەبارەت بە سوپای ئەوروپی و ڕۆڵی ناتۆ ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتان و دیدگای جیاوازی وڵاتانی ئەوروپا سەبارەت بە مەترسییە دەرەکییەکان هەیە. بۆ نموونە لە ئەوروپادا بەریتانیا هەمیشە گرنگی و بایەخی تایبەتی بە (پەیوەندیە ئەتڵەسییەکانی) لەگەڵ ئەمریکادا داوە و لەو چوارچێوەیەشدا نەک تەنها سوپای ئەوروپی بە پێویست نابینێ، بەڵکو بە ڕێکخراوەییکردنی هەر هەنگاوێکی سەربازیی هاوبەشی (فرانکۆ- جێرمان)ی نێوان ئەڵمانیا و فەرەنسا وەک مەترسییەکی دوورمەودا بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەبینێ. هەرچی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاشە، ئەم وڵاتانە پشتگیری مانەوەی ڕێکخراوی ناتۆ دەکەن وەک پارێزەری سەرەکییان بەرامبەر مەترسیی ڕووسیا. هەرچی فەرەنساشە هەمیشە هەوڵیداوە ستروکتورێکی سەربازیی ئەوروپی جێگرەوەی ناتۆ، یاخود لانیکەم هاوتەریب و هاوبەش لەگەڵ ناتۆ، پێکبهێنێ و ڕۆڵی سەرەکی لەو دەسەڵاتە سەربازییە ئەوروپییەدا بگێڕێ کە ئەمەش پایەیەکی سەرەکی دیدگای (دگۆلیستەکان)ە بۆ ڕۆڵی فەرەنسا لە جیهاندا. ئەڵمانیاش لەلای خۆیەوە هەرچەندە پشتگیری سوپایەکی ئەوروپی دەکات، بەڵام ناخوازێ لە کورتمەودادا ئەم پرۆژەیە وەک جێگرەوە و ڕکابەرێکی ناتۆ ببینرێ، بەڵکو خوازیارە لە پرۆسەیەکی درێژخایەنی سەربازیدا یەکێتیی ئەوروپا ژێرخان و ستروکتوری گونجاو بۆ هاوکاری و هەماهەنگیی سەربازی لە ئەوروپادا بهێنێتە کایەوە، بە چەشنی بازاڕی هاوبەش و ئەو یەکگرتنە ئابوورییەی کە ئێستا لەئارادایە. تێکڕای ئەم ئاستەنگانە وا دەکەن کە پێکهێنانی سوپایەکی یەکگرتووی ئەوروپی لە تاکە هەنگاوێکدا مەحاڵ بێ، بەڵکو پێویستی بە ئامادەکاری و ویستی سیاسی وڵاتان هەیە کە ئەوەش ڕەنگە لە دوو دەیەی ئایندەدا و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو تەحەدییانەی لەسەر ئەوروپا و جیهان هەیە، سوپای ئەوروپی لە خواستێکەوە بکەنە پێویستییەکی ڕۆژگار.

ماوەتەوە ئەو پرسیارەی ئاخۆ دروستبوونی سوپایەکی یەکگرتووی ئەوروپی تا چەند لە سوودی ئەوروپا و جیهاندایە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش بەندە بە کاریگەریی ئەو سوپایە لەسەر پەیوەندییە ستراتیژییە ئەتڵەسییەکانی ئەوروپا لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هێشتنەوەی ڕێکخراوی ناتۆ. بەڵام گومانی تێدا نییە سوپایەکی ئەوروپی هێز و توانای زیاتر دەداتە ئەوروپا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و یەکێتیی ئەوروپا دەکاتە هاوتایەکی سەربازیی گەورەهێزانی دیکەی جیهان وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕووسیا و چین. بوونی سوپایەکی ئەوروپی دەرگا واڵا دەکات بۆ دەستتێوەردانی سەربازیی ئەوروپی لەسەر سنوورەکانی خۆی و هەژموونی ئەوروپا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقادا فراوانتر دەکات.



# ...تەوە

لە کۆبوونەوەکە باس لەوە دەکەن لە کۆبوونەوەکەدا ئەوەی سەرنجی ئامادەبووانی ڕاکێشابوو وێنەیەکی نوێی بن تەلاڵ و بن سەلمان پێکەوە بووە کە هەردووکیان لە وێنەکەدا دڵخۆشن.

شازادە ئەلوەلید لە تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوو لەگەڵ نزیک 500 شازادە و کاربەدەست و بازرگانی دیکەی سعودیە دەستگیرکران، بڕیارەکە لەلایەن لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بە سەرۆکایەتی محەممەد بن سەلمان، دەرکرا.

پێش هەڵمەتەکەی ساڵی ڕابردوو گومان دەکرا سامانی بن تەلاڵ نزیک 20 ملیار دۆلار بێ، لە مانگی ئاداری ئەمساڵ گۆڤاری ئابووریی (فۆربین) ناوی بن تەلاڵی لە لیستی 100 دەوڵەمەندی یەکەمی جیهان لادا. لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا ئاژانسی (فرانس پرێس) ئاشکرای کرد بن تەلاڵ دوای ڕێککەوتنێکی دارایی لەگەڵ حکومەتی سعودیە ئازادکراوە، بەڵام بن تەلاڵ بە کەسانی نزیک خۆی گوتووە ئێستاش کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر سامانەکەی خۆیدا هەیە، لەوانەش 95%ی پشکەکانی کۆمپانیای کینگدم هۆڵدینگ.

# ساڵی داهاتوودا

پەرەسەندنەکانی دوو دەیەی داهاتوون. یەکەمیان فاکتەری ئابوورییە و پەیوەندیی بەوەوە هەیە ئاخۆ زلهێزەکانی لایەنگری نەزم و سیستەمی ئابووریی ئێستای جیهان دەتوانن لەسەر بنەمای مۆدێلە ئابوورییە زاڵەکە (واتە ئابووری سەرمایەداری) سامانی پێویست کەڵەکە بکەن؟ سندوقی نێودەوڵەتی نەختینە لە ڕاپۆرتێکی 2016 دا پێشبینی دەکات لە ساڵی 2050دا گۆڕانی گەورە لە ئابوورییە گەورەکانی جیهاندا ڕوودات، بە جۆرێک سێ لە وڵاتانی گرووپی 7 (ژاپۆن، ئەڵمانیا و بەریتانیا) پلەیان بۆ ئابووریی هەشتەم، نۆیەم و دەیەم دادەبەزێ.

فاکتەری دووەم پەیوەندی بە نەهێشتنی نایەکسانی نێوان هاووڵاتیانەوە هەیە، بە تایبەتیش ئەگەر لایەنگرانی نەزمی ئێستای جیهان بیانەوێ نەزمی داهاتووی جیهانیش دیاری بکەن. فاکتەرێکی کاریگەری دیکە پەیوەندی بە توانای حوکمڕانی وڵاتانەوە هەیە، لێرەشدا سێ پرسیار دێتە ئاراوە: ئایا مۆدێلی وڵاتانی دیموکراتیک کۆتایی دێ؟ ئایا وڵاتە پاوانخوازەکان دەتوانن مۆدێلێکی دیکە بۆ حوکمڕانی بخەنەڕوو کە بەشێوەیەکی کاریگەر کۆمەڵگاکە بەرەوپێش بەرێ؟ یان ئایا مۆدێلێکی نوێ لە حوکمڕانی دیموکراتیک دێتە ئاراوە جیاواز لەوەی تاوەکو ئێستا جیهان بەخۆیەوەی بینیوە؟

فاکتەری چوارەم سەربازییە، بە تایبەتیش لە کاتێکدا هێز و پیشەسازیی سەربازیی وڵاتە زلهێزەکان گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، لەو قۆناغەدا دەکرێ یەکێک لە ئەکتەرەکان بڕوای وابێ دەتوانێ بەرەنگاری سیستەمە جیهانییەکە ببێتەوە و دەستکاریی بکات، لەوێشەوە ئەگەری شەڕی سێیەمی جیهانی بێتەئاراوە.

دوایین فاکتەر کە هەموو وڵاتانی جیهان تێیدا هاوبەشن، قەیرانە ژینگەییەکانە کە ئەگەر وەڵامی جیدی نەدرێتەوە ئەوە زۆر پرسی ستراتیژی دەخەنە پەراوێزەوە، یان ئاڵۆزیی نوێ بۆ نەزمی داهاتووی جیهان دروست دەکەن.



ڕووسیا و چین دەیانەوێ بناغە بۆ جیهانێکی فرەجەمسەر دابنێن



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# دانانی پارێزگار لە شارێکی داگیرکراودا

ئەگەر 16ی ئۆکتۆبەریش نەبووایە، ئێستا هەر کێشەی پارێزگاری کەرکووکمان دەبوو، بەڵام بەجۆرێکی تر. چونکە پێش ئەو وادەیە، بەهۆی کێشە سیاسییەکانی ناو یەکێتی و کێشەی بەشێکیان لەگەڵ نەجمەدین کەریم، هەروەها بەهۆی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەسەر دامەزراوە دەوڵەتییەکانی شارەکە و بەشداریکردنی کەرکووک لە گشتپرسیی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، لە پەرلەمانی عێراقەوە بڕیار لەسەر دوورخستنەوەی پارێزگاری کەرکووک درا.

سەرباری نارەزایەتی هەرێم و ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و سکاڵای پارێزگار لەوەی دوورخستنەوەکەی نادەستووری بووە، دادگای ئیداری و ئیتیحادیی عێراق، هەروەها سەرۆک وەزیران و سەرۆک کۆماریش، ئاویان کردە ئاشی بڕیارەکەی پەرلەمانەوە. بۆیە کورد نەیدەتوانی پابەندی ئەو بڕیارە نەبێ و لێکەوتەکانی ئاڵۆزیی زیاتری دروست دەکرد. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا کورد ئەوکاتیش لە ناوخۆدا ڕێکدەکەوتن پارێزگارێک بۆ کەرکووک دابنێن؟ سەرباری ئەوەی هەلومەرجی ئەوکاتی کەرکووک و پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی جیاواز بوون لەوەی ئێستا، بەڵام هەر بەدوور دەزانرا بە ئاسانی ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێ. لەگەڵ ئەوەش، ئەگەر ئەوکات نەشتوانرایە لەسەر پارێزگارێک ڕێکبکەون و بە وەکالەت لەلایەن جێگرە عەرەبەکەیەوە بەڕێوەببرایە، جیاوازییەکەی ئەوە بوو کە پارێزگارە عەرەبەکە نەیدەتوانی دەست بۆ تەعریب بباتەوە.

ئەوەی لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە لە ئیدارەی کەرکووک گۆڕاوە، ئەوەیە کە ژینگەیەک ڕەخساوە بۆ بەعەرەبکردنەوەی کەرکووک. هەرچەندە سیاسەتەکە مەرکەزییە، بەڵام بوونی پارێزگارێکی عەرەب لە دۆخێکی وەک ئێستای کەرکووکدا یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدانی ئەو سیاسەتە. ئەگەر دۆخی کەرکووک هەر وەک ئێستاش بووایە، بەڵام پارێزگار تورکمان یان کورد بووایە، تەعریب بەو جۆرەی ئێستا بەڕێوەنەدەچوو. چونکە پارێزگاری ئێستا هەموو دەسەڵاتە ئیدارییەکانی خۆی و دەزگا ئیداری و ئەمنییەکانی خستووەتە خزمەتی ئەو پرۆسەیەوە. بۆ ئەوەی تەعریب لە کەرکووک ڕابوەستێ، دەبێ پارێزگارێکی کورد دابنرێت.

تێگەیشتنی زۆربەشمان وایە، ئەو دۆخەی کەرکووک ناتوانی ناوێکی تری لێبنێی جگە لەوەی کە (داگیرکراوە)، لۆژیکییە بپرسین ئەی کورد چۆن دەتوانێت لە شارێکی داگیرکراودا پارێزگار دابنێ؟ بۆ ئەوەی وەڵامی دروستمان دەستکەوێت، سەرەتا دەبێت بەدوای ئەو ڕێگا یاساییانەدا بگەڕێین کە لە ڕێگەیانەوە دەتوانرێت پارێزگار دابنرێت. هەروەها پێویستە ئەو هۆکارانە دەستنیشان بکەین کە بۆچی پێمانوایە کورد دەتوانێ پارێزگار دابنێت، بەڵام عەرەب یان بەغدا، ناتوانن ئەوە بکەن؟

بەپێی دەستوور و یاسا بەرکارەکانی ئێستای عێراق، تاکە ڕێگە بۆ دانانی پارێزگار هەڵبژاردنی ناو ئەنجوومەنی پارێزگاکانە. ئەوەشە وایکردووە کە لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە سەرباری هەموو هەوڵە خۆسەپێنەکانی بەغدا لەسەر کەرکووک، بە پەیڕەوکردنی حوکمی عەسکەریشەوە، نەیانتوانیوە لە بەغداوە پارێزگارێک بۆ کەرکووک دابنێن. لەبەر ئەوەش کە عەرەب کەمینەی ناو ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکن و نەشیانتوانیوە لەگەڵ تورکمان و ئەو ئەندامە کوردانەی ماونەتەوە لە ئەنجوومەن، هاوپەیمانی یان ڕێککەوتنێک بکەن تا لە ئەنجوومەنەوە شەرعیەت بۆ پارێزگارێکی عەرەب وەرگرن، بۆیە عەرەب و بەغدا لەڕووی یاسایی و دەستوورییەوە دەستیان بەستراوە لەوەی بەشێوەی فەرمی عەرەبێک بکەنە پارێزگار. بەڵام لە ڕێگەی پارێزگارێکی بە وەکالەتەوە هەمان ئامانجیان پێکاوە.

چی وا دەکات لە دۆخێکی وەک ئێستای کەرکووکدا بڕیارێکی چارەنووسسازی وەک دانانی پارێزگار لە دەستی کورددا بێت، لە کاتێکدا کورد لەو شارە غەدر لێکراوە؟ لە ژیانی ڕۆژانەماندا زۆرجار ئەوە دەبیستین کە (کەس نازانی خێر بەچییەوەیە). ئەمەی کەرکووک بەو جۆرەیە، تەنیا شتێک کە دەرفەتی ئەوەی بۆ کورد هێشتبێتەوە بتوانێ ڕۆڵ بگێڕێتەوە لە کەرکووک، ئەنجوومەنی ماوەبەسەرچووی پارێزگای کەرکووکە. ئەو ئەنجوومەنەی 13 ساڵە عەرەب و تورکمان ڕێگە نادەن نوێ بکرێتەوە. ئەو سیاسەتەی عەرەب و تورکمان بۆ ئەمڕۆی کورد خێری پێوە بوو. چونکە ئەنجوومەن لەبەر هەلومەرجی ئەوکاتی کورد لە کەرکووک و بایکۆتی عەرەبی سوننە لەو شارە، پێکهاتەکەی بەو جۆرە کەوتەوە کە لیستی کوردستانی (برایەتی) 26 ئەندامی هەبێت لە بەرامبەر 9 ئەندامی تورکمان و 7 ئەندامی عەرەب. دانانی هەر پارێگارێک بۆ کەرکووک پێویستە بەو فیلتەرەدا بڕوات. ئەمەیە دەستی بەغدای بەستووە و ئەو شانسەی بۆ کورد هێشتووەتەوە کە سەرباری داگیرکردنی شارەکەی، بتوانێ ڕۆڵی تێدا وەربگرێتەوە.

بەڵام 13 مانگە جێگری پارێزگار بە وەکالەت کراوەتە پارێزگار و بە ئەندازەی 13 ساڵی ڕابردوو عەرەبی هێناوە بۆ کەرکووک، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژێرخانی ئیداریی کورد تێکدەشکێنێ، نفوس و کۆبوونی خۆراکی عەرەب دەگوازێتەوە، هەر عەرەبێک کە پێشتر سەدام هێنابووی و دوای کەوتنی بەعس بە دەستوور و لە چوارچێوەی ڕێکارەکانی مادەی 140 دا گەڕابووەوە زێدی پێشووی خۆی، دەیهێنێتەوە بۆ کەرکووک و زەویوزاری کورد و تورکمانی پێدەبەخشێتەوە. پارتی و یەکێتی دەتوانن ئەنجوومەنی پارێزگا بخەنەوە کار و لە کۆبوونەوەیەکی نیو سەعاتیدا لیستی برایەتی بەزۆرینە کەسێک بکاتە پارێزگار، بەڵام کە نایکەن، ناوی چی لێدەنرێت جگە لەوەی کە بگوترێت کورد خۆی دوژمنی خۆیەتی.

لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە جێگری پارێزگار بووە بە پەرلەمانتار و دوا وادە بۆ سوێندخواردنی 3ی کانوونی یەکەمە، بەپێی هەندێ زانیاری، عەرەبەکان پلانیان هەیە قایمقامی حەویجە لە شوێنی ڕاکان بۆ بەڕێوەبردنی پۆستی پارێزگار ڕابسپێرن. بەڵام کورد هیچ پلانێکی نییە، لێرەشدا چەند ڕێگەیەکی لەبەردەمە کە بتوانێ شوێنی پارێزگار پڕبکاتەوە. دەتوانرێت لە بەغداوە کوردێک بە (تەعین) دابمەزرێنرێ وەک جێگری پارێزگار و لە چوونی (ڕاکان) بۆ بەغدا، ئەم کوردە بە وەکالەت شوێنی دەگرێتەوە. ئەمەیان پێویستی بە هەوڵی سەرۆک کۆمارە. هەروەها لە حاڵەتی نەبوونی پارێزگار و جێگری پارێزگاردا، قایمقامی ناوەندی کەرکووک شوێنی پارێزگار دەگرێتەوە. ئەو پۆستەش پشکی کوردە، (کامل ساڵەیی) کە بەهۆی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە ساڵێک مۆڵەتی وەرگرتبوو، ئێستا مۆڵەتەکەی تەواو بووە و بە گەڕانەوەی بۆ سەر کارەکەی، پاش سێ هەفتەی تر دەبێتە پارێزگار، بەڵام پارتی ناهێڵێت ئەویش بگەڕێتەوە.

(ساڵەیی) لە دوو هەفتەی ڕابردوودا کە مۆڵەتەکەی تەواو دەبوو، هاتبووە کەرکووک تا مۆڵەتەکەی درێژ بکاتەوە، بەشێک لە پارتی کەوتبوونە فشار لەسەری بۆ گەڕانەوەی بۆ هەولێر و گومانیان لێدەکرد لەگەڵ یەکێتی هەماهەنگی کردبێت بۆ چوونەوەی بۆ کەرکووک. بەشێکی یەکێتیش کێچ کەوتبووە کەوڵیان و وایان دەزانی ئەوە تاکتیکی پارتییە ناردوویەتی تا پاش لاچوونی (ڕاکان جبووری) ئەو ببێ بە پارێزگار. هەستت دەکرد پێیان خۆشە (ڕاکان) لە پۆستەکەی بەردەوام بێت و درێژە بەسیاسەتی بەعەرەبکردن بدات، بەڵام قایمقامی ناوەند کە پارتییە، شوێنی نەگرێتەوە. بەهەمان ئاست لە لێدوان و ڕەفتاری بەشێک لە بەرپرسانی پارتیشدا ئەوە دەخوێنیتەوە کە حەز دەکەن عەرەبێکی شۆڤێنی پارێزگاری کەرکووک بێت، بەڵام یەکێتییەک شوێنی نەگرێتەوە. ئەم دوو حیزبە بەم جۆرە سیاسەت بکەن، لە عێراقی داهاتوودا پرۆژەی نەتەوەیی کورد چی بەسەر دێ؟



ئازاد وەڵەدبەگی

# لە دیوارەکانی عەقڵەوە بۆ دیوارەکانی سنوور

لە جیهانی ئەمڕۆدا، دیوارەکانی سەر سنوور یەک لە دوای یەک دەڕووخێن و هەڵدەگیرێن، بەڵام ئەوەی کە جێی سەرنجە، تورکیا بە پێچەوانەوەی ئەم ئاراستەیە هەنگاو دەنێت. لە مانگی ئابی 2017 وە، دروستکردنی دیواری لەسەر سنوورەکانی لەگەڵ ئێران، عێراق و سووریا ڕاگەیاند. ئەم هەنگاوەش بە پلەی یەکەم، باکووری کوردستان لە باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا جیا دەکاتەوە. دیوارەکە لە سنووری تورکیا- سووریا 911 کیلۆمەترە و لە نێوان ئێران- تورکیا 500 کیلۆمەترە. بڕیار وایە ئەم دیوارە لە هاوینی 2019 کۆتایی بێت. ئامانجی تورکیا لەم دیوارسازییە، وەک خۆیان باسی دەکەن، بەرەنگاربوونەوەی پەکەکە و کاری قاچاخە.

بیرۆکەی سنوورە سیاسییەکان بۆ سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ئەم سنوورانە، تەنیا کۆمەڵە هێڵێکن لەسەر نەخشە جوگرافییەکان. پاش ڕووخانی دیواری بەرلین لە ساڵی 1989، قۆناغی خۆحەشاردان لە پشت دیوارەکانەوە کۆتایی هات. هەرچەندە، لە هەندێ شوێنی دیکەی جیهانیش بینەری دروستکردنی دیوارین لەسەر سنوورەکان، وەک سنووری ئەمەریکا- مەکسیک، بەڵام بەو حاڵەش جیهانی ئەمڕۆ، جیهانی ڕووخاندنی دیوارەکانە، نەک بنیاتنانی. دروستکردنی دیوار لەسەر سنوورەکان بەر لە هەموو شتێک نیشانەی بوونی دیوارەکانی ناو زەین و عەقڵە. ئەگەر نەتوانین دیوارەکانی ناو زەین و عەقڵی خۆمان بڕووخێنین، ئەوا توانای پێکەوەژیان و دیالۆگ لەگەڵ ئەویتر لەدەست دەدەین و، لە ئەنجامدا بۆ خۆپاراستن پەنا بۆ بنیاتنانی دیوارەکانی سەر سنوور دەبەین. لە جیهانی ئەمڕۆدا، دروستکردنی دیوارەکانی سەر سنوور نەک هەر باوی نەماوە، بەڵکوو ئەو هەنگاوانە ئیتر بوونەتە بەشێک لە مێژوو، دەبێ هەر لە ناو مێژووشدا بمێننەوە.

تورکیا، لە پاش دەوڵەتی عوسمانی بۆ ماوەی دەیان ساڵ، دەوڵەتێکی گۆشەگیر و دابڕاو بوو لە جیهانی دەورووپشتی خۆی. لە یەکەم هەنگاودا، تۆرگۆت ئۆزال سەرۆکی پێشووی ئەو وڵاتە، هەوڵی دا ئەم بەستەڵەکە بتوێنێتەوە و پاشان ئەحمەد داودئۆغڵو سیاسەتی سفرکردنەوەی کێشەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ گرتەبەر. ئەم هەوڵانە، توانییان تا ڕادەیەک سیمایەکی نێ بە سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەوەیی ئەو وڵاتە ببەخشن، بەڵام ئەم قۆناغە زۆری نەخایاند و ئەردۆغان دیسان هەموو ڕیسەکانی کردەوە خوری و، تورکیای گەڕاندەوە بۆ ساڵانی گۆشەگیری و سیاسەتی خۆشاردنەوە لە پشت دیوارەکانەوە. ئەو دیوارانەی کە ئەمڕۆ لە سنوورەکانی تورکیا لەگەڵ ئێران، عێراق و سووریا بنیات دەنرێن، بەر لە هەموو شتێک نیشانەی بوونی دیوارەکانی ناو زەین و عەقڵی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەیە. ئەوان لەبری چارەسەرکردنی کێشەکان، هەوڵی سڕینەوە و ساناکردنی کێشەکان دەدەن و خۆیان لە چارەسەرکردنی دەدزنەوە. دەتوانین بڵێین، ئەمە تێڕوانینێکی ساویلکانەیە، ئەگەر دەسەڵاتدارانی تورکیا پێیانوابێت کێشەی کورد بە بنیاتنانی چەند سەد کیلۆمەتر دیوارێک لەو وڵاتەدا چارەسەر دەبێت یاخود کۆتایی دێت.

لەڕاستیدا، کێشەکە لەناو تانوپۆی هزری دەسەڵاتدارانی تورکیا و بنەما سیاسی، ئابووری و فەرهەنگییەکانی ئەو وڵاتەدایە. ئەو بیرۆکەیەی هەوڵ دەدات کێشەی کورد لە تورکیا وا پێناسە بکات کە کێشەیەکە لەودیو سنوورەکانەوە هەناردەی وڵاتی ئەوان دەکرێت، بیرۆکەیەکی تەواو ناڕاستە. کێشەکە لەناو چەقی تورکیا و لەناو ئیستەنبوڵ، ئەنکارا، ئامەد، مێردین و هتد دایە. لەڕاستیدا، بێتوانایی ئەوان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد یان نکۆڵیکردن لێی، بووەتە هۆی سەرڕێژکردنی ئەم کێشەیە بۆ وڵاتانی دراوسێ.

ئەو عەقڵانەی کە بەردەوام بیر لە دروستکردنی دیوار دەکەنەوە، بێگومان ناتوانن پردی پەیوەندی لە نێوان خۆیان و گەلانی دراوسێ و تەنانەت لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆشیاندا بنیات بنێن. جیهانی ئەمڕۆ، جیهانی بنیاتنانی پردە، نەک دیوار. لە کاتێکدا لە ئەورووپا سنوورەکان ئیدی واتای کۆن و کلاسیکیی خۆیان لەدەستداوە و تەنیا لەسەر نەخشە هەن، دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی تورکیا بە بنیاتنانی دیوار لەسەر سنوور، ئەم سنوورانە تۆختر دەکەنەوە.

پرسیاری سەرەکیی لێرەدا ئەوەیە، ئایا دیوارەکانی سەر سنوور، دەتوانێ فاکتەرێک بێ بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی تورکیا یان سڕینەوەی کێشەی کورد لەو وڵاتە؟ بێگومان وەڵام نەرێنییە، چونکە بۆ بەدیهێنانی ئاسایش و سەقامگیری، دەبێ سەرەتا دیوارەکانی ناو عەقڵ و زەین بڕووخێن و، پاشان دیوارە فیزیکییەکانی سەر سنووریش بێنە ڕووخاندن و، لە کۆتاییشدا لەبری دیوار، پردی پەیوەندی بنیات بنرێ و قۆناغی دیالۆگ دەستپێبکات. لە جیهانی دیجیتاڵ و تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوودا، دیوارەکان بە ڕووخاوی لە دایک دەبن. ئایندەیەکی گەش و سەقامگیر، لە بنیاتنانی پردەوە دەستپێدەکات، نەک دیوار.



ڕەفعەت سەلیمی

# ئەمریکا باڵیۆزی شەڕفرۆش دەنێرێتە عێراق؟

دۆناڵد ترەمپ بەتەمایە دۆگلاس سلێمان بنێرێتەوە ماڵەوە و باڵیۆزێکی نوێ ڕەوانەی بەغدا بکات. لە گەرمەی دەستپێکردنەوەی گەمارۆکانی ئەمریکا بۆسەر ئێران، ئیدارەی ترەمپ بڕیاری گۆڕینی باڵیۆزەکەی لە عێراق داوە. بڕیار وایە ماتیۆ تۆلێر، باڵیۆزی ئێستای ئەمریکا لە یەمەن وەک باڵیۆزی نوێی ئەمریکا لە عێراق دەستبەکاربێت. تولێر پێشینەی کارکردن لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە وڵاتانی میسر، عێراق، کوەیت و سعودیەی هەیە و لە ساڵەکانی 2011 بۆ 2014 باڵیۆزی ئەمریکا لە کوەیت و لە ساڵی 2014ـەوە تا ئێستاش ئەو پۆستەی لە یەمەن هەیە. کەواتە مانای ئەم گۆڕانکارییە لەم کاتەدا چی دەبێت و هۆکارەکانی کامانەن؟

زۆر کەم ڕوودەدات کە بە گۆڕینی سەرۆک کۆمار، ستراتیژی ئەمریکا لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا گۆڕانکاریی ئەوتۆی بەسەردابێت، ئەمەش تا بەر لە هاتنەسەرکاری ترەمپ ئەگەر بێوێنە نەبووبێت، شتێکی کەموێنەیە. بەڵام سەردەمی ترەمپ سەردەمی پێداچوونەوە بە هەموو شتێکە و ترەمپ هەموو شتێک نەک هەر دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکوو لەپێناوی سیاسەتی (لەپێشدا ئەمریکا- America First ) ڕایدەماڵێت. هەربۆیە بەدڵنیاییەوە سەردەمی ترەمپ دەبێتە دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی ئەمریکادا و مێژووی ئەو وڵاتە بەسەر دوو قۆناغی پێش ترەمپ و پاش ترەمپ ـ دا دابەش دەبێت. جا لەم نێوەندەدا بەبڕوای من چوونە دەرەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی پێنج کۆ یەک و دەستپێکردنەوەی قۆناغێکی نوێی گەمارۆکانی ئەو وڵاتە بۆ سەر ئێران خاڵێکی وەرچەرخانی دیکەیە، ئەمەش لەگەڵ ئیدارەی نوێی عێراق بە سەرۆک کۆمار و پەرلەمان و کابینە نوێیەکەشەوە گرنگترین هۆکاری گۆڕینی باڵیۆزی ئەمریکان لەعێراق.

ئاشکرایە کە ئەرکی ئەمریکا لە عێراق، ئەوەی کە پەیوەندی بە گەلانی عێراقەوە هەبێت کۆتایی هاتووە، بەڵام تا ئاکار و هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەگوێرەی ویستی ئەمریکا نەگۆڕێت، ناتوانین بڵێین کە ئەرکی ئەمریکا لەعێراق بەتەواوی کۆتایی هاتووە. تا ئەوکاتەش کە هەرگیز ماوەیەکی کورت نابێت، عێراق وەک وڵاتێکی گرنگ لە ستراتیژی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەمێنێتەوە. ئەمریکا جگە لە بەئامانجکردنی ئابووریی ئێران ئامانجێکی گەورەی دیکەشی هەیە کە بریتییە لە ڕێگرتن لە کاریگەری و ڕۆڵ و نفوزی ئێران لە وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەت عێراق و سووریا. سەبارەت بە سووریا تاکوو ئێستا ئەمریکا توانیویەتی بەسەرکەوتوویی ڕۆڵی ئێران لەو وڵاتەدا کاڵ بکاتەوە، بەڵام سەبارەت بە عێراق ڕەوشەکە جیاوازە. ڕاستە لە 2003 بەدواوە ئەمریکا هێزی زەمینیی هێناوەتە بێخی گوێی ئێرانەوە، بەڵام بەهۆی هێزی وەک حەشدی شەعبی و کەسانی وەک ئەبومەهدی موهەندس و هادی عامری و کەریم نووری و ... هتد، پێچەوانەکەشی ڕوویداوە، واتە ئێرانیش هێزی زەمینیی هێناوەتە بێخی گوێی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق. گوێڕایەڵیی سەرکردەکانی حەشدی شەعبی بۆ ئێران و هەروەها هەڵبژاردنی ئیدارەی نوێی عێراق زەنگێکی مەترسیی بەگوێی ئەمریکادا دا. چونکە هەرسێ سەرۆکایەتییە نوێیەکەی عێراق زیاتر لەوەی کە دڵخوازی ئەمریکا بووبن، جێگای پەسەندی ئێران بوون. بۆ نموونە ئەمریکا زۆر هەوڵی دەدا سەرەتا عەبادی وەک پاڵەوانی شکستی داعش پێناسە بکات و دواتر زەمینە بۆ دووبارە دانانەوەی بە سەرۆکوەزیران بڕەخسێنێ. بەڵام فەتوای مەرجەعی باڵای ئایینی لە عێراق کە داوای کرد هیچکام لەو کەسانەی پێشتر سەرۆکوەزیران بوونە، نابێت دیسانەوە ببنەوە سەرۆکوەزیر، ئەم هەوڵەی ئەمریکای پووچەڵ کردەوە. ئەم فەتوایە بۆ ئەمریکا خەنجەرێکی دوودەم بوو، هەم ڕێگری کرد لە گەڕانەوەی نووری مالیکی کە جێگای قبووڵی ئەمریکا نەبوو، هەمیش ڕێگر بوو لە دانانەوەی حەیدەر عەبادی کە کاندیدی دڵخوازی ئەمریکا بوو بە سەرۆکوەزیرانی عێراق. بەڵام فەتواکە دواجار بەقازانجی ئێران شکایەوە کە خوازیاری هاتنەسەرکاری کەسێکی تر جگە لە عەبادی بوو.

سەبارەت بە سەرۆکی کۆماریش، ڕەوشەکە هەر هاوشێوەی هەڵبژاردنی سەرۆکوەزیران بوو. دکتۆر بەرهەم و حیزبەکەی زیاتر لە دکتۆر فوئاد حوسەین و حیزبەکەی دڵخواز و جێگای پەسەندی ئێران بوون. سەبارەت بە سەرۆکی پەرلەمانیش بەهەمانشێوە. کەواتە ئیدارەی نوێی عێراق خەونی ئەمریکای کرد بە مۆتەکە و لەگەڵ پرسی گەمارۆکانی ئێران وایان لە ئەمریکا کرد کە درک بە کەموکووڕی و ناکارامەیی نوێنەرایەتیی وڵاتەکەی لە عێراق بکات و هۆڕ و هەوانەی باڵیۆزخانەکەی لەعێراق هەڵتەکێنێ. بۆ دەستنیشانکردنی باڵیۆزی ئەمریکا لە وڵاتان، سەرۆکی ئەو وڵاتە تەنیا پێویستی بە ڕەزامەندیی سێنات هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە لەم هەڵبژاردنەی ئەخیردا کۆمارییەکان توانییان زۆرینەی سێنات نەک هەر لای خۆیان بهێڵنەوە بەڵکوو تۆکمەترتیشی بکەن، ترەمپ لە دەستنیشانکردنی ماتیۆ تۆلێر-دا وەک باڵیۆزی وڵاتەکەی لە عێراق، دەستکراوەتر دەبێت، چونکە دیموکراتەکان ناتوانن لەمپەری بۆ دروووست بکەن. وەک باسکرا ماتیۆ تۆلێر ئەزموونێکی درێژی کارکردنی لە وڵاتە عەرەبییەکاندا هەیە و شیاوترین کەسێکە کە ئەمریکای ترەمپ شکی دەبات بۆ ئەوەی بە لەبەرچاوگرتنی نزیکیی کولتووری و تێکەڵاویی ئاینی لە ئێران و عێراق، گەمارۆ و گوشارەکانی وڵاتەکەی بۆ سەر ئێران، عێراق لەمە زیاتر هەڵنەداتە باوەشی ئێرانەوە. ئەو ڕاوێژکار و هەروەها شرۆڤەکارێکی سەرکەوتووی وڵاتانی عەرەبییە بۆ بەرپرسانی ئەمریکا و جگە لەوەش شارەزاییەکی باشی سەبارەت بە ئێران هەیە. ئەو بەردەوام بە کەسێکی دژی ئێران و هەژموونی ڕوو لە پەرەسەندنی ئێران لە وڵاتانی ناوچەکەدا ناسراوە، بۆیە لە 2014ـەوە بەمەبەستی ڕێگری لە دەستوەردانی ئێران لە یەمەن و یارمەتیدانی حوسییەکان، کرا بە باڵیۆزی وڵاتەکەی لە یەمەن. ئێستە کە ئاماژەکان بە ئاراستەی کۆتاییهاتن بە قەیرانی یەمەن دەڕۆن، ترەمپ سەنگەرێکی نوێی بۆ کارکردنی تۆلێر دۆزیوەتەوە کە بریتییە لە باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە عێراق.

زۆر کەس تۆلێر بە باڵیۆزی جەنگ ناودەبەن، بەڵام ئەگەر واش نەبێت، لانیکەم دەستنیشانکردنی ماتیۆ تۆلێر وەک باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئیدارەی ترەمپ بەوپەڕی جدیەت و پێداگرییەوە لە گوشارەکانی بۆ سەر ئێران و ڕێگرتن لە دەسەڵات و نفوزی ئێران لە عێراق بەردەوام دەبێت و لە ئەگەری سەرکەوتنیدا، لاپەڕەیەکی نوێ لە ڕۆڵ و دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراق هەڵدەدرێتەوە. هەرچەند کارێکی ئاسان نابێت، بەڵام ئەمریکا تۆلێر دەنێرێتە عێراق بۆئەوەی بە ئێران بڵێت بێزەحمەت گلێری کەرەوە، ئەو قەبرەی تۆ شین و شەپۆڕی لەسەر دەکەیت مردووی تێدا نییە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# نێچیرڤان بارزانی بردییەوە

## 1

چەند رۆژێک دوای 16ی ئۆکتۆبەری پارساڵ، لە کاتێکدا بە چاوساغیی گرووپێکی ناو یەکێتی گرەو لەسەر نەمانی کیانی کوردستان دەکرا، لە هەموو لایەکەوە پەلامار دەدرا و دەستیان لە بینەقاقای پارتی نابوو، نێچیرڤان بارزانی گرێبەستێکی مێژوویی و ستراتیژی لەگەڵ کۆمپانیای رۆسنەفتی رووسی ئیمزا کرد. لەولاشەوە پێشمەرگەی پارتی لە دوو بەرەی جەنگی نابەرابەردا میلیشیای حەشدیان تێکشکاند و خەونی دەستبەسەرداگرتنی دەروازە سنوورییەکان و بۆریی نەوتی کوردستانیان لێ کردن بە کابووس. خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر ئەگەر بەسەرێک تەسفیەی حیساباتی ناوخۆی یەکێتی لەلایەک و دەپەڕاندنی پارتی بووبێت لە کەرکووک، ئەوا بەسەرەکەی دیکەیدا بەدەستهێنانی نەوت و داهات بوو کە بتوانن هەم قەڵەمڕەوێکی حوکم بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن و، هەمیش کۆتایی بە قەوارەی دەستووریی کوردستان بێنن. نامەکەی هێرۆ براهیم ئەحمەد کە بۆ سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی بەغدای نارد و داوای دەسبەسەرداگرتنی نەوتی کەرکووکی دەکرد و دواتریش دەستبەسەرداگرتنی بیرە نەوتەکانی کۆمپانیای نەوتی باکوور لەلایەن مەڵبەندی یەکێتی لە کەرکووک، هەمووی بە ئاراستەی ئەوە بوون کە بەغدا حوکمی کەرکووک و نەوتەکەی بکات.

گرێبەستی نەوتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیای رۆسنەفت، پێش 16ی ئۆکتۆبەر ئیمزا کرابوو، بەڵام رانەگەیەنرابوو. ئەوەش نیشانەی دووربینی و خوێندنەوەی واقیعیانەی نێچیرڤان بارزانی بۆ داهاتووی ناوچەکەیە. ئەو دەیزانی چۆن تورکیا و ئێران و تەنانەت ئەمریکاش وا لێبکات خۆیان لە پێکدادان لەگەڵ رووسیا بەدوور بگرن، بۆیە بەشێکی خاوەنداریی بۆریی نەوتی کوردستان و پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی دا بە رۆسنەفت.

ئەمڕۆ دوای پتر لە ساڵێک، دوای هەموو پیلانگێڕی و خەیاڵپڵاوییەکان، نەوتی کەرکووک تەنها یەک رێگەی هەیە بۆ فرۆشتن، ئەویش بۆریی نەوتی کوردستانە. لەوەیاندا نێچیرڤان بارزانی نەک هەر حکومەتی بەغدا، بگرە کۆمپانیای بریتش پێترۆلیۆمی بەریتانیشی بە چۆکدا هێنا. لێرە بەدواوە هەم داهاتێکی دیاریکراو دەچێتە خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، هەمیش تا رادەیەکی زۆر دزی و فزیی جەماعەتی 16ی ئۆکتۆبەر لە نەوتی کەرکووک ئەگەر کۆتاییش نەیەت، کەم دەبێتەوە و لە رێگەی پێترۆدۆلارەوە خێر و بێرەکەی بۆ خەڵکی کەرکووکیش دەگەڕێتەوە.

نێچیرڤان بارزانی نەک هەر کوردستانی خستە سەر نەخشەی وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و کردی بە بەشێک لە ستراتیژییەتی ئەمریکا (بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نەوتی ئێران) لە ناوچەکەدا، بگرە کوردستان لێرە بەدواوە بوو بە ناوچەی ترانزێتی نەوتیش.

## هەڵۆکان دەبن بە شەریک؟

## 2

پێکهاتەی شاندی پارتی و یەکێتی بۆ گفتوگۆ، یان بە قەولی خۆیان تاقیکردنەوەی دەمی یەکتری، لە یەکەم دانیشتندا، جێگای سەرنج بوو. دوای نزیکەی دوو مانگ لە دڕدۆنگیی نێوانیان، سەعدی ئەحمەد پیرەی لێدەرچێت، ئەوانی دیکە هەموو نوێنەرایەتیی هەڵۆکانی ناو حزبەکانی خۆیان دەکرد. بە واتایەکی دیکە ئەم شاندانە هی دانیشتنی دوای شەڕ بوون نەک هی دوای هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەتی هاوبەش! خوێندنەوەی سەرەتایی بۆ ئەو دانیشتنە داواکردنی ئەوپەڕی ئەو شتانەیە لەیەکتری کە بە مێشکیاندا بێت. پارتی وەکو براوە بۆ دەربڕینی هەرچی لەناخیدایە لە مەسەلەی سەرۆککۆماریدا و خستنەرووی هەرچییەک کە لە سۆنگەی بوونی بە حیزبی یەکەم بەخۆی رەوا دەبینێ. یەکێتیش وەکو حیزبێک کە قۆڵی پارتی بڕیوە، دەشزانێ بەبێ ئەو حکومەت پێکنایەت و پێداگرە لەسەر شەراکەت! ئەڵبەتە سایکۆلۆژی سیاسیی ناو حیزبەکان، بەتایبەتیش یەکێتی کە دیسان بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوونەتەوە، بە ئاشکرا بە پێکهاتەی تیمەکەی یەکێتییەوە دیار بوو، بەشدارینەکردنی قوباد تاڵەبانی وەکو سەرۆکی لیستی یەکێتی (کە تا ئێستاش سوێندی یاسایی نەخواردووە) لە دانیشتنەکاندا دیسان جێگەی پرسیار بوو، لە کاتێکدا سەرۆکی لیستی پارتی ئامادە بوو. دیارە لێرەشدا لاهوری جەنگی نەک وەک نوێنەری بنەماڵە، بگرە وەک پارسەنگێک بەرامبەر بنەماڵە دانرابوو.

بنەمای شەراکەت لە نێوان پارتی و یەکێتیدا تێکچووە و هۆکارە سەرەکیەکەشی ئەوەیە کە باڵە جیاجیاکانی ناو یەکێتی هەریەکەیان دەیانەوێ لە رێگەی شەراکەت لەگەڵ پارتی دەست بەسەر یەکێتیدا بگرن. بۆیە تا یەکێتی نەبێتەوە بە حیزبێکی یەکدەست، مەحاڵە باسی شەراکەت بکرێت. هەر لایەکیشیان لەگەڵ پارتیدا ببن بە شەریک، خێرا باڵەکانی دیکە تێکیدەدەن. نموونەی ئەوەش ریفراندۆم ، 16ی ئۆکتۆبەر و دووی ئۆکتۆبەرن. لێرەوەیە کە پارتی لە دانیشتنەکانی داهاتووی خۆیدا دەبێ رەچاوی بەرژەوەندیی هەر یەک لە باڵەکان بکات، چونکە مەبەستی یەکێتی لە شەراکەت ئەوەیە کە هەموو باڵەکانی یەکێتی لە یەک ئاستدا لەگەڵ پارتیدا ببنە شەریک!

## گۆڕانی حکومەت و گۆڕانی ئۆپۆزیسیۆن

## 3

پێکهاتەی خانەی راپەڕاندنی گۆڕان و ئەوانەی تەحەکومی پێ دەکەن، پێکهاتەیەکە لە ماوەی رابردوودا نیشانی دا کە مەیلی بەلای بەشداریکردن لە حکومەتدا هەیە. ئەوەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەدەر لە تێگەیشتنیان لە خێر و بێری حوکمڕانی، زۆربەیان سیاسیی شارەزان و دەزانن ئۆپۆزیسیۆنبوون لە کوردستان تا کوێ بڕ دەکات. هەروەک چۆن نەوشیروان مستەفاش گەیشتە هەمان ئەنجام. پێکهاتەی قاعیدەی گۆڕانیش ئەوانەن کە گەنج و ئایدیالستن و، هەموو جۆرێکی حکومەت رەتدەکەنەوە، بۆیە گۆڕان لە رابردوودا ویستی لەسەر هەموو ئاستەکان ئەم دوو پێکهاتەیە لێکبدات، تا هەم تەجروبەی سیاسیی هەبێ و هەم دەنگەکانیشی نەفەوتێن.

گۆڕان لە چوار ساڵی رابردوودا لە نێوان ئەو دوو مەسەلەیەدا گیری خوارد، ئێستا دەرفەتێک هاتووەتە پێشەوە کە گۆڕان بتوانێ لە نێوان ئەو دووەدا خۆی ساغ بکاتەوە. ئەگەر بەرەو حکومەت دەڕوات خەڵکە بە ئەزموونەکەی خۆی کە پارتی و یەکێتی حیسابیان بۆ دەکەن، بخاتە حکومەتەوە و، ئەگەریش بەرەو ئۆپۆزیسیۆنبوون دەڕوات، رێشمەی ئەو جوڵانەوەیە بداتە دەست کەسانێک کە توانای مواجەهەیان لەگەڵ هاوکوفەکانی خۆیان لە ئۆپۆزیسیۆن هەبێت.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# حکومەتی بێ پەلە

هەرچەندە وا دەردەکەوێت جموجۆڵێکی گەرم بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی کوردستان هەبێ، بەڵام پێناچێ هێشتا پارتی پەلەی بێت. هەر بە ناوەکانی ئەو شاندەی ناردیە سلێمانی و گفتوگۆی پێکهێنانی حکومەتی پێکردن، دەردەکەوێ جارێ پارتی لەنێوخۆیدا بەتەواوەتی یەکلایی نەبووەتەوە و دیارنییە پەیکەربەندیی حوکمڕانیی کوردستان بۆ چوار ساڵی داهاتوو چۆن دەبێت. بەتایبەتیش کە پارتی لەم خولەی پەرلەماندا کاندیدی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێ و دەیەوێ دەستووری کوردستانیش یەکلایی ببێتەوە، وادیارە لە دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەتدا ئەوانیش بەشێک دەبن لە پاکێجەکە و پێویست دەبێت پۆستی سەرۆکی هەرێم، کە وەک یەکێتی دەیانگوت بەرامبەر پۆستی سەرۆککۆمارە، لەلایەن پارتییەوە بە شەرت و مەرجی نوێوە پڕبکرێتەوە.

ئەو شاندەی پارتی کە چووە سلێمانی، لە پێکهاتەکەیەوە دیاربوو کە بۆ زانینی تامی زاری لایەنەکانی دیکە دەچێ، نەک بۆ پێکهاتن و بڕیاردان. ئەمەش قسەیەکی خۆشی بەرپرسێکی یەکێتیی بیرهێنامەوە کە لە دانیشتنێکدا گوتی: "پارتی کە بۆ دانوستاندن دێنە لات، سەرەتا خۆشیان یەکلایی نەبوونەتەوە کە چی بۆ ئەوان باشە، بەڵام هێندە لەگەڵت کۆدەبنەوە و دەتهێنن و دەتبەن و روئیات پێ ئاشکرا دەکەن، کە لە کۆتاییدا شتێکی زۆر باشتر لە تۆیان گەڵاڵە کردووە و لەسەر ئەوە دەبێ دانوستاندنیان لەگەڵ بکەی". پێدەچێ ئەم قسەیە بۆ ئەمجارەش راست بێت. چونکە یەکێتی بەپێچەوانەی پارتییەوە بەئاشکرا دایناوە چی دەوێت، بەڵام بۆ وەدەستهێنانی ئەوەی دەیەوێت تەنیا کێشەی لەگەڵ پشوودرێژیی دانوستاندنکارانی پارتیدا نییە، بەڵکو کێشەی لەگەڵ بەشداریی بزووتنەوەی گۆڕانیش هەیە کە بێگومان وادەکات پۆستەکانی یەکێتی کەمببنەوە و پارتیش لە دانوستاندندا بەرامبەری بێمنەتتر بێت.

بێشانسیی یەکێتی لەوەشدایە کە سەرکردایەتیی گۆڕان بە بەرنامە و پرۆژەی نووسراو خۆی ئامادەکردووە بۆ بەشداری لە حکومەتدا و ئەوانیش یەکێک لە داواکارییە سەرەکییەکانیان لەسەر حیسابی داواکارییەکی یەکێتییە، کە بریتییە لە وەرگرتنی یەکێک لە پۆستەکانی جێگری سەرۆکوەزیران یان سەرۆکی پەرلەمان. جا یەکێتی لە پرۆژەکەی خۆیدا ئەو دوو پۆستەی بۆخۆی داناوە و دەشزانێ بەو نەخشە نوێیەی لە پەرلەماندا هەیە، هیچیەک لەو پۆستانە بەبێ ئەویدیکەیان سەنگێکی وا گەورەی نابێ.

سەرکردایەتیی گۆڕان بۆ بەشداری لە حکومەتدا هەر کێشەیان لەگەڵ یەکێتی نییە، بەڵکو کێشەی گەورەیان لەگەڵ جەماوەرەکەشیان هەیە، کە دژی رێککەوتنی بزووتنەوەکەیانن لەگەڵ پارتی. ئێستا هەوڵەکانی پشتیوانانی بەشداری لە حکومەت بەو ئاراستەیەیە کە ئەندامانی جڤاتی نیشتمانی رازی بکەن بەو بەشدارییە. بۆیەش لەو پرۆژەیەدا کە گۆڕان بۆ بەشداری دایناوە پێداگیری لەسەر ئەوە کراوە کە جگە لە یەکێک لەو پۆستە سەرەکییانە، گۆڕان داوای ژمارەیەکی زۆر پۆستی دیکەش دەکات کە لەئاستی بەڕێوەبەری گشتی و خوارتردان و دەشیەوێ پڕکردنەوەی ئەو پۆستانە وەک رێککەوتنی جاری رابردوویان لەگەڵ پارتی دوانەخرێ بۆ دواتر و هەموویان بەجارێک پڕبکرێنەوە. هەڵبەت ئەمە روئیا و بەرنامەی سەرکردایەتیی گۆڕانە و دیارنییە پارتی بە چەندی رازی دەبێت، بەڵام ئەگەر پارتی بەڕاستی مەبەستی بێت گۆڕان بەشداری بکات، دەبێ هاوکاریی سەرکردایەتیی بزووتنەوەکە بکات بۆئەوەی لەڕووی دەروونییەوە بتوانن وابکەن جەماوەرەکەیان رێککەوتن لەگەڵ پارتی هەزم بکات. بۆنموونە ئەگەر راست بێت و واکرابێت، رێگەگرتن لە دانانی وێنەی دوایین سەرۆکی پەرلەمان لە ریزی سەرۆک پەرلەمانەکانی پێشووتردا لە باڵەخانەی پەرلەمان، یەکێکە لەو کارە رووکەشیانەی بەهۆیەوە پارتی ئیشی سەرکردایەتیی گۆڕان قورستر دەکات.

لەو نێوانەدا هەڵوێستی کۆمەڵی ئیسلامیش باڵکێشە. چونکە وەک دەردەکەوێ نە خۆیان مەیلی ئەوەیان هەیە ببنە ئۆپۆزیسیۆن و نە پارتی و یەکێتیش مەیلی ئەوەیان هەیە وابکەن کۆمەڵ نەبێتە ئۆپۆزیسیۆن. بۆیە، وەک هاوڕێیەکی ئاگادار بۆی باسکردم، ئێستا کۆمەڵ دیواری هیوای لەسەر بەڵێنێکی زارەکیی سەرکردەکانی گۆڕان هەڵچنیوە کە پێیانگوتوون بەبێ کۆمەڵ بەشداری لە حکومەتدا ناکەن. ئەمەش، لەگەڵ رێزم بۆ کۆمەڵ و گۆڕان، لە کوردەواریدا دەربڕینێکی خۆشی لەسەر هەیە کە دەڵێت: رێوی خۆی بە کوندا نەدەچوو، پووش و پەڵاشیشی لە کلکی دەبەست.



رابەر تەڵعەت

# شکستی هاووڵاتی

هیچ نەتەوە و گرووپ و کەسایەتییەک خاوەن و دامەزرێنەری شارستانیەت نییە، بەڵکو ئەوەی تا ئەمڕۆ پێی گەیشتووین بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشان و داهێنانی ملیۆنان خەڵکی ئازادە. ئازادیش چ وەک چەمک و چ وەک بەها لەنێوان هەموو شارستانیەتەکاندا وەک کاڵایەکی هاوبەش لەنێوان مرۆڤایەتیدا چاوی لێکراوە، مرۆڤە ئازادەکان بەهرە و هێز و توانایی لە ئازادیی یەکتر وەردەگرن.

کۆمەڵگای ئازاد ناوەندێکە بۆ کەڵەکەبوونی مەعریفە و زانین، بۆ پێشخستنی بونیادی زانست، چونکە تاکەکانی ترسیان لە بیرکردنەوە و دەربڕین نییە. یەکەم پۆلێنبەندیش بۆ جۆری کۆمەڵگاکان لە نموونەی؛ کۆمەڵگای ئازاد، دیکتاتۆر، تۆتالیتار، تیۆکراسی و ئاینی یان ئۆتۆکراسی، دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ یان دیموکراسی، لەسەر بنەمای مەودا و سنووری ئازادیی تاکەکانی دامەزراوە. کۆمەڵگا و تاکی ئازاد زۆرترین پشکی لە گەشەپێدان و پێشخستنی شارستانیەت و ژیانی مرۆڤایەتیدا هەیە و کۆمەڵگای داخراو و سەرکوتکراویش بۆخۆی بە دواکەوتوویی دەمێنێتەوە و گەورەترین دواکەوتووییش بۆ جیهان بەرهەم دەهێنێ.

ئازادی بۆ گرنگە؟ لە ئازادیدا دەتوانین چی بەدەست بهێنین؟ ئەو پرسیارانەن کە تەوەر و ناوەڕۆکی بیرکردنەوەی فەلسەفی و سیاسیی کۆن و ئێستایان داگیر کردووە و روویان لە قوڵایی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی مرۆڤە لە خۆی، جا چ وەک تاک یان وەک گرووپ، بۆیە لە چەندبارەبوونەوەیاندا، گفتوگۆی زیاتر و زیاتر دروست دەکەن.

لەنێوان دەوڵەت و ئازادیدا پەیوەندییەکی مێژوویی پڕ لە کێشە هەیە. دەوڵەت لە تێگەیشتنە هۆبزییەکەیدا؛ ئەرکی کۆتاییهێنانە بە پشێوی و ئاژاوە و شەڕی هەمووان لە دژی هەمووان و چەسپاندنی رۆڵی یاسا. لە غیابی دەوڵەتدا تاکەکان تا ئەندازەی لەناوبردنی یەکتری سوود لە ئازادییەکانی خۆیان وەردەگرن، بەڵام لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دەوڵەتدا ئازادی دەلکێنرێت بە بەرپرسیارێتییەوە.

لێرە بەدواوە؛ پەیوەندی و ململانێ لەنێوان دەسەڵات و ئازادی، هاووڵاتیبوون و دەوڵەت، دەچێتە قۆناغێکی پڕ لە ململانێ و پێکدادان و ئاڵۆزییەوە، ساڵانێکی درێژ دەوڵەت وەک سەرچاوەی دەسەڵات لەژێر ناوی چەسپاندنی یاسا و ئاسایشەوە، رێگە لە دروستبوونی هاووڵاتی دەگرێت و ئازادییەکانیان پێشێل دەکات. ناکۆکی نێوان دەسەڵات و ئازادی لە فەرهەنگ و مێژووی سیاسی و هزری گەلاندا دەبێتە مایەی لێکدابڕانی ئەو دوو چەمکە و یەکەمیان دەبێتە سیمبولی سەرکوتکاری و ئەوی دووەمیشیان دەبێتە ناونیشانی خەبات و بەرەنگاری.

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نموونەیەکی بەرجەستەی دواکەوتنی لەدایکبوونی هاووڵاتیی ئازاد و دەوڵەتە. رۆژئاوا دوای نزیکەی دوو سەدە لە گرژی و ژانی لەدایکبوونی دەوڵەت و دەسەڵاتێکی بەرپرسیار، دواجار توانی لە پرۆسەی بونیادنانی هاووڵاتیدا سەرکەوتوو بێت، دەسەڵاتێکی سنووردارکراو بە یاسا و دەستوور، لەدایکبوونی پەرلەمان و سەرکەوتنی سیستەمی نوێنەرایەتی، یەکسان بوو بە سەرکەوتنی هاووڵاتی. لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عەرەبیدا، هەموو ئەو فاکت و مەرج و پێداویستیانەی کە دەبوو ببنە مایەی سەرکەوتنی هاووڵاتی، بوون بە سەرچاوەی شکستی دەوڵەت بە پلەی یەکەم و پاشان شکستی هاووڵاتی.

لەگەڵ شکستی دەوڵەتی مۆدێرن لە ناوچەی ئێمەدا، دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی یەکەم گورزی لە هاووڵاتی وەشاند و دەوڵەت بوو بە خاوەنی هەموو شتێک بە مرۆڤیشەوە، هێزی دەوڵەت کۆمەڵگای هەڵلووشی و سەروەریی نوخبەی فەرمانڕەوای زاڵ کرد بەسەر هەموو سەروەرییەکانی تردا. لە دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسیشدا، ئەو دەسەڵاتە پێش مۆدێرن و تەقلیدیانەی پێشوو کە توانییان بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی سەرکوتکاری نوخبەی سەربازی و بنەماڵەییدا رێکبخەن سەریان هەڵدا؛ لەوانەش دەسەڵاتی خێڵ و بنەماڵە و ناوەندە ئاینییەکان و بیروباوەڕە پیرۆزەکان. هەموویان دەست لەناو دەست بە ئاراستەی سەرکوتکردنی ئازادی و شکستی هاووڵاتی کاریان کرد.

شکستی هاووڵاتی لە حاڵی ئێستای ئێمەدا وڵامگۆی بەشێک لەو پرسیارانەیە کە رۆژانە بە زەینی ئێمەدا گوزەر دەکەن؛ بۆچی یاساکان ناتوانن رۆڵی خۆیان بگێڕن لە گێڕانەوەی ماف بۆ مافخوراو؟ بۆچی تاکەکان لە ئاست پرسە گشتییەکاندا کەمترین هەستی بەرپرسیارێتیان هەیە؟ گرفتی ئینتیما و نەبوونی هاووڵاتی سەروەر و بەرپرس، ئەنجامی شکستی پرۆسەی دروستکردنی هاووڵاتییە لە سەد ساڵی رابردوودا، پرۆسەیەک هێشتا بەردەوامە و هەلومەرجی سەرکەوتنی هاووڵاتی هێشتا دوورە.



عەبدوڵڵا رێشاوی
abdulla.reshawi@gmail.com

# چاکسازی کەوتەوە لای دەسەڵات؟

دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان بە زۆر قۆناغدا تێپەڕیوە، قۆناغی شەڕی ناوخۆ و قۆناغی رێککەوتنی ستراتیجی و دواجاریش قۆناغی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن و کەوتنە بەردەم ناڕەزایەتی جەماوەری.

قۆناغی ئەمجارەش کە خولی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، دەتوانین بە قۆناغێکی نوێ لە تەمەنی حوکمڕانیی کوردستاندا هەژماری بکەین.

ئەم قۆناغە، قۆناغی بەهێزبوونەوەی دەسەڵات و کەوتنە بەسەر پرسی چاکسازیدا وەک پرسێکی دیفاکتۆ و تاکە بژارەی بەردەم دەسەڵات.

هەر کابینەیەک کە لەم خولەدا دروستبکرێت، ناچارە بەڕاستی دەست بداتە چاکسازی، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم قۆناغە، قۆناغی چاکسازی و تەحەددای بنیاتنانەوەیە بە ئیمتیاز.

لە هیچکام لەو قۆناغانەی پێشوودا وەک قۆناغی ئەمجارە کە قۆناغی بەهێزبوونەوەی دەسەڵات و پاشەکشەی ئۆپۆزسیۆنە، پرسی چاکسازی پرسێکی زیندووی بێ ئەملاوئەولا نەبووە، هەر کابینەیەکی حکومەت، دەبێت ئەو راستییە باش بزانێت.

لە قۆناغی پێشوودا بەهۆی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن و رووداوەکانی ناوچەکە و حەڤدەی شوبات و ئەو هەموو ناڕەزایەتیەی لە شەقامی کوردیدا دروستبوو، ئیدی پرسی چاکسازی و بنیاتنانی دامودەزگایەکی رێکوپێک و خزمەتگوزار و تەنانەت دەستوورێکی پتەوی گونجاو بۆ کۆمەڵگای کوردی و یەکلاکردنەوەی رژێمی حوکمڕانی، هەموو ئەم پرسانە بوونە میراتێکی روون و رەوان و دانپێدانراو لەبەردەم حکومەت و کابینەی نوێدا.

بۆ بیرخستنەوە، کەس پێیوانەبێت کە پرسی چاکسازی پرسێکی کۆنە لە هەرێمی کوردستان، دەتوانم بە دڵنیاییەوە ئەوە بڵێم کە پرسی چاکسازی و بوونی بە بەشێک لە گوتاری دەسەڵات پەیوەستە بە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان و هەڵکشانی ناڕەزایەتییەکان.

ئێمە بۆ تێگەیشتن لە قۆناغە سیاسییەکان پێویستمان بە یادەوەریی سیاسییە، زۆربەمان لەبیرمان دێت کە لە قۆناغێکدا دەسەڵاتی کوردستانی پێیوابوو شێوەی بەڕێوەبردنی ئەو بۆ کوردستان نموونەیە لە ناوچەکەدا و دەبێت وڵاتانی ناوچەکە چاو لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان بکەن.

ئەم ئیدیعایە تەنها نەشوەیەکی کۆمەڵێک سەرکردە بوو کە دەیانویست بە پشتیوانیی ئەمریکا نموونەیەکی حوکمڕانی پێشکەش بکەن، ئەم نەشوەیە، ئەم خەونە بۆ ئەوەی ببێت بە واقیع کە ئەستەم نییە پێویستی بە تەیکردنی کۆمەڵێک قۆناغ بوو، ئێستا بەڕای من، وردە وردە دەکەوینە بەردەم ئەو قۆناغە کە دەبێت سەرکردە و حوکمڕان و دەسەڵاتدارەکان لە ئاستیدا بن.

هیچ خەباتێکی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بە زایەع نەچووە، هەموو قۆناغەکان ئەگەرچی لە رووکاریشدا دژبەیەک بن، بەڵام لەناوەڕۆکدا هەموویان کۆمەڵێک زنجیرەی نووسینەوەی یەک مێژوون، مێژووی بنیاتنانی دەسەڵاتێکی کوردستانی.

قۆناغی رێککەوتنی ستراتیژی بە هەموو کەموکوڕییەکانیەوە، قۆناغی تێپەڕاندنی وەیشوومەی شەڕی ناوخۆ بوو، قۆناغی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنیش بە هەموو باشی و خراپییەکانیەوە، قۆناغی تێپەڕاندنی قۆرخکاریی دەسەڵاتی سیاسی و نەبوونی سیستم و درکنەکردن بە کەموکوڕییەکان و قۆناغی هۆشیاربوونەوەی سیاسی بوو.

ئێستا لەپاش مسۆگەرکردنی دوو هێزە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم بۆ نزیکەی لەسەدا حەفتای کورسییەکانی پارلەمان لە دوا هەڵبژاردندا، ئیدی دەبێت دان بەوەدا بنێین کە جارێکی تر جڵەوی بەڕێوەبردنی دەسەڵات کەوتووەتەوە دەستی ئەو هێزانە.

بەپێی قۆناغەکەش بێت، ئیدی ئەمجارەیان چاکسازی دەبێت یەکەم ستراتیژی ئەو دوو هێزە بێت کە بە شەرعی و ناشەرعی، بە یاسا و بە پراکتیک،حوکمڕانیی هەرێمی کوردستانیان لەدەستە.

ئەمریکاییەکان رێگاکەیان بۆ خۆیان کورت کردووەتەوە و دانیان بەوەدا ناوە کە ئەگەر چاکسازییەک لە هەرێمی کوردستان بکرێت، دەبێت ئەم دەسەڵاتەی ئێستا بیکات، بۆیە زۆرترین فشاریان لە پارتی و یەکێتی کردووە کە دەبێت چاکسازی بکەن.

لەڕاستیدا ئۆپۆزسیۆن و ناڕازییەکانیش، جگە لە گەڕانەوە بۆ ساحەکەی خۆیان کە ساحەی ئۆپۆزسیۆن و چاودێریکردنی حکومەت و لێپرسینەوە و کاری پارلەمانییە، حەق نییە بیر لە هیچ بژارەیەکی دیکە بکەنەوە، ناشبێت خۆیان بە دۆڕاو بزانن، چونکە لانیکەم توانییان لە قۆناغی رابردوودا پرسی چاکسازی لە ئاستی تیۆریدا بکەن بە پرسێکی راستەقینە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



# نۆری پشوو دەدات

10 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net




